# رۆژنامە

www.rozhname.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 490 دووشەممە 15/ 6/ 2009 — نرخ 500 دینار — No.490 Mon 15/ 6/ 2009



**ئاگاداریەک لەکۆمپانیای بەرێزەوە بۆ سەرجەم شارەزایانی بواری بیناسازی**

کۆمپانیای بەرێز بانگێشتی هەموو ئەو کەسانە دەکات کەستافی کارکردنیان هەیە لەبواری دانانی ئاوو ئاوەڕۆو کارەباو کاشی و لەبغ و گەچکاری دەتوانن سەردانی کۆمپانیا بکەن بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بۆ خانووەکانی (گرین سیتی، بروا سیتی، چەرموو سیتی)

دووا بەروار بۆ وەرگرتنی تەندەر (٢٠/٦/٢٠٠٩) یە.

ناونیشانی وەرگرتنی تەندەر :

ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیای بەرێز/ سلێمانی.

کەمپی پرۆژەی چەرموو ستی/ چەمچەماڵ.

کەمپی پرۆژەی گۆران ستی/ هەڵەبجە.


# پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو بودجەی دواکەوتوو پەسەند دەکات

**بەرهەم خالید**

پاش ئەوەی هەفتەی پێشوو پەرلەمان نەیتوانی پڕۆژەیاسای بودجەی هەرێم پەسەند بکات، بڕیارە ئەمڕۆ گفتوگۆ لەسەر بودجەکە بکات، کە تێیدا هەردوو وەزارەتی دارایی‌و پلاندانان وەڵامی سەرنج‌و پێشنیازەکانی لیژنەکانی پەرلەمان دەدەنەوەو جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمان دەڵێت: « ئەگەر بزانین وەزارەتی دارایی‌و پلاندانان کاریان بەپێشنیازو سەرنجەکانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان نەکردووەو ناڕوونی‌و ناشەفافیەت هەبێت، ئێمە قسەی خۆمان دەبێت».

ماوەی (٥٠) رۆژە پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو) کوردستان، لەو ماوەیەدا جگەلە سێ دانیشتن، تائێستا پەرلەمان پڕۆژەیاساکەی پەسەند نەکردووە، هەرچەندە نزیکەی دوو هەفتەیە پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی یاسایی لەدەستداوەو بڕیارە ئەمڕۆ گفتوگۆ دەربارەی بودجەکە بکات.

جوتیار مەجید، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی‌و ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دەبوو پەرلەمانتاران شارەزاییان هەبوایە دەربارەی ڕاپۆرتی شەش مانگی یەکەم‌و دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ وردەکاری خەرجکردنی بودجەی تەواوکاریی ئەو ساڵە کە درەنگ درایە ئێمە، بۆیە بودجەکە دواکەوت، باسی لەوەشکرد، لیژنەکانی پەرلەمان ڕاپۆرتەکانی خۆیان خوێندەوە کە پێشنیازو سەرنجی تێدابوو بۆ وەزارەتەکان، کە هەندێکیان گۆڕانکاریی لەبودجەکەدا دەکات بۆ دووبارە دابەشکردنی بەسەرکەرتە جیاوازەکاندا، بۆیە ئەو ڕاپۆرتانە درانە هەردوو وەزارەتی پلاندانان‌و دارایی بۆئەوەی بیخوێننەوەو ئەگەر پێویستیکرد ئاڵوگۆڕ لەدابەشکردنی بودجەکەدا بکەن، کە ئەمڕۆ گفتوگۆ دەکرێت، وتیشی: «بڕی بودجەکە دیاریکراوە کە دابەشی بوارەکانی خزمەتگوزاریی‌و کارپێکردن لەخۆدەگرێت‌و هەر وەزارەتێک پێداویستییەکانی خۆی خستووەتەڕوو، بەڵام بڕی بودجەی حیزب‌و لایەنەکان دیارینەکراوەو تاڕادەیەک بودجەکە ئاشکرایە».

ئەو پەرلەمانتارە ئەوەشی خستەڕوو، کە ئەگەر بزانن وەزارەتی دارایی‌و پلاندانان کاریان بەپێشنیازو سەرنجەکانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان نەکردووەو ناڕوونی‌و ناشەفافیەت هەبێت «ئەوا ئێمە قسەی خۆمان دەبێت»، ئەوەی دەمێنێتەوە دەکەوێتە سەرشانی پەرلەمانتارەکان، کە ئایا تاچەند بەدواداچوون بۆ خەرجکردنی ئەو بودجەیە دەکەن‌و ئاماژەی بەگرنگی دەزگای چاودێری دارایی کردو وتی: «بەداخەوە تائێستا ئێمە دەزگایەکی چاودێری یەکگرتوومان نییەو چالاک نییە، بۆیە هیوامان وایە پەرلەمانی داهاتوو هەوڵی یەکخستنەوەی ئەو دوو دەزگایە بدات».

# «بڕیاری دەرکردنەکان بەمیزاجی دەسەڵات دەکرێن»

**رۆژنامە**

پسپۆڕێکی یاسایی‌و دەستووری لەوبڕوایەدایە دەرکردنی خەڵک لەسەر بیروڕای جیاواز دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو کارەیە کە دە ساڵ لەمەوبەر دەکرا، «بڕیارەکانیش لەسەر بناغەیەکی یاسایی نین‌و بەمیزاجی شەخسی‌و دەسەڵات ئەنجامدەدرێن».

د.شۆڕش حەسەن، پسپۆڕی یاسایی‌و دەستووریی دەڵێت: بڕیاری دەرکردنی خەڵکم لایە، ئاماژەی بەهیچ یاسایەک نەکردووە کە ئەو فەرمانبەرەی پێ فەسڵکراوە، بڕیارەکە شەخسییە دواتر کاتێک فەرمانبەرێک فەسڵدەکرێت، دەبێت سزاکە تەنیا خۆی بگرێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ، زیانی بۆ ماڵ‌و منداڵ‌و دایک‌و باوکی هەیە، «بەداخەوە ئەوە بەمیزاجی دەسەڵات دەکرێت، نابێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن فەسڵت بکات‌و خۆشی بگەڕێنێتەوە، پێویستە دەسەڵاتی قەزایی باوەشت بۆ بگرێتەوە، مافەکەت بۆ بگەڕێنێتەوە».

لەو چاوپێکەوتنەدا کە دەقەکەی لەلاپەڕە ٦و٧دا بڵاوبووەتەوە، د.شۆڕش حەسەن ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، ئەو ڕێگایانەی دەسەڵات گرتوویەتیەبەر «هەمووی پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دیموکراسییە، هیوادارین دەسەڵات بەخۆیدا بچێتەوەو سوود لەئەزموونی دەوروبەر وەربگرێت».

# (٨٥٪)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەک: پەرلەمان شەرعیەتی نەماوە

**رۆژنامە**




بەپێی ڕاپرسییەکی ئەلیکترۆنی کە سایتی ئاوێنە سەبارەت بەیاداشتی (٢٥) پەرلەمانتارو نەمانی شەرعیەتی پەرلەمان ئەنجامیداوە، (٨٥٪)ی بەشداربووان بڕوایانوایە پەرلەمان شەرعیەتی نەماوە.

لەڕاپرسییەکەدا پرسیارێک بەمشێوەیە خراوەتە ڕوو، بیست‌وپێنج ئەندامی پەرلەمانی کوردستان یاداشتێکیان دایە سەرۆکی پەرلەمان‌و پێیانوایە پەرلەمان ئێستا هیچ شەرعیەتێکی نەماوەو نابێت لەمەودوا یاسای نوێ دەربکات، ئایا ئەم یاداشتە لەجێی خۆیدایە؟

ڕاپرسییەکە کە بەپێی دوایین نوێکردنەوەی ئێوارەی دوێنێ زیاتر لە (٢٠٠٠) کەس بەشدارییان تێداکردووەو (٨٥٪)یان بە بەڵێ دەنگیان داوەو (١٢٪)یش بەنەخێرو (٢٪)یش بەنازانم دەنگیان داوە.

# هیچ پەرلەمانتارێکی پارتی ئیمزای لەسەر یاداشتی (٢٥) پەرلەمانتارەکە نەکردووە

**رۆژنامە**

هیچ پەرلەمانتارێکی لیستی زەرد (پارتی دیموکراتی کوردستان) ئیمزای لەسەر ئەو یاداشتە نەکردووە، کە (٢٥) پەرلەمانتار دایانە سەرۆکی پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو) کوردستان، بەمەبەستی پەسەندنەکردنی هیچ یاسایەک جگەلە بودجە.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو (٢٥) پەرلەمانتار لەفراکسیۆنی سەوزو کۆمەڵ‌و یەکگرتوو، یاداشتێکیان بۆ سەرۆکی پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو) بەرزکردەوەو داوایانکرد پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو) هیچ یاسایەک پەسەند نەکات جگەلە بودجە، چونکە بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارانە ئەم خولەی پەرلەمان لە ٢٠٠٩/٦/٤ چوارساڵی تەواوکرد، ئەمەش بەپێی یاسای پەرلەمانی کوردستان کۆتاییهاتنی خولی شەرعیی‌و قانوونی ئەم خولەیە.

بەپێی بەدواداچوونی ڕۆژنامە، ئەو ناوانەی کە ئیمزایان لەسەر یاداشتەکە کردووە، هیچ پەرلەمانتارێکی لیستی زەردی تێدانییەو پێشتر بەهەڵە ناوی ئەندام پەرلەمانێکی لیستی زەرد بڵاوکرابووەوە.


**شاری دیبەی وەرزشکاران**

کۆمپانیای بەرێز قیستەکانی کڕینی شوقەیەکی لەشاری دیبە کرد بە 10قیست، بەبڕی دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار دەتوانی گرێبەستی کڕینی شوقەیەک ئەنجام بدەیت جگە لەوە نیوەی پارەی شوقەکان لەسندوقی نیشتەجێبوون بەقەرزی 10ساڵ پێت دەدرێ.




شوقەکانی شاری دیبە

تەنها 140 شوقەیەولەمواصەفاتدا

بێ وێنەیە.

شوقەیەک بریتیە لە:

جێشتخانەو میوان و دوو نوستن و

بەلەکۆن و گەنجینە.

کەوانتەری مەتبەخ و سیستەمی

ساردو گەرم و دوو مەسعەدی تێدایە.

هەموو شوقەیەک سەوزایی و

پارکی کراوەی ئۆتۆمبێل لەخۆ دەگرێ

بۆ زانیاری زیاتر 07501530090


www.netewe.com

## براوەكانی ئەم هەڵبژاردنە ئەركیان قورس دەبێت

# چۆن حیزب لەحكومەت جیادەكرێتەوە؟

**فەلاح نەجم**

شیكەرەوە سیاسییەكان دەڵێن: براوەكانی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی كوردستان ئەركێكی قورسیان لەپێشە، چونكە دەبێت سەرجەم هەوڵەكانیان بخەنەگەڕ بۆئەوەی ئەزموونی «خراپ»ی پەرلەمانو حكومەتەكانی رابردوو تێپەڕێننو دووبارەیان نەكەنەوە، كە بەردەوام هەم دەسەڵاتی یاسادانانو هەم جێبەجێكردن لەژێر سێبەری پارتیو یەكێتیدا بوونو لەلایەن مەكتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبەوە ئاراستە دەكران، ئەندامێكی پەرلەمانیش پێیوایە، كە حیزب دەزگا حكومییەكان بەدەزگای خۆی دەزانێت.

پێشبینی دەكرێت هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی كوردستان كە بڕیارە لە (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا ئەنجامبدرێت، گەرمو گوڕترین هەڵبژاردن بێت لەماوەی پتر لە (١٥) ساڵی رابردوو، چونكە زۆرترین قەوارەی سیاسی بەشداری تێدادەكەنو بۆ یەكەمجارە لەكوردستان پێش هەڵبژاردنەكان كە قەوارەكان باس لەگۆڕانی سیستمی سیاسی دەكەن و كار بۆ جیاكردنەوەی حیزب لەحكومەت دەكرێت.

ڕێبین هەردی، نووسەرو شیكەرەوەی سیاسی، لەچاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ رۆژنامە دەڵێت: گرنگترین شت كە بەئاشكرا لەهەردوو هێزە سەرەكییەكەی كوردستاندا رەچاوی دەكەین، هەست نەكردنە بەبەرپرسیارێتیو رەفتاركردنە وەك هێزی رەها كە پێویستیان بەگەڕانەوە بۆلای هیچ كەس نییە، تابڕیارێك یان هەنگاوێك بنێن، «دوو هێزەكە بەمەیلی خۆیان رەفتار دەكەنو هیچ هێز یان دەزگایەك توانای چاودێریكردنو لێپرسینەوەیانی نییە. بگرە ئەوان خۆیان تاكە مەرجەعی لێپرسینەوەی دەزگاو بەڕێوەبەرێتیو كەسەكانن».

لەیادی دامەزراندنی (٣٤) ساڵەی یەكێتیدا سەرجەم فەرمانگەو دامەزراوە حكومییەكان دروشمی تایبەتیان بۆ یەكێتی نووسیبوو بەجۆرێك فەرمانگەكان وەك بارەگایەكی حیزبی وابوون، ئەو دروشمانەی ئەوان هەڵیانواسیبوو هەمان دروشمی كۆمیتەو مەڵبەندەكان بوون، كە ئەمە گوزارشتێكی روونە لەتێكەڵاوی حیزبو حكومەتو هەژموون (هەیمەنە)ی حیزب بەسەر دەزگاكانی دەوڵەتەوە، زانا رۆستایی، ئەندامی پەرلەمانی كوردستان جەخت لەسەر تێكەڵاوبوونی دەزگا حیزبی و حكومییەكان دەكاتەوەو دەڵێت: «حیزب فەرمانگە حكومییەكان بەموڵكی خۆی دەزانێت، ئەمە بەئاشكرا لەیادی (٣٤) ساڵەی دامەزراندنی یەكێتی نیشتمانیدا دەبینرا».

بەبڕوای ڕێبین هەردیش، پارتیو یەكێتی خۆیان دەبنە چاودێریكەری هەموو شتێكی وڵات «بەمشێوەیەش لەدۆخو هەلومەرجی ستەمكار نزیك دەبنەوە كە هەرسێ دەسەڵاتەكەی كوردستان دروستكراوی دوو حیزبەكەنو دانراوی راستەوخۆی ئەوانن». هەروەك ئەوەش دەخاتە بەرچاو كە «لەوڵاتی ئێمەدا حیزبو میلیشاو دەزگاكانی حوكم دەكەنو مەكتەبی سیاسی حیزبەكانیش گەورەترین دەسەڵاتی وڵاتن، تائەم دۆخەش بەمشێوەیە بەردەوام بێت، زیادەڕۆییو خراپ بەكارهێنانی دەسەڵاتو زاڵبوونی بەرژەوەندی تایبەتی بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا گەورەترو فراوانتر دەبێت».

لەسەروبەندی هەمواركردنەوەی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان رەخنەیەكی زۆر ئاراستەكرا، بۆئەوەی پەرلەمانی داهاتووی كوردستان وەك پەرلەمانی ماوە بەسەرچووی ئێستا گرفتاری دەستی حیزبەكان نەبێت، ئەندامانی پەرلەمان بتوانن وەك نوێنەرێكی راستەقینەی خەڵكی كوردستان بەئەركی نوێنەرایەتی خۆیان هەستنو نەبنە ئامرازو تەنیا فەرمانی حیزبەكان جێبەجێبكەن، بەتایبەت نووسەرو رۆشنبیرو پارتە بەرهەڵستكارەكانی پارتیو یەكێتی، بەرهەڵستی ئەوەیانكرد، كە دەبێت ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردرێن و هەڵبژاردن بەلیستی كراوە بێت، بۆ درێژەدان بەو سیستمە كۆنە كە پارتیو یەكێتی لیستی داخراویان پەیڕەوكردو پاساوی جیا جیاشیان بۆ مەشروعیەتی لیستی داخراو دەهێنایەوەو لەو چوارچێوەیەشدا نێچیرڤان بارزانی، سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان، رایگەیاند: «كوردستان سوودی لەشێوازی لیستی داخراو وەرگرتووە، بۆیە پەیڕەوی دەكەینەوە».

ڕێبین هەردی، پێیوایە: «لەپەیڕەوكردنی شێوازی لیستی داخراودا ئەوە ئاشكرایە ئەمجۆرە لیستە هەمیشە باڵادەستی حیزب بەسەر ئەندامەكانی پەرلەماندا دەسەپێنێتو هیچ توانایەكی سەربەخۆییان پێنابەخشێت، حیزبەكان دەیانەوێت هەمیشە ئەندامانی پەرلەمان ئەوەیان بیربێت كە ئەوە نەك خەڵك، بەڵكو حیزبەكان، ئەوانی كردووە پەرلەمانتار، بەمشێوەیەش گوێڕایەڵی ئەندامانی پەرلەمان بۆخۆیانو بڕیارەكانیان بەشێوەیەكی باشتر مسۆگەر دەكەن».

بەشێكی بەرچاو لەئەندامانی پەرلەمانی كوردستان دان بەوەدا دەنێن كە حیزب لەهەرێمدا یەكەم بڕیاردەرە، چونكە تائێستا هەرێمی كوردستان سیستمێكی سیاسی دیاریكراوی نییە، كە دەسەڵاتەكانی حیزب لەدادوەریو جێبەجێكردن جیابكاتەوە، ئەوەی حكومەتو پەرلەمانی ئێستای بەدەستە مەیلی گۆڕینی ئەو سیستمەی نییە.

پسپۆڕانی سیاسیش گۆڕانی سیستمی سیاسی دەبەستنەوە بە ویستی قەوارە سیاسییەكانی داهاتوو بۆ جیاكردنەوەی حیزب لە حكومەت. سەلاح كەریم، مامۆستای سیاسەت لەزانكۆی سەلاحەدین، پێیوایە؛ گۆڕانی سیستمی سیاسی دەكرێت، ئەگەر ئەو قەوارانەی دەسەڵات دەگرنەدەست بیانەوێت حكومەتو حیزب لەیەك جیابكەنەوەو وتیشی «ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە بۆ یەكەمجارە لیستێك بەشداری هەڵبژاردنەكان بكات، دەیەوێت حیزب لەحكومەت جیابكاتەوە»

**سەلاح كەریم، مامۆستای سیاسەت لەزانكۆی سەلاحەدین:**

## گۆڕانی سیستمی سیاسی دەكرێت، ئەگەر ئەو قەوارانەی دەسەڵات دەگرنەدەست بیانەوێت حكومەتو حیزب لەیەك جیابكەنەوە




# حیزبی توركمان ئیللی داوای هێنانی دووفیرقەی سەربازیی دەكات بۆ كەركوك

**ئارام جەمال**

**كەركوك**

لەسەروبەندی پێدانەوەی دۆسییەی ئەمنی شارەكانی عێراق لەدوومانگی داهاتوودا لەلایەن هێزەكانی فرەنەتەوەوە بۆ هێزە عێراقیەكان، حیزبی توركمان ئیللی داوای هێنانی دووفیرقەی سەربازیی بۆ كەركوك دەكاتو ئەندامێكی لیستی برایەتی كەركوكیش ئەو داوایە بە «نارەواو تاكلایەن» وەسفدەكاتو پێیوایە: «حیزب مافی داواكردنی هێزی سەربازیی نییە».

عەلی مەهدی، جێگری سەرۆكی حیزبی توركمان ئیلليو ئەندامی كوتلەی توركمان لەئەنجومەنی پارێزگای كەركوك بەڕۆژنامەی راگەیاند: «لەكاتێكدا نزیكدەبینەوە لەوەرگرتنەوەی دۆسییەی ئەمنی پارێزگاكان لەهێزەكانی فرەنەتەوەیەو بەهۆی ئەوەی ئەو هێزانەی ئێستا لەكەركوك سەر بە وەزارەتی ناوخۆنو هاوسەنگیان تێدانییە لەنێوان نەتەوەكانداو لەلایەن میلیشیای چەند لایەنێكی دیاریكراوەوە قۆرغكراون، لەو روانگەیەوە بەپێویستی دەزانین دووفیرقەی سەربازیی عێراقی لەناوچەكانی باشوورو ناوەڕاستی عێراقەوە بۆ كەركوك بهێنرێت».

وتیشی: «بۆ ئەو مەبەستە یاداشتێكمان ئاراستەی لیژنەی ئاسایشو بەرگری لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق كردووەو بەهۆی بارودۆخی تایبەتی كەركوكەوە داوامانكردووە رێگە لەتەقینەوەی بەرمیلە باروتەكە بگیرێت».

وەك بڕیارە لەم هەفتەیەدا بەرپرسانی باڵای هەرێمو ناوەند لەسەر زۆر پرسی هەڵواسراوی نێوانیان كۆببنەوە، لەنێوانیاندا كەركوك، لەبارەی ئەوەی تاچەند ئەو داوایە بۆ فشار خستنەسەر لایەنەكانە تاكو توركمانیش لەو كۆبوونەوانە بەشداری پێبكرێت، عەلی مەهدی رایگەیاند: «داواكەی ئێمە پەیوەندی بەوبابەتەوە نییە، بەڵام توركمان وەك پێكهاتەیەكی سەرەكی عێراق بەشێكە لەكێشەكانو بەبێ بەشداریو رەزامەندی توركمان هیچ رێككەوتنو دانیشتنێك لەسەر كێشەكانی عێراقو بەتایبەت كەركوك سەرناگرێت».

لەبەرامبەردا ئەندامێكی لیستی برایەتی ئەو داوایە بە «نایاساییو نارەوا» لەقەڵەمدەدات، لەوبارەیەوە ئاوات محەمەد بەڕۆژنامەی راگەیاند: «بەچ مافێك حیزبێك رێگە بەخۆی دەدات داوای هێنانی فیرقەی سەربازیی بۆ كەركوك بكات، خۆ ئەو حیزبە نەحیزبێكی سەربازییەو نەخاوەنی پسپۆڕیە لەبواری سەربازیدا، بەپێچەوانەوە كەركوك رەوشی ئەمنی زۆر باشەو پێویستی بەهێنانی دووفیرقە نییە، لەگەڵ ئەوەی سەرجەم لایەنەكان درك بەبوونی كێشەی كەركوك دەكەن».

ئاوات وتیشی: عێراق خاوەنی دامەزراوەیە لەسەرجەم بوارەكانداو بەپێی رێككەوتنی ئەمنی نێوان عێراق–ئەمریكا میكانیزمی جێگرتنەوەی ئەو هێزانە دیاریدەكرێتو «هێنانی دووفیرقەی سەربازیش بارودۆخەكە ئاڵۆزتر دەكات، چونكە كەركوك بەشێكە لەناوچە جێناكۆكەكانو لایەنی دیكەش وەك هەرێمی كوردستان بەشێكە لەلایەنی خاوەن ماف، هەرهەنگاوێكیش بنرێت دەبێت، بەڕەزامەندی ناوەندو هەرێم بێت نەك لەسەر داوای حیزبێكی توركمانی كە ئەو داوایە تەنیا گوزارشت لەبۆچوونی حیزبەكەیان دەكات».

## پسپۆڕێکی ئابووری:

# بودجەی هەرێم شەفافیەت‌و ئامانجی تێدانییە

**ستارە عارف**

پسپۆڕێکی ئابووری جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بودجەی هەرێم شەفافیەتی تێدانییەو ئامانجی دیاریکراو نییەو تەنیا بریتییە لەدابەشکردن بەسەر دامودەزگاو وەزارەت‌و پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمدا جێگری سەرۆکی لیژنەی داراییش لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات، «جۆری خەرجکردنی بودجە گرفتی تێدایەو پێویستە ئەندامانی پەرلەمان‌و دەزگای چاودێری بەدواداچوونی بۆ بکەن».

ئەیوب ئەنوەر سماقەیی مامۆستای یاریدەدەر لەکۆلێژی بەڕێوەبردن‌و ئابووری لەزانکۆی سەلاحەدین، ڕایگەیاند: بودجە لەهەموو دنیادا بریتییە لەخەمڵاندن، بەڵام بودجەی هەرێم بریتییە لەدابەشکردنی ئەو بودجەیەی لەبەغداوە دێت بەسەر وەزارەتەکانداو وەزارەتەکانیش دابەشی دەکەنەوە، وتیشی: «لەڕووی بابەتییەوە زۆرترین داهات لەهەرێمی کوردستاندا کۆدەکرێتەوە، بەڵام ئەو داهاتە نە دەچێتەوە بەغداو نە دێتە ناو بودجەی حکومەتی هەرێمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز بودجەی تەواوکاری‌و ژمێرەی کۆتاییش دیارنەبووەو بودجەی هەرێم لەدروستکردنی‌و چاودێریکردنییەوە هەمووی سەقەتەو شەفافیەتی تێدانییە».

بەڕای ئەیوب ئەنوەر سماقەیی ئەوە تەنیا بۆ چاوبەستەکی خەڵکە، «چونکە بودجەی هەرێمی کوردستان ناونیشان‌و ئامانجی نییەو ڕۆڵ‌و بەرپرسیارێتییەکان لەیەکتر جیانەکراونەتەوە، بۆیە هەرچۆنێکی بژمێریت شەفافیەتی وردەکاری تێدانییە». وتیشی: دەبێت لەبودجەدا ئامانج دیاریکراوبێت بەنموونە ڕێژەی بێکاریی‌و قەیرانی نیشتەجێبوون چەند کەمدەکاتەوەو کێشەی کارەبا بەچی شێوەیەک چارەسەر دەکات، بەڵام بودجەی هەرێم تەنیا بریتییە لەدابەشکردن بەسەر دامودەزگاو وەزارەت‌و پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمدا.

هاوکات جوتیار مەجید جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی ئاماژە بەوە دەکات، کە ناحاڵیبوونێک لەشەفافیەت هەیە کە «گرفتەکە پەرلەمان نییە». وتیشی: «جۆری خەرجکردنی بودجە گرفتی تێدایە، پێویستە ئەندامانی پەرلەمان‌و دەزگای چاودێری بەدواداچوونی بۆ بکەن‌و بزانن خەرج دەکرێت؟ ئێمە یاساکە پەسەند دەکەین‌و کاری پەرلەمانیشە بەدواداچوون بکات بزانێت ئەو پارەیە خەرجکراوە یان نا».

یەکێک لەو کێشانەی کە هەموو ساڵێک لەبودجەدا دێتە کایەوە پەسەندکردنی ئەو خەمڵاندنانەیە کە وەزارەتەکان وەک پێویستی میلاک‌و دارایی پێشکەش بەحکومەتی دەکەن تا لەبودجەدا بۆیان دابین بکرێت کە لەزۆربەی بارەکاندا لەلایەن حکومەتەوە کەمدەکرێتەوە.

لەوبارەیەوە ئەیوب ئەنوەر سماقەیی دەڵێت: «ڕاستە گوژمەی وەزارەت‌و فەرمانگەکان لێک جیاکراوەتەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە وەزارەتێک داوای ملیۆنێک دەکات‌و وەزارەتی داراییش چارەکی ئەو ملیۆنەی بۆ دابیندەکات‌و وەزارەتەکەش پێی ڕازی دەبێت، ئەگەر وەزارەتێک کاری بەو ملیۆنە هەیەو پێی ناگات، واتە کارەکانی بەڕێوە ناچێت، ئەگەر کاریشت پێی هەیەو بێدەنگی واتا گەندەڵیت‌و پێویستت بەو خەمڵاندنە نییەو هیچ وەزارەتێک پارەی خۆی بەتەواوی خەرج ناکات، ئەو پارەیەی کەڵەکە دەبێت بۆ کوێ دەچێت؟».

لەچوارچێوەی کێشەی کورتهێنانی بودجەی وەزارەتەکانیش لەبودجەی هەرێمدا، مەریوان نەقشبەندی بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «زیاتر لەیانزە ساڵە لەوەزارەتی ئەوقافم، بەڵام هیچ ساڵێک ئەو بودجەیەی کە پێویستمان بووەو ساڵانە دایدەنێین، بۆمان دابین نەکراوە، زۆرجار ئەو شتە سەرەکیانەی کە پێویستمان بووە، بۆمان دابین نەکراوە، کەچی لەسەر شتێکی لاوەکی پەسەندیانکردووەو بۆیان دابینکردووین».

وەزارەتی ژینگەش هەمان کێشەی هەیەو دارا محەمەد ئەمین وەزیری ژینگە وتی: «جگەلەوەی بودجەمان کەم بۆ دابیندەکرێت، ئەو بودجەیەی کەساڵانە بۆمان تەرخانکراوە کەمەو بەشی پێداویستییەکانمان ناکات، بەڵام کێشەمان لەگەڵیدا نییە، چونکە پڕۆژەمان لەبەردەستدا نییە».

# زیندانیە سیاسییەکان وەڵامی بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم دەدەنەوە

**سامان بەشارەتی**

سکرتێری پێشووی زیندانیە سیاسییەکانی کوردستان دەڵێت: ئەوەی ڕۆژێک شەقی نەخواردبێت‌و زیندانی نەبووبێت هەست بەئازارەکانی ئێمە ناکات، بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت: «نابێت کەسێک ڕۆژێک زیندانی کرابێت‌و شەقێکی خواردبێت حکومەتی هەرێم مووچەی بۆ دابین بکات».

لەدانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا لەسەر پەسەندکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم، لەناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان لەبەردەم پەرلەمانتاراندا ئاماژەی بەوەکرد مافی زیندانیە سیاسیەکان لەبودجەی ساڵی ٢٠٠٩ دیاری نەکراوەو هیچ مافێکیان نییە بەسەرحکومەتی هەرێمەوە.

بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند: «نابێت کەسێک ڕۆژێک زیندانی کرابێت‌و شەقێکی خواردبێت حکومەتی هەرێم مووچەی بۆ دابین بکات».

سەبارەت بەوقسانەی بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم، د.سەلیم ڕەشید ساڵح سکرتێری پێشووی کۆمەڵەی زیندانیە سیاسییەکانی کوردستان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەوەی ڕۆژێک شەقی نەخواردبێت‌و ئازارو ئەشکەنجەی نەدیبێت یان ڕۆژێک زیندانی نەبووبێت نرخی ئازارو ئەشکەنجەکانی زیندانیە سیاسییەکان نازانێت».

باسی لەوەشکرد، ئەوان چەند جارێک چوونەتە لای سەرۆکی پەرلەمان‌و ئەویش بەڵێنی پێداون کە داوا لەحکومەتی هەرێم بکات بۆئەوەی مافی زیندانیە سیاسییەکان بدات، بەڵام بەداخەوە دیارە ئەوەنەکراوە بۆیە بریکاری وەزارەتی دارایی وادەڵێت، «نەدەبوو پەرلەمان ڕێگەی بدایە ڕەشید تاهیر بەوشێوەیە سوکایەتی بەزیندانیە سیاسییەکان بکات».

د.سەلیم ڕەشید کە ئێستا مامۆستای زانکۆیە ئاماژەی بەوەکرد ئەم ئەزموونەی ئەمڕۆ هاتووەتە بەرهەم بەرەنجی شانی ئەو زیندانیە سیاسییانە بووە لەزیندانەکانی حکومەتی بەعسدا لەسەر کوردایەتی ئەشکەنجە دەدران، کەچی ئەمڕۆ «حکومەتی هەرێم ئەو مافەیشمان لێزەوت دەکات کە لەلایەن حکومەتی بەغداوە بۆمان دانراوە».

وتیشی: «حکومەتی بەغدا مووچەو مافەکانمان دەداتە حکومەتی هەرێم کەچی حکومەتی هەرێم پێمان ڕەوانابینێت بیدات پێمان».

ئەم قسانەی بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم لەکاتێکدایە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەڵێنی ئەوە درابووە زیندانیە سیاسییەکان مافەکانیان بۆ فەراهەم بکات‌و مووچەیان بۆ دابین بکات.

### ڕوونکردنەوەیەک لەپەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان KIPI

لەژمارە (٤٨٨) ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٩/٦/١١، لەلاپەڕە دوو، ڕاپۆرتە هەواڵێکی خاتو ستارە عارف بەناوی (٢٤ قەوارە سیاسییەکە دەتوانن لەکەناڵێکی حکومیەوە کارنامەکانیان ئاشکرا بکەن) بڵاوکراوەتەوە، لەبەرئەوەی ئەم ڕاپۆرتە هەواڵە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەئێمەوە هەیە ئەم ڕوونکردنەوەیە بەپێویست دەزانین:

پڕۆژەی ڕەخساندنی زەمینەی یەکسان بۆ هەر (٢٤) قەوارەی سیاسی تابەرنامەی هەڵبژاردنی خۆیان لەکەناڵێکی تەلەفزیۆنی پێشکەش بکەن، لەلایەن پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان KIPI و بەڕاوێژی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان‌و بەهاوکاری حکومەتی ئەمریکا لەهەولێر جێبەجێدەکرێت،و کۆمسیۆن کەناڵی نەوروزی بەگونجاو داناوە بۆ پەخشکردنی بەرنامەکان‌و چالاکیەکانی ئەو پڕۆژەیە.

بۆیە ئەوەی خاوەنی پڕۆژەکەیە کۆمسیۆنی هەولێرو پەیمانگەی کوردستان‌و حکومەتی ئەمریکایە، کەناڵی نەورۆز وەک کەناڵێکی حکومیی هاوکاری پەخشکردنی کاروچالاکیەکان دەکات.

لەلایەکی دیکەوە نووسراوە KIPI ڕێکخراوێکی ئەمریکیە، لەڕاستیدا ڕێکخراوی KIPI ڕێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانین‌و لەساڵی ٢٠٠٥-ەوە لەپێناوی گواستنەوەی ڕای هاوڵاتییان بەدەسەڵات‌و فراوانکردنی بازنەی بەشداری سیاسی لەکوردستان دامەزراوین‌و جگەلە وەرگرتنی پڕۆژەو کاری هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، پەیوەندی ڕاستەوخۆمان بەئەمریکاوە نییە.

پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسیەکان
KIPI

### ڕوونکردنەوە

لە هەواڵێکی لاپەڕە یەکی ژمارەی دوێنێی ڕۆژنامەدا بەناونیشانی (بە بیانووی لایەنگیری گۆڕان....) نووسراوە «بەهۆی لایەنگیریی‌و پەیوەندیی‌و پشتگیرییان بۆ لیستی گۆڕان، وەزارەتی ناوخۆ فەرمانی گواستنەوەی دوو ئەفسەری پۆلیس‌و......»، شێوەی ناوبردنی دەرکردنەکە لە هەواڵەکەدا مەبەستەکەی نەپێکاوەو دارشتنە ڕاستەکەی بەم شێوەیەیە، کە دەرکردنی ئەو کەسانەی لە هەواڵەکەدا ناویان هاتووە لەبەر ئەوە بووە کە پشتیوانی لیستی کوردستانییان نەکردووەو تۆمەتی ئەوەیان دراوەتە پاڵ کە لایەنگیریی لیستی گۆڕانن.

ڕۆژنامە

## داوادەکات ئاوارەکانی کەرکوک بخرێنە ئۆردوگاوە

# ڕەوتەکەی جەعفەری پێشنیازێک دەداتە لیژنەی مادەی (٢٣)


ئیبراهیم جەعفەری

**هەستیار قادر**

ڕەوتی چاکسازیی نیشتمانی عێراقی پێشنیازێک دەداتە لیژنەی مادەی (٢٣) بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک، تێیدا پێشنیاز دەکات ئاوارەکانی کەرکوک بخرێنە ئۆردوگای کاتییەوەو لیژنەیەکی تایبەتیش زیادەڕۆییەکان لە کەرکوکدا چارەسەربکات، ئەندامێکی کوردی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش ئاماژە بەوەدەکات، کە دووبارە گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ ئۆردوگا، «کارێکی زۆرەملێیانەیەو هەڵسوکەوتێکی بەعسیانەیەو قبوڵ ناکرێت».

بەپێی بەڵگەنامەیەک کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، کۆتایی مانگی ڕابردوو لقی کەرکوکی ڕەوتی چاکسازیی نیشتمانی کە ئیبراهیم جەعفەری، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق سەرکردایەتیی دەکات، پێشنیازێکی ئاراستەی لیژنەی مادەی (٢٣)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای ئەو شارە، تێیدا پێشنیازکراوە کە ئەو ئاوارانەی کە خانوویان لەسەر موڵکی دەوڵەت‌وخەڵکی دیکە بەشێوەی زیادەڕۆیی دروستکردووە لە کەرکوکدا، بخرێنە ئۆردوگای کاتییەوە کە لە قەزای چەمچەماڵ دروستبکرێت، هەمان ئەزموونیش لە پارێزگاکانی دیکە دووبارەبێتەوەو ئۆردوگا لە مەخمور بۆ ئاوارەکانی موسڵ‌و لە کفری بۆ ئاوارەکانی دیالەو لە دووزخورماتووش بەهەمانشێوە ئۆردوگا بۆ ئاوارەکانی تکریت دروستبکرێت.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە توندی جێبەجێکردنی بیرۆکەی کردنەوەی ئۆردوگای بۆ ئاوارە کوردەکانی کەرکوک ڕەتکردەوە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو هەنگاوە هی سەردەمی بەعسەو لە عێراقی نوێدا کاری زۆرەملێ ڕێگای پێنادرێت.

ئەو ئەندامەی لیستی برایەتی ئاماژەی بەوەشدا کە پێشتر لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا دانیشتووە کوردەکانی گوندەکانی کەرکوک بە زۆرەملێ ڕاپێچی ناو شاری کەرکوک کراون، لەبری پێشنیازی کردنەوەی ئۆردوگا بۆیان، دەبێت کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان بکرێت تا بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ‌و حاڵی خۆیان.

لە بەشێکی دیکەی ئەو پێشنیازانەی ڕەوتی چاکسازیی نیشتمانیدا، پۆستەکانی کەرکوک دابەشکراوە بەسەر پۆستی سیادی‌و ئەمنی‌و ئیداریی‌و پۆستە گشتییەکاندا، بۆ پۆستە سیادییەکانیش پێشنیازی کردووە کە هەرسێ لایەنی تورکمانی‌و کوردو عەرەبی پاڵێوراو بۆ پۆستەکانی پارێزگارو جێگری پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا پێشکەش بکەن‌و لە ئەنجومەنی پارێزگادا دەنگی لەسەر بدرێت‌و لە دانانی کەسی شیاویش لە پۆستە ئەمنییەکاندا، دوابڕیار بدرێتە وەزیری پەیوەندیدار.

سەبارەت بە ئەگەرەکانی لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشنیازانە، محەمەد مەهدی بەیاتی، ئەندامی تورکمان لە لیژنەی مادەی (٢٣)، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە کە ئەو پێشنیازەو چەند پێشنیازێکی دیکە لەلایەن تورکمانەکانەوە تەبەنی کراوە، خراوەتە نێو ئەو ڕاپۆرتەوە کە ئەوان وەک نوێنەری تورکمانەکان بۆ چارەسەری کێشەکانی کەرکوک، پێشکەش بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان کردووە.

لە کۆتایی پێشنیازی ڕەوتەکەی جەعفەریدا هاتووە، کە کۆمپانیا پسپۆڕەکان ڕاسپێردرێن بۆ دیاریکردنی زیادەڕۆییەکانی بارەگاو زەوییە سەربازیی‌و حکومیی‌و کشتوکاڵییەکانی کەرکوک، بەشێوەی زانستی‌و لە ڕێگای وێنەی مانگی دەستکردی‌و وێنەی ئاسمانی بە سیستمی (gis)، وەک چۆن هەمان هەنگاو لە لوبنان جێبەجێکراوە.

# ئەنجامی هەڵبژاردن توندوتیژیی دەخاتە سەرشەقامەکانی تاران



جەمال ئیختیار

## گومان لە پاکی هەڵبژاردنەکان

دوای ئـەوەی مەحمود ئەحمەدی نـەژاد وەکو بـراوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئێران راگەیەنرا، شەپۆلێکی نارەزایی ئێرانی گرتووەتەوەو هاوکات ناوەندەکانی ناوخۆی ئێران‌و دنیای دەرەوەش هـۆکـاری ئـەو نارەزاییە دەگەرێننەوە بۆ گومانی بەشێک لە خەڵکی ئەو وڵاتە لە پاکیی هەڵبژاردنەکان.

رۆژی هەینی (٦/١٢)، هاوڵاتییانی ئـێـران چوونە بـەردەم سندوقەکانی دەنگدان‌و رۆژی دواتر بردنەوەی مەحمود ئەحمەدی نەژاد راگەیەنرا، لەگەڵ ئەوەدا کە نارەزایەتی ئێرانی گرتووەتەوەو گومان خراوەتە سەر پاکیی هەڵبژاردنەکان.

ئـاژانـسـی (فـۆکـس نـیـوز) باسی لەوەکردووە، کە رێژەی بەشداریی خەڵک (٨٢٪) بووەو تائێستا رێژەی لەوشێوەیە لە ئێران تۆمارنەکراوە، چاودێرانی ئەمریکایی پێیانوایە، کە دەرنەچوونی کاندیدی ریفۆرمخواز میر حوسێن موسەوی لە شارەکەی خۆی‌و کەمتر (١٪) دەنگەکان بۆ مەهدی کەروبی، گومانی زۆر لەسەر پاکیی هەڵبژاردنەکان دروستدەکات، بەرپرسێکی گەورەی ئەمریکی بە فۆکس نیوزی وتووە کە ئەوە جێگای گومانەو بەرپرسانی ئەمریکی گومانیان خستووەتە سەر ئەو هەڵبژاردنەی کە تێیدا ئەحمەدی نەژاد وەکو براوە راگەیەنراوە.

سەرچاوەکانی هەواڵ باس لەوەدەکەن ئەحمەدی نەژاد زیاتر لە (٢٤) ملیۆن دەنگی بەدەستهێناوە، شتێکە کە لە مێژووی ئێراندا بێوێنەیەو لەکاتی خۆیدا خاتەمیش نەیتوانیبوو ئەو رێژەیە بەدەست بهێنێت.

ئیدارەی ئەمریکا داوای لە حکومەتی تاران کردووە کە کێشەکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئێران، بەشێوازی ئاشتیانە یەکلایی بکرێنەوە، وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا (هیلاری کلینتۆن) هیوای خواستووە کە ئاکامە راگەیەنراوەکان رەنگدانەوەی ویستی خەڵکی ئێران بووبێت.

کلینتۆن لەکاتی رۆیشتنی بۆ کەنەدا رایگەیاند، ئەمریکا لەنزیکەوە چاودێریی هەڵبژاردنەکانی ئێران دەکات‌و ئەگەرەکانی ساختەکاریی لەژێر چاودێریدان.

## ئاسۆی گفتوگۆی نێوان ئێران‌و ئەمریکا

دەربـارەی ئەگەرەکانی پەیوەندیی راستەوخۆو وتووێژ لەنێوان ئێران‌و ئەمریکادا، بۆچوونی زاڵ لەناو ئیدارەی ئەمریکیدا ئەوەیە، کە بە لێدانی ویست‌و هیوای ئێرانییەکان بۆ دیموکراسی، ئـێـران لەوانەیە هەست بە پێویستی بەدەنگەوەهاتنی دەستپێشخەرییەکانی ئۆباما بۆ دروستکردنی پەیوەندی، بکات.

لەلایەکی دیکەوە، ئاژانسی فرانس پرێس باس لـەوەدەکـات کە سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا، جیمی کارتەر رایگەیاندووە، هیچ گۆرانێک لە سیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر بە ئێران روونادات، لەبەرئەوەی دەموچاوەکان (کە مەبەستی لـە ئەحمەدی نـــەژادە)، هـەر ئەوانی پێشوون‌و نەگۆراون.

کارتەر بە دووری نازانێت کە ئەحمەدی نـــەژاد بە سیاسەتەکانیدا بچێتەوە، لـەبـەرئـەوەی کەمپەینی ئۆپۆزسیۆن لەم هەڵبژاردنەدا ئاماژەی بۆئەوە کرد کە دژایەتی بۆ سیاسەتەکانی ئەو لە زیادبوونە.

لەگەڵ ئەوەدا دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نـەژاد، پلانەکەی ئۆباما بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئـێـران ئـاڵـۆزدەکـات‌و لەوانەیە پەیامی زلهێزەکان بەمەبەستی هاندانی تاران بۆ گفتوگۆ، کە مەبەستی ئەوەیە ئێران هانبدات واز لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بهێنێت، نەگاتە تاران‌و ئەمە ئەگەرێکی تازەیە لەبەردەم خۆرئاوادا.

بەرپرسێکی بـاڵای ئەمریکا کە نەیویستووە نـاوی ئاشکرابکرێت، بە ئاژانسی رۆیتەرزی راگەیاند: پێشنیازی وتووێژی ئەمریکا لەگەڵ ئێران، مەسەلەی وەکو ئەفغانستان‌و عێراق‌و مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران لەخۆدەگرێت، بەمەبەستی چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەکان.

ئەو بەرپرسە داوای لە دەسەڵاتدارانی ئێران کردووە کە ئەو دەرفەتە لەدەست نـــەدەن، بەپێچەوانەوە مەسەلەکان خەریکە دەگەنە شوێنی باریک‌و کۆمەڵی نێودەوڵەتی چیتر بەرامبەر بە ئێران دەستەوەستان نامێنێت‌و بە هیچ شێوەیەک رێگا نادرێت کە کۆماری ئیسلامیی ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمیی.

ئەمریکا لە دەرفەتێک دەگەرێت کە بەشێوازی راستەوخۆ لەگەڵ ئێران گفتوگۆ بکات، لە کۆتایی ئەم مانگەدا دەرفەتێک هەڵدەکەوێت، ئەویش بەشداری هیلاری کلینتۆن، وەزیـری دەرەوەی ئەمریکایە لـە کـۆبـوونـەوەی گروپی هەشت وڵاتە پێشەسازییەکەی جیهان لەسەر ئەفغانستان، کە ئێرانیش بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بانگهێشت دەکرێت.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە، کە نیەتی راستەقینە لە هەر جـۆرە وتووێژێک، چارەسەری دیپلۆماسی مەسەلەکان نییە، بەڵکو بە سەیرکردنی ئەوەی کە ئەمریکا لە عێراق‌و ئەفغانستان گیریخواردووە، ئێران دەیەوێت لەژێر ناوی دانوستاندا، کات بۆ خۆی بکرێت‌و لە سێبەری ئاشتیخوازیدا بەرنامە ئەتۆمییەکەی تەواوبکات.

## یەکلایی کردنەوەی رێبەری باڵاو پێکدادانی پۆلیس‌و خەڵک

رێبەری باڵای ئێران، عەلی خامنەیی لە راگەیەندراوێکدا ئەو ئاکامانەی بە ئاکامی کۆتایی ئەژمارکردووەو هەڵبژاردنەکەی وەکو بەڵگەیەک بۆ شەرعیەتی دەسەڵاتی رژێـمـی ئـێـران حسابکرد، یەکلایی کردنەوەی هەڵبژاردنەکەش بە قازانجی نەژاد، هەندێک خەڵکی تورەکردووە.

ئاژانسی هەواڵی ئەسۆشەیتد پرێس دەگوازنەوە کە پێکدادان لەنێوان پۆلیس‌و لایەنگرانی میر حوسێن موسەویدا روویداوە، خۆپیشاندەران بە سووتاندنی تایەی ئۆتۆمبێل، گەورەترین نارەزایی چەند دەیەی رابردوویان دروستکردووە، کە مەبەستی سەرەکی نارەزایەتییەکان بەرەنگاری دەسـەڵاتـی رێـبـەری باڵا، عەلی خامنەییە، بەهۆی ئـەوەی کە ئەو بە راگەیاندنی ئاکامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردن، دەرگاکانی بەرووی خەڵکی ئێراندا داخستووە.

خامنەیی پیرۆزبایی لە خۆی‌و خەڵکی ئێران کردووە بۆ بەشداری زۆری خەڵک لە هەڵبژاردندا، پێش هەڵبژاردن پشتگیریی ئەحمەدی نـەژادی کردبوو، داوای لە خەڵکی ئێران کردبوو کە دەنگ نەدەن بەو کاندیدانەی کە لایەنگری خۆرئاوا دەکەن، چاودێران پێیانوایە، کە ئەو نارەزایەتیانە نابنە راپەرینێکی گەورە کە دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێران بخاتە مەترسییەوە.

ئاژانسی ئەسۆشەیتد پرێس باس لەوەدەکات، ئەگەرچی وەزارەتی ناوخۆی ئێران رایگەیاندووە کە ئەحمەدی نەژاد بە جیاوازییەکی گـــەورەوە بـراوەی هەڵبژاردنەکانە، بەڵام هاوکات کاندیدی ریفۆرمخواز میر حوسێن موسەوی کە وەکـو رکـابـەری سـەرەکـی نـەژاد سەیردەکرا، رایگەیاندووە، کە ئەو براوەی هەڵبژاردنەکەیەو بانگەشەی ئەوەی کـردووە کە «لەکاتێکدا هێشتا خەڵک لەسەرەی دەنگداندا ماوە، ناوەندەکانی دەنگدان بەرووی دەنگدەراندا داخراوە، لەگەڵ ئەوانەشدا بە قازانجی ئەحمەدی نەژاد لە سەرانسەری ئێران، دەستێوەردان کراوە لە هەڵبژاردنەکاندا»و موسەوی ئامادەیە بۆ بەرهەڵستکاریی ئاکامەکان.

مـــوســـەوی وتـــویـــەتـــی: «من هۆشداریی دەدەم کە ملنادەم بەم دەستبەسەرداگرتنەو خەڵک رێز لەوانە ناگرن کە بە ساختە دەسەڵات دەگرنە دەست، ئاکامە راگەیەنراوەکان خیانەتە لە دەنگەکانی خەڵک‌و من بە توندی بەرەنگاری ئەو ساختەکاریانە دەبمەوە، ئاکامی کـاری لەوشێوەیەی هەندێک لە بەرپرسەکان، پشتیوانی کۆماری ئیسلامیی لاواز دەکات‌و دیکتاتۆریەت دروستدەکات».

لـەگـەڵ ئـەوەشـدا کـە مـوسـەوی ئاکامەکانی قـبـوڵ نییە، داوای لە لایەنگرانی کـردووە هێمنی بپارێزن‌و بە بەرپرسیارێتییەوە رووبـەرووی مەسەلەکە ببنەوە.

ئاژانسەکە هـەروەهـا دەنووسێت کە هێنانی نارەزایەتییەکان بۆ سەر شەقامەکان‌و دروستکردنی هەرجۆرە هەرەشەیەک بۆ سەر رژێمی ئیسلامی، دەبێتە هۆی وەڵامدانەوەی خێراو توندی پۆلیس. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانی کەسانی چالاکی بزووتنەوەی چاکسازیی، بەربەستیان بـۆ دروسـتـدەکـرێـت‌و سنووردار کراون.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە بردنەوەی موسەوی هیچی لە مەسەلەکە نـەدەگـۆرێ، لـەبـەرئـەوەی ئـەو بە هەمانشێوەی ئەحمەدی نەژاد پشتگیریی لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دەکات‌و پێشتریش کاتێک سەرۆک وەزیر بوو، پشتگیریی فەتوای کوشتنی نووسەری بەریتانی سەلمان روشدی داوە، هەروەها ئیسرائیلی بە «تومۆری شێرپەنجە» ناوبردبوو.

مـوسـەوی پێشتر زیـاتـر بەڵێنی ریفۆرمی ناوخۆیی دابوو، لەبەرئەوەی لەتەواوی مەسەلە چارەنوسسازەکاندا کە مەسەلەی سیاسەتی دەرەوە یەکێکە لەوانە، مەرجەعیەتی ئایینی‌و رێبەری باڵا، عەلی خامنەیی خاوەنی دوابریارەو لەدەرەوەی ئەوەی کە ئەو دیاری دەکات، کەسی دیکە ناتوانێت شتێکی دیکە بڵێت‌و پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار زیاتر بە مەسەلە ناوخۆییەکان‌و هەندێک مەسەلەی کەمتر گرنگی سیاسەتی دەرەوە خەریکە، ئەگەر لەو بوارەشدا کارێک بکات یان هەڵوێستێک دەرببرێت، ئـەوە پێشتر لەلایەن رێبەری باڵاوە دیاریکراوە.



گرژی‌و ئاڵۆزیی دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئێران
فۆتۆ: AP

# کەرکوک هەڵوێست وەردەگرێت




ڕۆژنامە

دوای ئـەوەی حکومەتی عێراق بودجەی سـاڵی ٢٠٠٩ی پارێزگای کەرکوکی کەمکردەوە، بەرپرسانی ئیداریی شـارەکـە ئـەو هەنگاوە بە «غەدرێکی گەورە» دەزانن‌و لەهەمانکاتدا هەڕەشەی بێدەنگ نەبوون دەکەن.

ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٥ ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێراق بـودجـەی سـاڵی ٢٠٠٩ی عێراقی پەسەندکرد، کە بڕەکەی نزیکەی (٦٩) تریلیۆن دینارەو زیاتر لە (٢) تریلیۆنی بۆ پەرەپێدانی هەرێم‌و پارێزگاکان تەرخانکراوە، لە هەفتەی ڕابردووشدا وەزارەتی پلاندانانی عێراق بودجەی ئەمساڵی پارێزگای کەرکوکی دیاریکرد، کە بـڕەکـەی (٥٧) ملیار دینارە.

بـەوتـەی بـەرپـرسـانـی ئیداریی کەرکوک، حکومەتی عێراق لەڕووی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزارییەوە «شـارەکـەی پشتگوێخستووە»، بەوپێیەی کە تادێت بودجەی شارەکە کەمدەکرێتەوە.

بودجەی پارێزگای کەرکوک لە چـوارچـێـوەی پەرەپێدانی هەرێم‌و پارێزگاکاندا، لەساڵی ٢٠٠٨دا (١٩٣) ملیار دیناربوو، بەڵام بۆ ساڵی ٢٠٠٩ بە ڕێژەیەکی زۆر بودجە کەمکراوەتەوەو گەیشتووەتە (٥٧) ملیار دینار.

ئەحمەد عەسکەری، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لە ئەنجومەنی پارێزگای کـەرکـوک، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «حکومەتی عێراق تائێستا ئاوڕی لە کەرکوک نەداوەتەوە، لەکاتێکدا ئەرکی سەرشانی حکومەتی عێراقە کە خزمەتی شارەکە بکات». ڕێژەی دانیشتووانی کەرکوک ٤٪ی دانیشتووانی عێراقە، بەپێی پلانی ئەمساڵی حکومەتی عێراق، زۆر لەو ڕێژەیە کەمتر بودجە بۆ کەرکوک دیاریکراوە، ئەمساڵ بڕی (٥٧) ملیار دینار بۆ پارێزگای کەرکوک دانراوە.

کەمکردنەوەی بودجەی کەرکوک لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەرپرسانی شـارەکـەی نیگەرانکردووە، بۆ ئەو مەبەستەش لە چەند ڕۆژی داهاتوودا وەفدێکی ئیداریی، سەردانی بەغدا دەکەن.

بەرپرسی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەوبارەیەوە دەڵێت: «هەموو پێکهاتەکانی کەرکوک جەخت لـەوەدەکـەنـەوە کە حکومەتی عێراق غەدری گـەورەی لە کەرکوک کـردووە، بۆیە لە هەفتەی ڕابـردوودا ئەنجومەنی پارێزگای بڕیاریدا لیژنەیەک لە هەموو پێکهاتەکان دروستبکات‌و بچێتە بەغداو سکاڵای پێکهاتەکانی کەرکوک دەگەیەنێت، لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت‌و پەرلەمان کۆدەبێتەوە، ئەگەر گوێمان لێنەگیرا، ئەوا هەڵوێستی دیکەمان دەبێت».

داهاتی سەرەکی عێراق نەوتە، کە ڕۆژانـە نزیکەی (٢) ملیۆن بەرمیل دەنێردرێتە دەرەوە، کە نرخی بەرمیلێک بە (٥٠) دۆلار دانـراوە، لەو ڕێژەیە بەشێکی نەوتی پارێزگای کەرکوک دەگرێـتـەوە، لـەمـاوەی ڕابـردووشـدا سەرۆک وەزیرانی عێراق بڕیاریدا لە هەر بەرمیلێک نەوت (٠،٥) دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارەی کە نەوتی لێ دەنێردرێتە دەرەوە، تەرخاندەکرێت.

ئـەحـمـەد عـەسـکـەری ئـەوەشـی ڕاگەیاند: داهاتی سەرەکی عێراق نەوتەو بەشێکی زۆری هەناردەی نەوتی عێراق لە کەرکوکەوەیە، دەبوو ڕێژەیەک لە پـارەی نەوتی کەرکوک بۆ شارەکە تەرخانبکرایە، بەڵام لەڕووی ئاوەدانی‌و خزمەتگوزارییەوە خراوەتە دوای هەموو شارەکانی عێراقەوە، ئەوەش غەدرێکی زۆر گەورەیە کە لەو شارە کراوە.

## جێبەجێنەکردنی، زیانی کوردی تێدایە

# پەیماننامەی چاکسازیی سیاسی بۆ جێبەجێنەکرا؟

هەستیار قادر

نزیکەی (٧) مانگە حکومەتی عێراقی بڕیاری پەیماننامەی چاکسازیی سیاسیی پەرلەمانی جێبەجێنەکردووە، کە وەک مەرجێک بۆ پەسەندکردنی پەیماننامەی لێکگەیشتن دانـرا، پەرلەمانتارێکیش ئاماژە بەوەدەدات کە جێبەجێنەکردنی ئەو پەیماننامەیە، زیانی کوردی تێدایە.

لە (٢٧)ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨-ەوە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕێککەوتنی پێشوەخت لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، پەیماننامەی چاکسازیی سیاسیی پەسەندکرد، وەک مەرجێک بۆ دەنگدانی پەرلەمانتاران بە ڕێککەوتنی ئەمنیی عێراق- ئەمەریکا (سۆفا)، بەڵام تائێستا خاڵەکانی ئەو پەیماننامەیە جێبەجێنەکراون کە هەریەک لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی‌و بەرەی تەوافوق پشکی شێریان لە دانان‌و بەرژەوەندیی جێبەجێکردنیدا هەیە.

تەها لهێبی، ئەندامی بەرەی توافوق‌و لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە بەر لە حکومەتی عێراقی، لیستی هاوپەیمانی کوردستانی‌و تەوافوق‌و بەشێک لە لیستی ئیئتیلاف (ئەنجومەنی باڵا)، بەرپرسن لە جێبەجێنەکردنی پەیماننامەی چاکسازیی سیاسی، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەوپێیەی کە ئەو پەیماننامەیە زیاتر لەلایەن لیستی هاوپەیمانی‌و بەرەی تەوافوق‌و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییەوە دانـراوە، دەبوایە بـەوردی چاودێریی جێبەجێکردنیان بکردایەو گوشاریان بخستایەتە سەر حکومەتی نوری مالیکی بۆ جێبەجێکردن‌و کاراکردنی، بەڵام وادیارە ئەو لایەنانە نایانەوێت لە ئێستادا گوشاری زیاتر لەسەر نوێنەرەکانیان لە حکومەتدا دروستبکەن، هەرچەندە ئەو چاکسازیانەی لە پەیماننامەکەدا هاتووە مەرامی سیاسی لەدژی هیچ لایەنێک تێدانییە.

> **بەوپێیەی کە ئەو پەیماننامەیە زیاتر لەلایەن لیستی هاوپەیمانی‌و بەرەی تەوافوق‌و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییەوە دانـراوە، دەبوایە بـەوردی چاودێریی جێبەجێکردنیان بکردایەو گوشاریان بخستایەتە سەر حکومەتی نوری مالیکی بۆ جێبەجێکردن‌و کاراکردنی**

گرنگترین ئەو خاڵانەی کە لیستی هاوپەیمانی لە ناوەڕۆکی پەیماننامە (٨) خاڵییەکەدا بە دەستکەوتی خۆی دەزانـێـت ئـەگـەر جێبەجێبکرێت، بریتین لە (پابەندبوونی سەرجەم لایەنەکان بە دەستوورو ڕێگرتن لە بەکارهێنانی هێزی سوپاو پۆلیس لە کێشە ناوخۆییەکاندا، ڕێزگرتن لە دەسەڵاتی فیدراڵیی هەرێمەکان بەپێی دەستوورو یەکلاییکردنەوەی کێشە لەسەر دەرکردنی مەرسومی کۆماریی سەبارەت بە سزای لەسێدارەدان، وەک ئاماژەدانێک بۆ بەهەڵپەسێردراوی مـانـەوەی پـرۆسـەی جێبەجێکردنی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بۆ لەسێدارەدانی هەریەک لە عەلی حەسەن مەجیدو سوڵتان هاشم‌و سابر دووری لەسەر کەیسی هەڵەبجە).

بەبڕوای سامی ئەتروشی، ئەندامی لیستی یـەکـگـرتـووی ئیسلامی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشێک لە خاڵەکانی پەیماننامەی چاکسازیی نیشتمانی لە بەرژەوەندیی کـوردە، بەتایبەت مـادەی (١٤٠)و کێشەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدا، بەڵام ئاماژەی بەوەدا کە حکومەتی عێراقی پەیوەست نییە بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەوە، پەیوەندیش نیە لەنێوان جێبەجێکردنی ئەو پەیماننامەیەو ڕێککەوتنی ئەمنیی عێراق- ئەمریکاوە، بەوپێیەی بەوتەی ناوبراو «لە دەستووردا هیچ مادەیەک نەهاتووە کە ئاماژە بەوەبکات کە بڕیارەکانی پەرلەمان هاوتای یاسان‌و دەبێت جێبەجێبکرێت».

جێبەجێنەکردنی پەیماننامەی چاکسازیی سیاسی لەدوای زیاتر لە (٦) مانگ لە دەرکردنی لەلایەن ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی عـێـراقـەوە، دەچێتەوە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتن‌و بڕیارو تەنانەت ئەو مـادە دەستووریانەش کـە نـوێـنـەری لایـەنـە سیاسییەکان پێشتر لەسەری ڕێککەوتوون، بەڵام ئەگەرەکانی جێبەجێکردنی لەسەر ئەرزی واقیع بێهێزە.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، گەشبینە لەوەی لەمەودوا کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو پەیماننامەیە بکرێت، لەوبارەیەوە بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: لەگەڵ ئـەوەی ماوەیەکە ئەو پەیماننامەیە پشتگوێخراوە، بەڵام ئەگەر زۆرە لە مادەی ئایندەدا جێبەجێبکرێت، بەتایبەت کە سەرۆکایەتیی ئەیاد سامەڕایی لەوەتەی بووەتە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کار بۆ کاراکردنی ئەنجومەنەکە دەکات.

بـەرەی تەوافوقیش کە چەندین خاڵی گرنگی خۆی لە پەیماننامەی چاکسازیی سیاسیدا تۆمارکردووە، وەک هەمواركردنی دەستوورو ڕێگریان لە دەستێوەردانی دەرەکـی عێراق‌و هاوبەشی لە بەڕێوەبردنی وڵات‌و کاراکردنی یاسای لێبووردنی گشتی، کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەبەستێتەوە بە ئاستی جێبەجێکردنی ئەو پەیماننامەیەوە.

تەها لهێبی لە بـەرەی تەوافوق، ئاشکرایکرد، کە بەبێ جێبەجێکردنی پەیماننامەی چاکسازیی نیشتمانی، ئەگەرەکانی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کەمتر دەبنەوەو مانەوەیان لە عێراقدا بە گرنگ دەزانرێت، وتیشی: «دەنـگـۆی ئـەوە هەیە کە حکومەتی عێراق ڕاپرسی لەسەر ئەو ڕێککەوتنە ئەمنییە دوابخات، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە بەبێ جێبەجێکردنی پەیماننامەی چاکسازیی سیاسی، ناتوانرێت ئەو ڕێککەوتنە ڕاپرسی لەسەر بکرێت».

ژمـارە (490) دووشەممە 2009/6/15
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

# ایەتی پەیڕەوودەکەن‌و لە بەغداش دژایەتی دەکەن

تائێستا هیچ کەسێک نەیتوانیوە تۆمەت ئاراستەی سەرۆک بکات، بۆیە ئەوە خەلەلێکی گەورەیە لە دەستووری هەرێمدا، لە سیستمی سیاسیی هەرێمدا سەرۆک هەرکەسێک بێت، دەسەڵات لە وڵاتانی وەک وڵاتی ئێمە خۆشەویستە، بەجێناهێڵرێت، ئەگەر سنوورێک نەبێت لەوانەیە خراپ بەکاربهێنرێت‌و کارەساتی لێدەکەوێتەوە، دەستوور بۆ ڕۆژێک‌و دوو ڕۆژ دەرناچێت پێویستە حساب بۆ ئەم شتانە بکرێت.

**ڕۆژنامە: ئەو کەموکوڕیانە چین کە لە پرۆژە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمدا هەیە کە نووسراوەتەوە؟**

* بەشێوەیەکی گشتی ئەو کەموکوڕیانەی لە دەستووری هەرێمدا هەیە، دیارینەکردنی سنووری هەرێمی کوردستان‌و سیستمی سیاسییە، لە سەرەتای دەستوورەکەدا دەڵێت سیستمەکە پەرلەمانییە، دواتر دەڵێت سیستمەکە سەرۆکایەتییە، زیاتر بەلای سەرۆکایەتیدا شکاوەتەوە، هەروەها مەسەلەی پێکهاتە نەتەوەیی‌و ئایینەکان هەندێک لایەنی ئیسلامی دەڵێن با دەستووری هەرێم وەک دەستووری عێراق بێت، ئایین سەرچاوەی یاسادانان بێت، بەبڕوای من زۆر شتی درێژ لە دەستووردا هاتووە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، دەستووری هەرێم لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە داڕێژراوەتەوە، بەڵام پسپۆڕی هەموو بوارێک نەبوون، کاتێک دەستوور دەنووسیتەوە، پێویستە لەبواری ئابووری‌و یاسایی‌و نەتەوەیی‌و پەیوەندیی‌و دیموکراتی پسپۆڕت لەگەڵدا بێت، ئەوکات بخرێتە دەنگدانەوە، هەرچەندە دەستوور لەساڵی ٢٠٠٦-ەوە نووسراوەتەوە، بەڵام پەسەند ناکرێت، نازانم ئێستا بەنیازن پەسەندی بکەن، هیوادارم پەسەند نەکرێت‌و بمێنێتەوە تا خولی داهاتووی پەرلەمان‌و لیژنەیەکی پسپۆڕیی پێداچوونەوەی بۆ بکات، تازە هەر دواکەوتووە، ئەوکاتە بخرێتە دەنگدانەوەو پەلەی لێنەکرێت، دەستوور بۆ ساڵێک نییە تا پەلەی لێبکرێت‌و کەموکوڕی هەبێت.

**ڕۆژنامە: لە هەر وڵاتێک کە باس لە دیموکراتی دەکرێت، دەبێت یاسا سەروەربێت، ئایا لە هەرێمی کوردستان تا چەند یاسا سەروەرە؟**

* بەداخەوە یاسا سەروەر نەبووە، ئەگەر یاسا سەروەر بوایە، ژیانی خەڵک وەک ئێستا نەدەبوو، یەک دیناری حکومەت بەبێ یاسا سەرف نەدەکرا، ئەگەر سەیری ئەو وڵاتانە بکەین دەبینین سەرۆکی کۆمار دەهێننە بەردەمی دادگا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، وەزیرێک ناتوانێت بەئارەزووی خۆی پارە سەرف بکات، پارەی وڵات هەمووی دیارە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا یاسا سەروەر نەبووە لە هەموو بوارەکاندا، لە زانکۆ، لە دادگا، دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسا سەروەرنییە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن نابێت بەبێ بەندێکی یاسایی یەک کار بکات، نابێت هیچ لێپرسینەوەیەک بکات وەک ئەو نانبڕین‌و دەرکردنەی فەرمانبەرانی حکومەت، دەبێت دیاری بکرێت لەسەر چی دەرکراوە، هەرچەندە فەرمانبەر نابێت دەربکرێت بەبێ ئەوەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکهاتبێت، دەبێت دادگا کاری لەسەربکات، ئەگەر بەبێ دادگا فەرمانبەرێکت دەرکرد، ئەوە یاسا سەروەرنییە، هەر کارێک حکومەت بیکات، دەبێت پشت بە یاساکان ببەستێت، بەداخەوە ئێستا هاوڵاتییان لە سێبەرەکانی خۆیان دەترسن، لەبەرئەوەی لەلایەن ئاسایش‌و پۆلیس‌و پێشمەرگەوە، بەبێ ئەوەی هیچ بڕگەیەکی یاسایی هەبێت کاری خراپیان بەرامبەر دەکەن‌و کەرامەتیان دەشکێنن، نابێت لەسەر شتێکی سادە خەڵک کەرامەتی بشکێنرێت، بەداخەوە لێرە خەڵک بەبێ بڕیاری دادگا دەستگیردەکرێت‌و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

**ڕۆژنامە: ئەو هەڵبژاردنەی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەڕێوەبچێت، چۆن دەبینیت؟**

* هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان جیاوازییەکی زۆری دەبێت لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا، بەتایبەتی هەڵبژاردنی ٢٠٠٥، لەبەرئەوەی فرەلیستی هەیە، کۆمەڵێک لیستی تازە هاتوونەتە پێشەوە کێبڕکێ لەسەر کورسییەکانی پەرلەمان دەکەن، لەوماوەیەی کۆمسیۆن ناوەندەکانی تۆمارکردنی دەنگدەرانی کردەوە، خەڵکێکی زۆر بەرەو ئەو ناوەندانە دەچوون، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو هەڵبژاردنە زۆر جیاوازەو لەلایەن هاوڵاتییانەوە بەهەند وەردەگیرێت، ئەوەنییە یەک لیست لە هەڵبژاردنەکە هەبێت ڕکابەری بەهێزی نەبێت، ئەمجارە هیوای گۆڕانکاریی دەکرێت لە ڕێگای پەرلەمانەوە، کە بەرزترین دەزگای شەرعییەو بە هەڵبژاردن نوێنەرەکان دیاریدەکرێن‌و دەکرێت گۆڕانکاریی لەوێوە ئەنجامبدرێت.

**ڕۆژنامە: هەڵبژاردنەکە بە لیستی داخراوە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکرا، ئەمەش وادەکات ئەندام پەرلەمانەکان بەشێوەی تەزکیە بچنە پەرلەمان، بەڕای تۆ پەسەندکردنی لیستی داخراو بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

* لیستی داخراو ئازادیی بۆ دەنگدەر ناهێڵێتەوە، ئازادیی دەدات بە حیزبەکان بۆخۆی کێی بەدڵ بوو، دایبنێت، بەڵام ئەگەر بە لیستی کراوە بوایە، دیموکراتیتر دەبوو، پەرلەمانێکی کاراتریش دەبوو، ئەو کەسەی توانای نەبوایە نەیدەتوانی بچێتە پەرلەمان، ئەگەر بە لیستی کراوە بوایە، ئەوکاتە لیستەکان ئەو کەسانەیان کاندید نەدەکرد کە توانایان نییە، ئەوانەیان دەهێنا کە خۆشەویستن‌و خزمەتی خەڵکیان کردووە، بەڵام بەداخەوە پەرلەمانی کوردستان پاساوەکەی زۆر لە جێگای خۆیدا نەبوو کە بۆ لیستی داخراو هێنایەوە، هەمووی گرفتی تەکنیکی بوو، دەبوو بە لیستی کراوە بوایە، ئێستا لە لیستی داخراودا ئەندامەکان زیاتر پابەندی ڕێنماییەکانی حیزبەکان دەبن نەک داخوازییەکانی میللەت.

**ڕۆژنامە: ئەمە سێیەم هەڵبژاردنی پەرلەمانە لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت، لەو دوو پەرلەمانەی پێشوودا تاڕادەیەک میللەت لە ئەدای ئەندامانی پەرلەمان ناڕازیبوون کە وەک پێویست نەیانتوانیوە ببنە نوێنەری خەڵک، بەڕای تۆ پەرلەمانی داهاتوو چ جیاوازییەکی دەبێت لەگەڵ ئەوانی دیکە؟**

* ئەو پەرلەمانە هەرچەندە بە لیستی داخراو دەبێت، بەڵام جیاوازییەکی زۆری دەبێت، لەبەرئەوەی لیستی جیاوازو بەهێز هاتووەتە گۆڕەپانەکەوەو ململانێی یەکتر دەکەن، لەوانەیە خەڵکانێکی دڵسۆزو ئازا لەو لیستانە هەبن بێنە پەرلەمانەوەو گۆڕانکاریی دروستبێت مادام لیستی جیاواز هەیە، ئەگەر دەنگێکی کەمیش بەدەستبهێنن، ئەوا ئەوکاتە داکۆکی لە مافەکانی خەڵک دەکەن‌و دەنگێکی جیاواز دەبن، لەگەڵ بەرژەوەندیی میللەت یەکدەگرنەوە، لەوەیە هەر پرۆژەیەک لە بەرژەوەندیی میللەت نەبێت یاخود هەر یاسایەک پەسەندی نەکەن، ئەگەر لەو هەڵبژاردنەشدا نەتوانرێت سەد لەسەد گۆڕانکاریی بکات، ئەوە گۆڕانکاریی هەر دەکرێت لە داهاتوو ئەگەر ئەوانە لەو خولەی پەرلەمان بتوانن داکۆکی بکەن، ئەوا لە هەڵبژاردنێکی دیکەدا دەتوانن زۆرینە بەدەستبهێنن.

**ڕۆژنامە: ئەو پەرلەمانەی لە ٢٠٠٥دا هەڵبژێردرا، تا چەند توانیویەتی ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت؟**

**ئەگەر سەرۆکی هەرێم لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، خۆی لە پەرلەمان بە کەمتر نازانێت، دەڵێت من بە زۆرینەی دەنگی جەماوەر هەڵبژێردراوم، دەسەڵاتی فراوان دەبێت، لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتە فراوانەی هەیەتی لێپرسینەوە نییە، بەپێی یاسای سەرۆکایەتی تەنیا لەحاڵەتی خیانەتێکی گەورە یاخود هەڵگەڕانەوە بەپێچەوانەی ئەو سوێندەی دەیخوات لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، ئەو لایەنەش دیارینەکراوە کە کێ مافی ئەوەی هەیە ئەو تۆمەتانەی ئاراستە بکات**

* بەداخەوە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی پێشوو نەیانتوانیوە وەک پێویست نوێنەرایەتیی گەل بکەن، ئەرکی پەرلەمان بریتییە لە یاسادانان‌و چاودێریکردنی دەسەڵاتی تەنفیزیی‌و دارایی‌و دانانی بودجە، پەرلەمان لە چاودێریکردن‌و لێپرسینەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نەبووە، لە یاسادانانیش ئەو یاسایانەی دایناون هیچ بنەمایەکی دەستووریی نییە، دەبوایە پەرلەمان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەستوورێکی هەبوایە، لەسایەی ئەو دەستوورەدا یاساکان دابنرایە، نەک پەرلەمان بە ئیشتیهاداتی خۆی یاسا دابنێت، ڕاستە پەرلەمان دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە، بەڵام ئەو دەسەڵاتە کاتێک دەبێت یاسا دابنێت، دەستوورێکی هەبێت لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەدا یاسا دابنێت‌و بە میزاج نەبێت، بەداخەوە پەرلەمان وەک پێویست نەیتوانیوە ببێتە نوێنەری گەل، هیوادارین پەرلەمانی داهاتوو بتوانێت دەستوورێکی باش دابنێت بۆ هەرێمی کوردستان، نەک وەک پەرلەمانی ئێستا بەبێ دەستوور یاسا دادەنێت.

**پەرلەمان لە چاودێریکردن‌و لێپرسینەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نەبووە، لە یاسادانانیش ئەو یاسایانەی دایناون هیچ بنەمایەکی دەستووریی نییە، دەبوایە پەرلەمان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەستوورێکی هەبوایە، لەسایەی ئەو دەستوورەدا یاساکان دابنرایە، نەک پەرلەمان بە ئیشتیهاداتی خۆی یاسا دابنێت**

د.شۆڕش حەسەن

- ساڵی ١٩٥٩ لە کۆیە لەدایکبووە.
- ساڵی ١٩٨٢ کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدای تەواوکردووە.
- ساڵی ١٩٩٦ کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدینی تەواوکردووە.
- ماستەرو دکتۆرای لە یاسای گشتیدا هەیە.
- ماوەی چەند ساڵێک مامۆستا بووە لە زانکۆی کۆیە.
- ئێستا مامۆستای کۆلێژی یاساو رامیاریی زانکۆی سلێمانییە.

## د. شۆڕش حەسەن، پسپۆڕی یاسایی‌و دەستووریی:

# دەسەڵاتدارانی هەرێم لێرە سیستمی سەرۆک



**د.شۆڕش حەسەن، پسپۆڕی بواری یاسایی‌و دەستووریی، ئاماژە بەوەدەکات دەستووری هەرێم لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە داڕێژراوەتەوە، بەڵام پسپۆڕی هەموو بوارێک نەبوون‌و پسپۆڕی بوارەکانی ئابووری‌و یاسایی‌و نەتەوەیی‌و پەیوەندی‌و دیموکراتی تێدانەبووە، بەشێوەیەکی گشتیی ئەو کەموکوڕیانەی لە دەستووری هەرێمدا هەیە، دیارینەکردنی سنووری هەرێمی کوردستان‌و سیستمی سیاسییە، لە سەرەتای دەستوورەکەدا دەڵێت، سیستمەکە پەرلەمانییە، دواتر دەڵێت، سیستمەکە سەرۆکایەتییە، بۆیە پێی باشە دەستوور لەم خولەی ئێستای پەرلەماندا دەنگی لەسەر نەدرێت‌و دوابخرێت بۆ خولی داهاتوو.**

سازدانی: ئاری سابیر

**ڕۆژنامە: دەرکردنی ئەو خەڵکانە لەسەر بیروڕای جیاواز لە حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و بێدەنگی داواکاری گشتی، ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە، ئایە ئەمە مانای ئەوەنییە دەسەڵاتی حیزب بەسەر دادگاو داواکاری گشتیدا زاڵە؟**

* دەسەڵاتی قەزایی ئەو دەسەڵاتە سەربەخۆیە نییە، لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا فەرمانبەر بۆی نەبوو بچێت لە دادگا داوای مافی خۆی بکات، بەڵام لە دەستووری عێراقی‌و پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان‌و دەسەڵاتی دادوەریی لە کوردستان، هیچ بڕیارێک یەکلایی کەرەوە نییە دەتوانێت تانەی لێبدەیت، بەڵام ئەو لایەنە دیارینەکراوە کە تۆ داوای لێ تۆماربکەیت، کێشەکە لێرەدایە داواکاری گشتی بە کاری خۆی نازانێت، دەبوایە دادگایەکی ئیداریمان هەبوایە خەڵک بۆ ئەو کێشانە ڕووی تێبکردایە، لە ساڵەکانی (١٩٩٨- ١٩٩٩)دا خەڵک لەسەر بیروڕای جیاواز دەردەکرا لە هەرێمی کوردستان، هیچ شوێنێک نەبوو خەڵک ڕووی تێبکات، ئێستاش دووبارەبووتەوە، ئێمە نازانین ئەو دەرکردنە لەسەر چییە، ئەگەر سزایە دەبێت ڕوونبکرێتەوە، یاسایەک هەبێت ئەو سزایە پشتی پێببەستێت، دەبینین هیچ یاسایەک نییە دەسەڵات پشتی پێ ببەستێت، من بڕیاری دەرکردنی خەڵکم لەلایە، ئاماژەی بە هیچ یاسایەک نەکردووە کە ئەو فەرمانبەرەی پێ فەسڵکراوە، بڕیارەکە شەخسییە دواتر کاتێک فەرمانبەرێک فەسڵدەکرێت، دەبێت سزاکە بەس خۆی بگرێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ یەکێک فەسڵدەکەیت، تەنیا زیانی بۆ ماڵ‌و منداڵ‌و دایک‌و باوکی هەیە، بەداخەوە ئەوە بە میزاجی دەسەڵات دەکرێت، هیوادارین دەسەڵات بەخۆیدا بچێتەوە، نابێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن فەسڵت بکات‌و خۆشی بتگەڕێنێتەوە، پێویستە دەسەڵاتی قەزایی باوەشت بۆ بگرێتەوە، مافەکەت بۆ بگەڕێنێتەوە، لە دەستووردا ئاماژەی پێکراوە ئەگەر فەسڵکرایت، پێویستە دادبینی خۆت ببینی پێش دەسەڵاتی قەزایی، بەداخەوە کە لە کوردستاندا ئەوەنییە.

**ڕۆژنامە: زۆرجار لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە باسی دیموکراسی دەکرێت، دەڵێن کوردستان بکرێتە نموونە بۆ عێراق، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردندا دەبینین لەلایەن ئەو دەسەڵاتدارانەوە فەرمانی فەسڵکردنی ئاسایش‌و پۆلیس‌و فەرمانبەران دەردەکرێت لەسەر بیروڕای جیاواز، ئایا ئەو دیموکراسیە هەیە کە ئەوان باسیدەکەن لە هەرێمی کوردستان؟**

* هەندێک شت هەیە ڕێگای لێناگیرێت، بۆ نموونە لە سەردەمی سەدام حسێندا کەس نەیدەتوانی بە ئازادیی قسەبکات، کاتێک کە کۆتایی پێهات، بۆخۆی یەک مەتر زەوی نەبوو خۆی تێدا بشارێتەوە، بینیمان چی بەسەرهات، ئەو ڕێگایانەی دەسەڵات گرتوویەتیەبەر هەمووی پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دیموکراسیە، هیوادارین دەسەڵات بەخۆیدا بچێتەوەو سوود لە ئەزموونی دەوروبەر وەربگرێت، ئەوە هەڵبژاردن لە لوبنان ئەنجامدرا، بینیمان هەموو لایەک ئەنجامەکەیان قبوڵکرد، ئێمە نازانین بەیانی ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامەکەی چییە، بەڵام پێویستە هەموو تاکێکی کۆمەڵگا ئازادبێت‌و هەموو لیستەکان مافی خۆیان هەبێت، وەک یەک بانگەشەی هەڵبژاردن بکەن بۆخۆیان بەبێ سانسۆرو هەموو لایەک ئەنجامی هەڵبژاردن قبوڵ بکەین، ئەگەر ئەمڕۆش قبوڵی نەکەن چەند ساڵێکی دیکە دەبێت قبوڵی بکەن، لەماوەی شەڕی ناوخۆدا بارودۆخی هەرێم ئەو گونجانەی نەبوو کە ئۆپۆزسیۆن دروستبێت، ئێستا بارودۆخەکە گونجاوە، بۆیە چەند لیستێکی جیاواز هەیە لەوەیە ئەو جوڵانەوەیە نەتوانێت هەموو شتەکان بگۆڕێت، بەڵام دەستکەوتێکی باشی دەبێت، بۆیە پێویستە لەئێستاوە بەشێوەیەکی دیموکراسی مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکرێت.

**ڕۆژنامە: سیستمی سیاسیی عێراق پەرلەمانییە، دەبینین لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت دەرچووە کە سەرۆکی هەرێم لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان داوای ئەوە دەکەن سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، لە عێراق دژی دەوەستنەوە، ئایا ئەمە پێچەوانەی دەستووری عێراق نییە؟**

* بەپێی دەستووری عێراق، دەبێت دەستووری هەرێمەکان گونجاوبێت لەگەڵ دەستووری عێراق، گرنگترین بڕگە ئەوەیە کە سیستمی سیاسی عێراق پەرلەمانییە، لە هەرێم سیستمە سیاسییەکەمان تێکەڵاوە، بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆک لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، لە دەستووری هەرێمیشدا هەر ئەوە تەئکیدکراوەتەوە،

> **بەپێی دەستووری عێراق، دەبێت دەستووری هەرێمەکان گونجاوبێت لەگەڵ دەستووری عێراق، گرنگترین بڕگە ئەوەیە کە سیستمی سیاسی عێراق پەرلەمانییە، لە هەرێم سیستمە سیاسییەکەمان تێکەڵاوە، بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆک لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، لە دەستووری هەرێمیشدا هەر ئەوە تەئکیدکراوەتەوە، ئەوە پێچەوانەی ئەو سیستمەیە کە لە بەغدا هەیە**

ئەوە پێچەوانەی ئەو سیستمەیە کە لە بەغدا هەیە، ئێمە لە زۆر شوێن باسی ئەوەمان کردووە، نەک لەبەرئەوەی کەسێک ئێستا سەرۆکی هەرێمە، بەڵکو دەستوور بۆ دەیان ساڵ دەنووسرێتەوە، باشتروایە سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، ئەگەر لەلایەن پەرلەمانیشەوە نەبێت، بەتەنیا لەلایەن ئەنجومەنی شارەوانی‌و پارێزگاو پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، بەڵام هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن خەڵکەوە وەک فەرەنساو ئەمریکا، دەسەڵاتی زۆری هەبێت، وەک ئەو وڵاتانەی وەک ئێمەن کە بارودۆخی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیان خراپە، دەسەڵاتەکە بە خراپ بەکاردێت‌و بەرەو دیکتاتۆری دەچێت، تەجروبەش زۆرە کاتێک ئەمریکای لاتین ویستیان سیستمەکە سەرۆکایەتی بێت، یاخود لە هەندێک وڵاتی عەرەبی وەک میسرو تونس دەبینین بەرەو دکتاتۆریەت چووە، پیاوێکی وەک حوسنی موبارەک زیاتر لە (٢٠) ساڵ لەسەر حکومە، سەیرە مالیکی لەبەر بەرژەوەندیی خۆی دەڵێت با سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت‌و ئەو تەوافوقییە نەمێنێت بەشێوەی دیموکراتی بکرێت، ئەوەش لە زەرەری کەمەنەتەوایەتییەکانە، ئێمە لێرە دەمانەوێت سیستمەکە سەرۆکایەتی بێت لە بەغدا دژی دەوەستینەوە، ئەوەی لەبەغدا دەکرێت زیانی کوردی تێدایە، من دژی ئەوەم لە هەردوولا سیستمەکە سەرۆکایەتی بێت، باشتروایە پەرلەمان سەرۆک هەڵبژێرێت بۆئەوەی سەرۆک ئەوەندە دەسەڵاتی نەبێت، بەڵام بەداخەوە بەرپرسانی کورد لێرە ئەو یاسایە جێبەجێدەکەن‌و لە بەغدا دژایەتی دەکەن، دەبێت ئەوە ڕوونبکەنەوە کە بۆچی لێرە ڕازین لە بەغدا ناڕازین، لەکاتێکدا ئامانجەکە یەکە، ئەگەر پێوەرێک نەبێت ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆک خراپ دەسەڵاتەکەی بەکاردەهێنێت.

**ڕۆژنامە: کاتێک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، دەسەڵاتێکی زۆری دەبێت لە هیچ یاسایەکدا دیاریکراوە کێ لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات، یاخود نابێتە هۆی ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بێهێز بکات؟**

* ئەگەر سەرۆکی هەرێم لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، خۆی لە پەرلەمان بە کەمتر نازانێت، دەڵێت من بە زۆرینەی دەنگی جەماوەر هەڵبژێردراوم، دەسەڵاتی فراوان دەبێت، لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە فراوانەی هەیەتی لێپرسینەوە نییە، بەپێی یاسای سەرۆکایەتی تەنیا لەحاڵەتی خیانەتێکی گەورە یاخود هەڵگەڕانەوە بەپێچەوانەی ئەو سوێندەی دەیخوات لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، ئەو لایەنەش دیارینەکراوە کە کێ مافی ئەوەی هەیە ئەو تۆمەتانەی ئاراستە بکات، بۆ نموونە لە ئەمریکا سەرۆک لەلایەن ئەنجومەنی پیران‌و نوێنەرانەوە تۆمەتی ئاراستە دەکرێت، دوایی ئەنجومەنی سینات دێت دادگایی دەکرێت، چەندینجار ئەو دادگایانەمان بینیوە، بەڵام ئایا ئەو کارانە لێرە بەڕێوەدەچێت بەو بارودۆخەی هەیە؟ لە میسرو تونس،

# دیموکراسی‌و هەڕەشە



مەریوان عەلی*

هیچ پەیوەندییەک نییە دیموکراسی‌و هەڕەشە پێکەوە کۆبکاتەوە، لە هیچ کۆمەڵگایەکی دونیادا دیموکراسی‌و هەڕەشەو چاوسوورکردنەوەو تۆقاندن پێکەوە هەڵناکەن، ئەوکاتەی دیموکراسی سیستماتیزە دەکرێت، ئیدی هەڕەشە بە هەموو چەشنەکانییەوە ئاوادەبێت، دیموکراسیەتێک نییە بە هەڕەشەکردن پایەکانی خۆی قایم بکات، هەروەک هەڕەشەیەکیش نییە دیموکراسی بچەسپێنت، زمانی هەڕەشەو ڕاڤەی دیموکراسیانە لە هیچ خاڵێکدا هاوبەش نین! ئەوەندە هەیە هەڕەشە سەر بە کلتووری توندوتیژییەو دیموکراسی سەر بە کلتووری لێبووردنە.

ئەو پرسیارانەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەوەیە ئایا سەیرنییە لە شوێنێک زۆرترین باسی دیموکراسی‌و پێداویستی بوونی سیستمێکی سیاسیی دیموکراسیانە بکرێت، لە بەرامبەردا هاوڵاتییان‌و نووسەران‌و ئەدیبان‌و سیاسییەکان زۆرترین هەڕەشەیان لەسەربێت؟ ئایا سەیرنییە لەو شوێنەی زۆرترین پەخشان لەسەر دیموکراسی دەنووسرێت، دە هێندە هەڕەشە لەسەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەبن؟

بەڕاست دیموکراسی چ مانایەکی ڕاستەقینەی دەمێنێت، ئەگەر ئەم چەمکە پێیەکی لە سیاسەتدا نەبێت‌و ئەوی دیکەی لە دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا، ئەگەر دەستێکی لە گەورەترین تا بچووکترین خانەی کۆمەڵایەتیدا نەبێت‌و دەستەکەی دیکەی لە کلتووری ڕۆشنبیریدا، دیموکراسی تەنیا بەو گوتارە بریقەدارانە وەسفناکرێت کە لایەنەکانی دەسەڵات بۆخۆیانی دەڕازێننەوە، ئەوەی دیموکراسیەت لە دەسەڵاتدا دەچەسپێنێت، کۆتاییهاتنی ئەو سێبەری هەڕەشانەیە کە هەموو کونج‌و کەلەبەرێکی ژیانی گرتووەتەوە.

دیموکراسی چەمکێکە تەنیا لە ڕاڤەکاریدا مانا ڕاستەقینەکانی خۆی دەچنێتەوە، واتا دیموکراسی گوزارشت نییە لەو هوتافانەی دەسەڵاتداران دەیکێشن‌و بۆنی خوێن‌و توندوتیژیی لێدێت‌و بەناوی دیموکراسیەتەوە پێمان دەفرۆشنەوە! ئەوەندەی دیموکراسی لەسەر مافەکانی هاوڵاتیبوون‌و یەکسانی‌و چانسی وەکیەکی ڕادەوەستێت، نیو هێندە گوزارشت نییە لەو وتارانەی لە هەر ڕۆژنامەیەکدا دەنووسرێت، باسی تێکەڵەکردنی شەقامێک‌و دامەزراندنی بۆرییەکی زێراب‌و کردنەوەی بنکەیەکی تەندروستی‌و دابەشکردنی هەزار پارچە زەوی‌و ڕاکێشانی کارەبا بۆ گوندێک‌و... نە لە دوور نە لەنزیک پەیوەندی بە دیموکراسیەتەوە نییە، ڕاستییەکەی ئەوانەی ئەرکە سەرەکییەکانی حکومەت بە داهێنان‌و دیموکراسی دەشوبهێنێت، ئەوەی وتاری نێو ڕۆژنامەکان‌و دەستوەردانی حیزب لە هەموو جومگە سەرەکییەکانی ژیان پێکەوە بە دیموکراسیەت ناودەبات، هیچ نییە جگە لە کۆمیدیایەکی ترسناک نەبێت! فەزای دیموکراسی ڕاستەقینە لێوانلێوە لە ڕەخنەو ناڕەزایەتی دەربڕین‌و ڕوونی نێو دامەزراوەکانی دەسەڵات، یان کۆمەڵگایەک دەتوانێت بڵێت چمکێکی دیموکراسیەت جێبەجێدەکەم کە تا ئەندازەیەکی زۆر کراوەبێت لەبەردەم هەموو ئەو ئەگەرانەی سەرتاپای دەسەڵات دەخاتە مەترسییەوە، پێچەوانەکەشی! ئەوکاتەی دەسەڵات سەرتاپای کۆمەڵگا دەخاتە مەترسییەوە، ئەوە هیچ نییە جگە لەوەی دەسەڵات لەو کۆمەڵگایەدا هەزار فرسەخ لە دیموکراسیەتەوە دوورە.

دیموکراسیەت پێچەوانەی هەڕەشەیە! لە سیستمی دیموکراسیدا ئاسانتر زانیارییەکان بەدەست دەهێنرێت، بودجەی وڵات بە ڕوونی خەرجدەکرێت، سەرفیاتی فەرمانبەرانی حکومەت دیاریکراو دەبێت، چانسی وەکیەکی پلەو پۆست‌و خوێندن‌و تەندروستی‌و یاساو دەنگدانی ئازادو ڕێگانەگرتن لە دروستبوونی گروپی کارای مەدەنی‌و سیاسی، لێپرسینەوەی بەرپرسەکان، پاراستنی مافی کەمینەکان، یەکسانی جەندەری‌و نزیککردنەوەی بژێویی چینەکانی کۆمەڵ... ئەمانە ڕستێک پێدراون کە مانا بە دیموکراسیبوونی کۆمەڵگاو دەسەڵاتێک دەبەخشن! لەپاڵ ئەمەشدا هیچ چەمکێک نییە هێندەی دیموکراسیەت پێویستی بە نۆژەنکردنەوەو تەفسیرکردنی نوێ نەبێت!

ئایا لە کۆمەڵگایەکدا زیاد لە دەسەڵاتێک هەبێت، دیموکراسی بوونی هەیە؟ ئایا حیزب لەسەروو یاساو دەسەڵاتەوە بێت دیموکراسی بوونی هەیە؟ ئایا ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بتوانێت ڕاگری کۆلێژو پەیمانگاو بەڕێوەبەری گشتی‌و بەڕێوەبەری خوێندنگایەک لابەرێت، دیموکراسی هەیە؟ ئەگەر حیزبەکان چەکدارو ئاسایش‌و هێزی نهێنیان هەبێت، دیموکراسی هەیە؟ هەموو ئەو بانگەشانەی بۆ دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە دەکرێت لەبەردەم سادەترین ئەزموونی سەر ئەرزی واقیع دەکەون، لەساتێکدا جیاوازییەکان نەتوانن ئازادانە گوزارشت لە خۆیان بکەن! هەموو ئەو تەفسیرانەی بۆ دیموکراسی دەکرێت لەبەردەم سەرەتاییترین تەماشاکردندا دەکەوێت، کاتێک ئەندامانی پەرلەمان بە ئاماژەی مەکتەبی سیاسییەکان دەست بەرزبکەنەوە! ئەو هێزانەی کار بۆ قۆرغکردنی بازاڕو ڕەزیلبوون‌و ملکەچی هاوڵاتییان دەکەن، هێزێک نین نەواتی دیموکراسیەت بن، بەڵکو ئەو هێزانە نەوەی ڕاستەقینەی ستەمکارین، لە سەردەمێکەوە دێن سەردەمی خۆیان نییە، لە ئایدیایەکەوە دەخوێنن دەنگی ڕاستەقینەی خۆیان نییە!

دروست ئەوانەی هەڕەشەی نانبڕین‌و دەرکردن‌و دوورخستنەوەی هاوڵاتییان دەکەن، هێزێک نین لەسەر مۆراڵی دیموکراسی پەروەردەکرابن، ئەوانە هێزێکن لەسەر هەڕەشە دەژین، لەسەر تۆقاندن نشونمادەکەن، ئەوانەی دەرگاکان بەڕووی گۆڕان‌و ئاڵوگۆڕو دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا دادەخەن کێن؟ جگە لە نەوە بچووکەکانی بزووتنەوەیەکی فاشیزمانەی مکیاجکراو بە دیموکراسی، ئێمە لەنێو تەم‌و خوبارێکی نادیاری دیموکراسی‌و توتالیتاریدا هەناسە دەدەین، بڕێکمان وادەزانین لەنێو سیستمێکی دیموکراسیانەدا دەژین بەوەی شتێک هەیە شەش حەوت ساڵ جارێک ناودەبرێت بە دەنگدان، ئەوەشی بەقوڵی تەماشای بارودۆخەکە دەکات، پێدەزانێت ماشێنێکی تۆتالیتاری ترسناک بەڕێوەیەو جگە لەوەی هەڕەشەی جدیی لە هەموومان دەکات، لە هەمانکاتدا هەڕەشەی جدیشە بۆ سەر هەموو ئەگەرێک کە دیموکراسی بکاتە ئەمری واقیع.

> **دروست ئەوانەی هەڕەشەی نانبڕین‌و دەرکردن‌و دوورخستنەوەی هاوڵاتییان دەکەن، هێزێک نین لەسەر مۆراڵی دیموکراسی پەروەردەکرابن، ئەوانە هێزێکن لەسەر هەڕەشە دەژین، لەسەر تۆقاندن نشونمادەکەن، ئەوانەی دەرگاکان بەڕووی گۆڕان‌و ئاڵوگۆڕو دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا دادەخەن کێن؟**

پرسیاری ئەوەی بۆ لەماوەی (١٨) ساڵی حوکمڕانیدا ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە دروستنەبووە، بڕێکی زۆری وەڵامەکەی ڕووناکی دەخاتەسەر ئەو ڕووبەرە تاریکانەی ئەم ماشێنە تۆتالیتارییە لەژێڵاوە پیا تێدەپەڕێت، هەر هەنگاوێکی کردووە بە سەد بۆئەوەی زوو هەموو سوچ‌و قوژبنێکی ئەم کۆمەڵگایە بتەنێتەوە، ئەوەی ئێمە بڵێین دیموکراسخوازین، ئەوەیە دەبێت لەنێوان دیموکراسی‌و هەڕەشەدا هیچ ڕایەڵێکی نهێنی نەمابێت، هەروەها لەنێوان دیموکراسی‌و گەندەڵی، دیموکراسی‌و بێ یاسایی، هیچ جۆرە پەیوەندییەک نەمابێت، دیموکراسی سیستمی ڕێکخستنە لەسەر بنەماکانی یاساو ڕێساکانی مافی مرۆڤ‌و ئازادیی‌و ڕێزگرتن، سیستمێکە بێ هەڕەشە، بەڵام ئەو دامەزراوانەشی تێدایە کە لێپرسینەوەو چاودێریکردن ئەنجامدەدەن، دروست دیموکراسی سیستمی لێپرسینەوەی ئەو کەسانەیە کە لە هەرەمی دەسەڵاتەوە هەڕەشە دەخولقێنن، نەک سیستمەکە هەڕەشە بخولقێنێت! دیموکراسی ئەگەر دەرکەوتەیەکی ڕاستەقینەی هەبێت، ئەوا کورتناکرێتەوە بۆ ئەو چەند چرکەیەی دەنگدەر بە ئازادانە دەنگی خۆی دەخاتە نێو سندوقەکانی دەنگدان، بەڵکو دیموکراسی بریتییە لە چاودێریکردنی دەسەڵات، بریتییە لە هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵات، نەک هەڕەشەی دەسەڵات بۆ سەر هاوڵاتییان.

مۆراڵ لە سیستمی دیموکراسیدا پابەندی هیچ جۆرە ئایدۆلۆژیاو ئایین‌و ڕەوتێکی سیاسی نابێتەوە، بەڵکو مۆراڵ لە دیموکراسیدا گرێدراوە بە پابەندبوون بەو هەڵسوکەوت‌و هەڵوێستانەی بڕێکی زۆر ئازادیی‌و لێبووردەیی‌و ڕێزی بەرامبەرەکەی قبوڵ دەکات، ئەوە ڕاست نییە بڵێین دیموکراسی بریتییە لە کۆکردنەوەی جیاوازییەکان لەژێر یەک چەتردا، بەڵکو ئەوە ڕاستە لەژێر ئەو چەترەدا نەفەسی ژیانی توخمە جیاوازەکان چۆن درێژە دەکێشێت؟ چۆن لەژێر ئەو چەترەدا ئازادانە بەکۆی جیاوازییەکانمانەوە دەژین؟

دەشێت جیاوازیی هەبێت، بیروبۆچوونی دژبەیەک هەبێت، بەڵام لە کوێدا ئەم جیاوازیانە نامرن‌و بە تەندروستانە دەتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن؟ لە کوێدا فڕێنادرێنە دەرەوەی بازنە، خاڵی جەوهەریی لەم مەسەلەیەدا پێکەوەژیانی توخمە جیاوازەکانە بەمەرجی وەکیەکی چانسی هەناسەدان لەژێر چەترەکەدا.

ڕەنگە دیموکراسی تەنیا لەنێو پەڕەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارو قەڵەمی ڕۆژنامە چاو قایمەکاندا خۆی نەبینێتەوە... بەڵکو لەو ساتەدا دیموکراسی دەتوانێت بەرجەستەبکرێت، کە نووسەران‌و ڕۆژنامەنووسان‌و ڕووناکبیران لەژێر هیچ جۆرە فشارو هەڕەشەیەکی مادیی‌و مەعنەویی‌و جەستەیدا نەبن! دیموکراسی لەو شوێنانەدا پێناس بەخۆی دەبەخشێت، کە هاوڵاتییان هەست بە وەکیەکی بکەن بەرامبەر یاسا، ئەوەی وامان لێدەکات سیستمێک ناوبنێین بە دیموکراسی، ساتی کۆتاییهاتنی ئەو هەڕەشە ناوکۆییانەیە کە لە هەناوی ئەو سیستمەدا دروستدەبن، کۆتاییهاتنی هێزی ئەو دەسەڵاتانەیە کە هەڕەشە لە ئازادیی دەکەن، ئەوەندەی دیموکراسیەت سەدەی کۆتاییهاتنی تاکڕەوییە، دەیان هێندە سەدەی کۆتاییهاتنی تواناکانی ئەو هێزانەیە کە دەشێت لە قوڵایی کۆمەڵگادا جارێکی دیکە لەدایک ببنەوەو هەڕەشەی جدیی لە کۆی تاک‌و جڤادە ئازادیخوازەکان بکات.

* سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆشنگەری

# خێرە وا بەپەلە هاتوونەتە مەیدان؟



سەیفەدین مەنمی

هاوپەیمانی یەکێتی‌و پارتی بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەوەندەی سوودمەندی تێدایە چەند ئەوەندە بە زیانی خۆیان دەشکێتەوە، چونکە شەڕی ناوخۆی کوردستان‌و تیاچوونی هەزاران لاوی ئەم میللەتە ستەمدیدەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەرپرسیارێتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە سەردەمی شاخدا بەبێ هیچ هۆیەکیش تەنیا لەپێناو ململانێی دەسەڵاتی خۆیان و گرتنی گردێک یان ناوچەیەک یان بۆ پاوانکردنی سنووری پارێزگایەک سەدان گەنجی ئەم کوردستانەیان بە کوشت داوەو سەدان خێزانیان ڕەشپۆش و جەرگ سووتاو کردووەو سەدان بێوەژنیان خستووەتەوە، جگە لەوەی سەدانی دیکەش لە دەست گیرانی ئەو قوربانیانە ماڵوێران‌و دڵ بەستوو بوون، باشە ئەمانە بۆچی کران و لەپای چی کران، ڕۆژانێک بۆ یەکتریان شاربەدەر دەکردو کەمینیان بۆ یەک دەنایەوەو دەسەڵاتی ناوەندو سوپای تورکیاو ئێرانیان بۆ پشت شکاندنی یەکتری بەکاردەهێناو ئەنجامەکەشی تیاچوون و شەهید بوونی منداڵانی هەژارو بێ دەرامەتی کوردستان بوو. ئەی باشە ئێستاش هەمان دوو حیزبی ئەو سەردەمە نین؟ ئەی هەمان سەرکردەکانی ئەو زەمەنە ڕەش و نەگریسەی شەڕی ناوخۆ نین؟ ئەی باشە ئێستا ئەو هەموو هاوسۆزی‌و هاوپەیمانی‌و دڵسۆزییە چی دەگەیەنێت جگە لە گاڵتەجاری بە هەستی کەسوکاری شەهیدانی یەکێتی و پارتی؟ دوێنێ ئەوەیان لەچی و ئەمڕۆ ئەمەیان لەچی؟

ئەگەر کەسوکاری شەهیدانی هەردوولا تۆزێ بە خۆیاندا بچنەوەو سەرنجی ئەم سیناریۆیەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بدەنەوە، هەق نییە چیتر بەم چەواشەکارییانە بڕوابکەن، چونکە ئەم دوو لایەنەو لە ئێستادا تەنیا بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوەی بەستوونەتەوە، ئەویش بەرژەوەندی دەسەڵات‌و دابەشکردنی بودجە کە هیچیان بەبێ یەکتری ناتوانن بیخۆن لەبەر ئەوە ناچاربوون ڕێکەوتنێکی ستراتیژی ببەستن‌و ببنە لەمپەرێک لە بەرامبەر هەر گۆڕانکارییەک‌و هەر پێشکەوتنێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری، ئێستاش بۆ پاراستنی هەمان دەسەڵاتی ستراتیژی هاوپەیمانی، پەرلەمانی پێکدەهێنن بۆ زیاتر قۆرغکردنی ئەو دەسەڵاتە فراوانخوازیەی کە ساڵانێکە ئەم میللەتە ستەمدیدەیە بە دەستیانەوە دەناڵێنن. سەیر لەوەدایە ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە هەتاوەکو ململانێکان چڕ نەبوونەوەو لیستەکان نەبوونە ئەمری واقع، بەرنامە خزمەتگوزاریەکانیان نەخستە خزمەتی خەڵکەوە، ئەوەتا ئێستا زۆر بە پەلەقاژەو شڵەژانەوە کەوتوونەتە قیرتاوکردنی شەقام‌و نمایشکردنی شوقەو بینا بەرزو ڕازاوەکان، بەبێ ئاوڕدانەوە لە وێرانیی گوندەکان‌و تەپوتۆزی هاوین‌و قوڕو چڵپاوی گەڕەکە میللییە هەژارنشینەکان لە وەرزی هاوین‌و زستاندا. بێ ئاوڕدانەوە لە گەنجان و دامەزراندنی دەرچووەکانی ساڵەکانی ٢٠٠٧و ٢٠٠٨ ئەی باشە ئەگەر مەسەلەکە تەنیا تایبەت نییە بە پرۆسەی هەڵبژاردن‌و بانگەشەی هەڵبژاردن، خێرە وا بەو تەنگەنەفەسی‌و پەلەپروزەیە کەوتوونەتە خۆیان‌و لافی خزمەتگوزاریی لێدەدەن؟ ئەی چەند ساڵە لە کوێ بوون‌و ئەم هەڵمەتەتان بۆ دەستپێنەکردووە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا؟ بۆچی تاکو ئێستا سەردانی بنەماڵەیەکی شەهیدو پێشمەرگەیەکی دێرین‌و خانەوادەیەکی ئەنفال‌و گرفتارێکی چەکی کیمیاییتان نەکردووە؟

# شەڕی پەنجاکان



دانا نەوزەر عەلی

ئیدی لەمڕۆوە دەبێت ژمارەکانی ٥٤و ٥٧و ٥٩و پەنجاو ئەوەندەکانی دیکە مانایەکی جیاوازتریان هەبێت لـەوەی تائێستا هەیانبووە. لەمەودوا پەنجا تەنیا نیوەی سەدنییەو بەس، بەڵکو ئەو ژمارەیەشە کە ململانێی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی کوردستانیشی لێوە دەستپێدەکات. ئیدی دوو بەرنامەی سەرتاپا جیاواز لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاو سیاسەتو جیهانبینیانەوە، جیاوازیەکەیان تەنیا یەک ژمارە دەبێت. ئەگەر کاتی خۆی پەنجەکان یەکتریان دەشکاند، ئەوا ئێستا وا بڕیارە پەنجاکان پێکەوەو لـە شـەڕێکی ژیـاریـدا ململانێی هەڵبژاردنەکان بکەن.

هەتا ئەم ساتە پەنجا لە سیاسەتی کوردیدا وشەیەکی خۆشەویست نیە، چونکە ئەو وشەیە چەمکی (فیفتی فیفتی)مان بیردەخاتەوە، کە بە ئینگلیزی واتـە (پەنجا بە پەنجا)و ئەمەش ئەو سیستەمە سیاسیە بوو کە دوای ڕاپەڕین هاتە کایەوەو سەری هەموو دەسکەوتەکانی شۆڕشو ڕاپەڕینی خواردو دەرگای ئاوەڵاکرد بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ئامادەبوون بۆ پەنجا فلس میللەتێک بکەنە قوربانی.

بـەردەوام پەنجا هێمای نیوە بوە، واتە کە وشەی پەنجامان گوێ لێدەبێت، نیوەی شتێکمان بیردەکەوێتەوە. ئـەمـەش خـۆی بـۆ خـۆی پەیامێکە لیستەکان کە هیچ یەک لە ئێوە تەواوی جوانی لا نیەو تەواوی باشەو حەقیقەت لە پەنجاکەی جەنابتاندا نیە، بەڵکو پەنجاکانی دیکەش دەکرێت بەشێک لەو جوانیو باشیەیان هەبێتو سەرتاپا خراپ نەبن، بۆیە هەموو پەنجاکان – بەتایبەتی سێ لیستە سەرەکیەکە کە هەموویان بە پەنجا دەستپێدەکەن– کە دەبێت خۆیان لە قسەی ڕەهاو دروشمی ڕەها بپارێزنو نە خۆیان بە فریشتە بزاننو نە ئەوانی دیکەیش بە شەیتان بناسێنن.

ئەمەی کە ململانێی لیستەکان لە ژمارە پەنجاوە دەستپێدەکات خۆی بـۆ خـۆی پەیامێکە بـۆ لیستەکان کە هەرچیتان کـردووە هەوڵبدەن لـەم هەڵبژاردنانەدا ڕووی گەشی دیموکراسیەتی کـوردی دەربخەنو هـەوڵـبـدەن نـمـرەی دیموکراسیو ئازادیەکەمان لە کارتی نمرەکاندا نەیەتە خـوار پەنجاو نەکەوین. هـەروەک چـۆن خوێندکارێک لایەنی کەمی هەوڵی بۆ ئەوەیە کە پەنجا بهێنێتو هیچ نەبێت لەو وانەیەدا نەکەوێت، ئاوهایش لیستەکان لەم تاقیکردنەوەی دیموکراسیەدا دەبێت هەوڵدەن کەمتر لە پەنجا نەهێنن، چونکە ئەمجارە چاودێرەکان هێجگار زۆرنو هەلی قۆپیەیش لە جاران زۆر کەمترە.

سێ لیستە سەرەکیەکەی هەڵبژاردن، لیستی گـۆڕان، خـزمـەتـگـوزاریو چاکسازیو لیستی کوردستانی ، هەر سێکیان بە پەنجا دەسپێدەکەن، ڕاستە جیاوازی هەیە لە خانەی دەیانیاندا، بەڵام دواجار بە پەنجا دەستپێدەکەن، ئەگەر ئەم وێنەیە بگوازینەوە بۆ واقیع، ئەوە دەتوانین بڵێین کە هەر یەک لەو لیستانە دەکرێت لە ڕووی بەرنامەو قەبارەو تواناکانیانەوە لە یەکتر جیاواز بن، بەڵام دواجار هەر سێکیان دەبێت تەنیا یەک ژمارە لە خەیاڵیاندا بێت کە ئەویش ژمارە یەکەو ژمارەی ئەم نیشتیمانەیە. کوردستانو تەنیاو تەنیا کوردستان. کەواتە پەنجای ئازا ئەو پەنجایەیە کە بتوانێت ئەو (یەک)ەو بەرژەوەندیەکانی ئەو یەکە بخاتە پێش پەنجاکەی خۆیو لە شەڕی پەنجاکاندا ئەو یەکە نەدۆڕێنێت.

# لەنێوان داڕمانو خۆدروستکردنەوەدا

## (چەند ئاماژەیەک بۆ نامیلەکەی نیگایەک لە ئێستاو خەونێک بۆ سبەی)



نەجات نوری

**(هەمیشە گشتیکردنی پانتا ئایدۆلۆژییەکان کارێکی دژوارە، بەم حاڵەوە سۆسیالیستەکان هەمیشە بۆچوونی گەشبینیان دەربارەی گۆڕانکاریی بوونەوەری مرۆڤ هەیەو تارادەیەک باوەڕی بە کامڵبوونی مرۆڤایەتی قبوڵە، بوونەوەری مرۆڤ دەتوانێت گەشەبکاتو توانایی ئەخلاقی خۆی بەهرەمەند بکات.)**

**ئەندۆ ڤینسینت**

ئـەوە بـۆ چەند ساڵێک دەچێت کۆمەڵگای کوردی دابەشبووە بە سەر دوو بەرەی جیاوازدا، بەرەی یەکەمیان کە خۆی لە عەقڵیەتی هەردوو هێزە گەورەکەی کوردستاندا دەبینێتەوە، پێیوانیە ئەوان بە هێزو توانای خۆیان هێزە داگیرکەرو شۆڤێنییەکانیان لە کوردستاندا دەرکـردووە، لەم ئاماژانەوە ئەو دوو هێزە دەخوازن کە دەبێت بۆ هەمیشە ئـەوان حاکمی موتڵەقی کوردستان بنو جۆرە تەنێکن کە هیچ رەخنەو گازندەیەک کاریان تێناکات، چونکە ئەوان لەدایکبوونی هەناوی شۆڕشەکانن.. لای ئەمجۆرە عەقڵیەتە دەبێت بـەردەوام هەموو شادەمارە زیندووەکانی کوردستان لای ئەوان بێت نەک خەڵک..

بەرەی دووەم کە خۆی لە دەنگی جەماوەردا دەبینێتەوەو بوونەتە هێزێکی خەفەکراوو تورە، ئەم بەرەیە پێیوانیە، هێزە شۆڕشگێڕەکان لەدوای گەڕانەوەیان بۆ شارەکانو گرتنە دەستی دەسەڵات بوونە ئەو هێزەی کە جگە لە خزمەتگوزارییەکی کەم، ئیتر هەموو داهاتو سەرچاوەکانی دیکەی کوردستانیان بۆخۆیان پاوانکردو بوونە هێزی گەندەڵو خراپەکارو لە ئامانجە رەواکانی شۆڕش دوورکەوتنەوە.

بەمجۆرە ئەوە بۆ چەند ساڵێک دەچێت ئەم دوو بەرەیە لەیەک نارازینو بەردەوام تادێت نێوانیان بەرەو خراپەو هەڵدێران دەچێت، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو دوو هێزەی کە بۆ ماوەی (١٨) ساڵ دەچێت حوکمڕانیی کوردستان دەکەن، بەردەوام دەیانەوێت جەماوەر بە دروشمو مێژووی شۆڕشەکانیان دابمرکێننەوە، خەڵک وا تێدەگەیەنن کە هێشتا زووە تا بتوانن ببنە دوو هێزی خزمەتکار بە جەماوەرو بۆ ئەو مەبەستەشیان دەیان بڕوبیانوو دەهێننەوە، ساڵەکانی دوای ڕاپەڕینیان دابەشکردووە بەسەر ساڵی ساوایەتیو نەبوونیو شەڕی ناوخۆ، بوونی ڕژێمو بوونی دەیان دوژمنی دەرەکیو نەبوونی بودجە... لەکاتێکدا هەموو ئەو بڕوبیانووانە بۆ خۆی لای جەماوەر هیچ جێگا ناگرێتو دەزانـن کە ئەگەر حکومەت ساوایە بۆ خەڵک، ئەی بۆچی بۆ سەرانی دوو هێزەکە حکومەت لەوپەڕی کامڵبوونو تێریدایەو تەراتێن بە داهاتو سەرچاوەکانی ئەم هەرێمەوە دەکرێت..

لە هەناوی ئەم جەماوەرەدا هێزێک کە خۆی لە دەنگو خاوەن قەڵەمە جدییو راستگۆکاندا بەرجەستە دەکات، بۆ چەندین ساڵ دەچێت دەنووسنو دەدوێنو ئاماژە بە ترسناکی دوارۆژەکانی ئەم هەرێمە دەکەن، وەنەبێت ئەوان لەخۆڕا سەرنجی سەدان خوێنەریان بۆ ئەو مەترسیانە راکێشابێت.. ئەوان لە هەناوی ئەم کۆمەڵگایەدا باشتر لە زۆربەی جەماوەر هەستیان بەوەکردووە کە هێزەکانی ناو کوردستان هێزگەلێکن دەستیان بەسەر هەموو لایەکی ئەم هەرێمەدا گرتووە، خەڵکیان کردووەتە کۆیلەی رابـردووی خۆیانو ناخوازن دەستبەرداری ئەو رابـردوو و مێژووە ببنو بەناوی ئەو مێژووەوە لە رابردوودا، تا توانیان جەنگی یەکترو کوشتو کوشتای رۆڵەکانی ئەم میللەتەیان گرتە دەست، دواتریش هەڵبژاردنەکانیان کردە جەنگێکی دیکەو جەماوەریان دەکرد بەگژ یەکتردا، سندوقەکانی دەنگدانیان دەکردە سەنگەرێکی دیکە بۆ بەگژاچوونەوەی یەکترو هەرچی ئازادییو ناوی دیموکراسی بێت بۆ یەکتریان نەهێڵایەوە.. ئەم رۆشنبیرانە ئا لەو ساتانەوە هەستیانکرد کۆمەڵگای کـوردی بـەرەو مەرگەسات دەچێت..

(نیگایەک لە ئێستاو خەونێک بۆ سبەی)

ئەو نامیلەکەیەیە کە نووسەران (مەریوان وریا قانعو بەختیار عەلیو ئاراس فەتاحو رێبین هەردی)، تێیدا سەرنجی تاک بە تاکی ئەم میللەتە بۆ دوارۆژ رادەکێشن.. ئەوان ئاماژە بە گۆڕینی وێنەکان دەکەن، کە دەبێت ئیتر عەقڵ بگەڕێتەوە بۆلای تاکی کوردو خۆی لە مەترسییە یەکبەدواییەکاندا رزگاربکات..(ئەمڕۆ ئەزموونە سیاسییەکەی کورد وەک ئەزموونێکی خراپو گەندەڵو بێفەڕ وێنا دەکرێت)، خستنەڕووی




ئەم وێنەی دەسەڵاتدارانی کورد بەمجۆرە خۆی دەکاتە پێچەوانەی ئەو وێنانەی کە بەر لە راپەڕین، وەکو وێنەی قوربانی دەستی رژێمێکی فاشی لای دونیاو جەماوەری کورد دەهاتە بەرچاو.. ئەم رۆشنبیرانە لەخۆڕا ئاماژە بەم وێنە ترسناکە ناکەنو ئـەوان زۆربـاش لە هەموو رەفتارو کـرداری حاکمو بەرپرسانی ئەمڕۆی ئەم هەرێمە تێدەگەن، ئەو بەرپرسانەی کە وێنەی میللەتێکی قوربانیدەریان لای دونیاو ناوخۆش گۆڕی بە وێنەیەکی ناشیرینو تەماویی، تێگەیشتنێک کە

رەنگە وەکو خۆیان ئاماژەی پێدەدەن (ئـەمـڕۆ ئـەم وێنەیە گـۆڕاوە بۆ وێنەی **میللەتێکی بێدەنگکراوی خاوەنی کۆمەڵێک سیاسیی گەندەڵو نابەرپرسیارو نادیموکراسی، میللەتێک کە سیستمە سیاسییەکەی نەک تەنیا پێشێلکاریی گەورەی مافەکانی مرۆڤ دەکات، بەڵکو سادەترین پرەنسیپی سیستمێکی سیاسیی تەندروستو قابیلی قبوڵکردنیشی تێدانییە)**، خەمی ئەم رۆشنبیرانە ناچێتە خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە، ئەوەندەی دیـــارە تـاکـە خەمێک

کـــە لای ئـەم کەسانە هەیە، ئەوەیە کە خەریکە لەپەنا بێدەنگیی تاکی کـوردداو تاریکستانێک لەم هەرێمەدا سەرهەڵدەدات، دەخوازن تاکی کورد ببێتەوە بە تاکێکی خاوەن عەقڵو لەژێر چەتری ئەمو ئەودا درێژە بە بێدەنگیی نـەدەن، چونکە هەموو بێدەنگییەک لە ئێستادا دەبێتە بێدەنگییەکی کوشندەو مـەرگ بۆ نەوەکانی دواتر دەهێنێت.. خەمی ئەم رۆشنبیرانە خەمێکە لـەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە غیابی فیکرو بێدەنگی بووەتە خواستی بەشێکی زۆری خەڵک، ئەوان دەزانـن ئەم غیابە دەچێتە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمەوەو بـەردەوام دەبن لەسەر خواستو ویستی خۆیان. تاکی کورد یان دەبێت لەگەڵ دروشـمو بانگەوازەکانی دوو هێزەکەدا بۆ شکستی خۆی بگەڕێت، یان دەبێت ببێتە تاکێکی عەقڵانیو ڕێگا بە داگیرکاریی عەقڵ شارو سەرچاوەکانی نەوەکانی دوای خۆی نەدات، لەسایەی ئەم دوو هێزەوە کە بەردەوامن لە دەست بەسەراگرتنی هەموو کونجو کەلەبەرێکی ژیان لەم هەرێمەدا، خەریکە کۆمەڵگای کوردی بەرەو کۆمەڵگایەکی مردوو دەچێت **(لە هەمانکاتدا حکومەتی دوو حیزبسالاری بەناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییەوە یاسا دەردەکات، تا بتوانێت کۆنترۆڵی هەموو ژیانی رۆژانەمان بکات، گوێ لە تەلەفۆنەکانمان بگرێت، ئیمەیڵو فاکسەکانمان بخوێنێتەوە، کەچی ئامادەنییە کۆنترۆڵی گیرفانی سیاسییەک بکات لە ڕێگای دانانی دەستەیەکی نەزاهەوە)**، ئەم نامیلکەیە پڕە لەو سەرنجو تێبینیانەی کە ئەو رۆشنبیرانە گەرەکیانە لەوپەڕی خەمخۆریانەوە بۆ ئایندەی ئەم میللەتە بیخەنە بەردەم هەموو خوێنەرێکی کورد، لەگەڵ ئـەوەشـدا دەخـوازن سەرنجی بەرپرسانو کاربەدەستانی ناو حکومەتو حیزبەکان بۆ ئەو ئایندە پڕ لە مەترسیدارە رابکێشنو پێیان بڵێن کوشتنی ئەم میللەتە لەژێر ئەمجۆرە کارکردنەی ئێوەدا، گوناهێکی گەورەیە.

لــە لاپـــەڕەی (١٠١)ی ئـەم نامیلکەیەدا خوێنەر لە هەر بەشێکدا لەسەر ئەو مەترسیانە رادەوەستێت کە لەدوای راپەڕینەوە خەڵکی ئەم هەرێمە تووشیان بووە، بە تووشی غەدرلێکرنو بێدەنگکردنەوە. (نیگایەک لە ئێستاو خەونێک بۆ سبەی) دێڕ بەدێڕ بە سەرنجمان دەخاتە سەر ئایندەی خۆمانو بەبێ دوودڵـی پێمان دەڵێن لە ئێستادا چارەنوسی هەموومان بەستراوەتەوە بە چارەنوسێکی نـادیـارو کوشندەوە، ئەگەر بـەئـاگـا نـەیـەیـن لەئاست ئـەو مەترسیانەدا، جگە لە کۆمەڵگایەکی بەدبەختو کۆنترۆڵکراو لەلایەن حیزبو کاربەدەستانی نـاو ئەم هەرێمەوە، هیچی دیکەمان بـۆ ئایندە نـابـێـت.. **(بۆ کۆتاییهێنان بەم دۆخە یاخود بۆ لاوازکردنو بەرپێگرتنی، دەبێت شتەکان بەشێوەیەکی نوێ ڕیزبکرێنەوە بەتایبەتی سەرەتاکان، دەبێت خاڵی سەرەتا خاڵی دەستپێکردنی هەر کێبڕکێیەکی کۆمەڵایەتی یەکسان بێت بۆ هەمووان.)**، درککردن بەو واقیعەی ئێستا هەیەو بەرەبەرە کۆمەڵگای کوردی دەکاتە کۆمەڵگایەکی کۆیلەو بێزراو، ئەمە بۆخۆی درککردنێکی هوشیارانەیە، ئەگەر ئەم واقیعە ئاوا بەردەوام بێت، خەڵکی دەبنە کاڵاو وەکو هەموو کاڵاکانی دیکە بۆ بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە مامەڵەی ناشایستەیان پێوەدەکرێت، لەپەنا وەهمی ئازادییو دیموکراسیدا خەڵک بەرەبەرە دەخنکێنرێت.

ئەگەر ویستی خەڵک بۆ سڕینەوەی حـیـزبـی قـاعـیـدو لـەبـەرچـاوگـرتـنـی ویستی ئایندەی خۆیان نەبێت، خەڵک نەبنە خەڵکێکی بەئاگاو هوشیار بۆ گـەڕانـەوەی ئـیـرادەی خـۆیـان، نەبنە هـۆکـارێـکـی گـوشـار دروسـتـکـردن بـۆ سـڕیـنـەوەی ناعەدالەتییەکانو هێنانەکایەی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا، ئەوا تا زەمەنێکی دوورودرێـژ حیزبی قاعید لەم هەرێمەدا هەموو ئیرادەی خەڵک بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەمەش دەکاتە مردنی خەڵکو باڵادەستی ئەو هێزانەی لەسەر ئەمجۆرە مردنە ژیانی خۆیان دابیندەکەن.

**ئەگەر ویستی خەڵک بۆ سڕینەوەی حیزبی قاعیدو لەبەرچاوگرتنی ویستی ئایندەی خۆیان نەبێت، خەڵک نەبنە خەڵکێکی بەئاگاو هوشیار بۆ گەڕانەوەی ئیرادەی خۆیان، نەبنە هۆکارێکی گوشار دروستکردن بۆ سڕینەوەی ناعەدالەتییەکانو هێنانەکایەی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا، ئەوا تا زەمەنێکی دوورودرێژ حیزبی قاعید لەم هەرێمەدا هەموو ئیرادەی خەڵک بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەمەش دەکاتە مردنی خەڵکو باڵادەستی ئەو هێزانەی لەسەر ئەمجۆرە مردنە ژیانی خۆیان دابیندەکەن**

*** (نیگایەک لە ئێستاو خەونێک بۆ سبەی)، لە نووسینی (مەریوان وریا قانعو بەختیار عەلیو ئاراس فەتاحو رێبین هەردی) لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی ئاوێنە.**



# ڕۆشنبیرو زمانی توندووتیژی

**یاسین بانیخێڵانی**

> **ئێمە لەبەردەم هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی هەندێک لەڕۆشنبیراندا تووشی شۆک دەبین، کاتێک پەیوەندی خۆیان بەدەسەڵاتەوە توند دەکەنەوە، ئەڵبەتە مەبەست لەم پەیوەندییە چوونە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتە، ئەو کەسانەی جڵەوی خۆیان دەدەنە دەست دەسەڵات، ئەو کەسانەی چیتر نەک هەر ناتوانن ڕەخنە بگرنو بەچاوی ڕەخنەوە لەدیاردەو ڕووداوەکان بڕوانن، بەڵکو دەبنە دوژمنی ئەو کەسانەش ڕەخنە دەگرنو بەگومانەوە لەدەسەڵات دەڕوانن!**

نامەوێت لێرەدا بەدوای ماناکانی ڕۆشنبیردا بگەڕێم ئەوەندی دەمەوێت قسە لەسەر فۆڕمێکی ڕۆشنبیر نەک جۆرێک لەجۆرەکانی ڕۆشنبیر بکەم، لەبەرئەوەی بۆمن هەرتاکێکی ناو کۆمەڵگە بۆخۆی ڕۆشنبیرە، بەڵام ئەمە پێویستی بەڕیزبەندیو دیاریکردنی شوێن_پلە هەیە لەکایەکانی خۆیاندا. هەروەها مەبەست لەزمانی توندووتیژیش ڕیتۆرێک Rhetorik نییە بەوچەمکەی پلاتۆن لەدیالۆگی گۆرگیاس بۆ یەکەمجار بەکاری هێناوە، کە مرۆڤ چۆن فێری هونەری قسەکردن دەبێت لەڕووی تیۆریو پراکتیکەوە، بەڵکو مەبەست لەو زمانەیە گوتارێک لەخاڵێکی دیاریکراوەوە ئاراستەی مەبەستێکی دیاریکراو دەکات بۆ شکاندنو سەرکوتکردنی خودی زمان! ئەوەی لێرەدا مەبەستە بگوترێت ئەو زمانەیە ڕۆشنحیزبێک گوتارێکی ڕۆشنحیزبی ئاخێنراو بەئایدۆلۆژییەتی سەرکوتکەرانەو توندوتیژی پێ دەنووسێت، یان لەمیدیاکانەوە بڵاوی دەکاتەوە، بۆ سەپاندنی بەسەر ئەوانەدا لەدەرەوەی حیزبو بیرکردنەوەی ئەووەن یان ناچاریان بکات لەهەڵوێست وەرگرتندا لاوازبێت.

ئەوەی ئێستا ڕۆژانە لەلایەن زۆرێک لەڕۆشنحیزبەکانەوە گوێمان لێدەبێت دەمانباتە بەردەمی ئەو پرسیارەی ئەم دێوەزمانە دەیانەوێت کۆمەڵگە بە چ ئاراستەیەکدا ببەن؟ بێگومان وەک نووسەری ئەڵمانی هانز کاسپەر دەڵێت: (ئەوەی بەمستەکۆڵە گفتوگۆ بکات بەهێزی بازووش قسە دەکات) بۆیە ناشێت ئەمانە خوازیاری کۆمەڵگەیەکبن کار بۆ لەناوبردنی توندووتیژیو گەندەڵی بکات، یان کۆمەڵگەیەکی هێندەکراوە بێت هەرتاکێکی کۆمەڵگە توانای لێپرسینەوەی لەگەڵ گەورە لێپرسراواندا هەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەمانە، کە سەری عەقڵی حیزبن خوازیاری کۆمەڵگەیەکی هێندە داخراوی دۆزەخئاسان، بۆ سادەترین ماف پێویستە سەدانجار ببیتە سواڵکەری بەردەگاکەیان، هێندە بگرەو بەردەت پێ بکەن جارێکیتر وێرانی ئەوەت نەبێت داوای شتێکیان لێ بکەیت. ئەمانە چەندین شێوازی دیکەیان بۆ دەمکوتکردنو سەرکوتکردن هەیە تۆ بترسێنێت، لەوەی نەکا ڕەخنەیەک بگریتو هەستی ناسکی بەرپرسێک بریندار بێت.

گەورە بەرپرسێکی حیزبی کە خۆی لەڕیزی نوخبەی ڕۆشنبیری حیزبەکەیدا دادەنێت دەڵێت: (هەق وایە لەمەودوا، ئێمە بەتۆپو هاوەن بەرسیڤی ڕەخنەی بەجێو نابەجێ بدەینەوە) ئەم ڕستەیە ڕستەی یەکێ لەپیاوە خوێنەوارو بەئەزموونەکانی ناو سیاسەتو ڕۆشنبیریی کوردییە، داوا دەکات هەرکەسێک بەباشو خراپ ڕەخنەی گرت، بەتۆپو هاوەن وەڵامی بدەنەوە، ئەم ڕستەیە قسەکەی ئەریک وی مان بیردەخاتەوە، کە دەڵێت: (توندووتیژی پێش ئەوەی بکەوێتە دەستی کەسانێکی دیکتاتۆری وەک هیتلەر، مۆسۆلۆنی یا ستالینەوە لەزماندا هەیە). دەسکەوتی ئەم زمانە لەخۆڕا نەهاتووە، بەڵکو پاشخانێکی کلتووری گەورەی لەپشتە، کە ڕەگی قوڵی لەعەقڵی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا داکوتاوەو ڕەنگە ئەگەر ڕیفۆرمێکی کلتووریو سیاسی تۆکمەو کۆنکرێتی بەرنامە داڕێژراو نەبێت تاسەدەیەکی دیکەیش بەردەوام بێت. بەعسو نازی تەنیا خاوەنی هێزێکی عەسکەرتاریەتی ڕووت نەبوون هێندەی هێزێکی ڕۆشنحیزبی گەورە بووبووە ماتۆڕی بزوێنەری ئەو دوو حیزبە، بۆیە نابێت ئێمە بێ خوێندەوە بۆ بەعسو بەعسناسی هیچ قسەیەک لەسیاسەتوکۆمەڵناسیکوردیبکەینکاتێک بەعس وەک فیزیک لەناو حیزبو دەسەڵاتی کوردیدا ئامادەیی هەیەو وەک سێبەریش لەناو کۆمەڵگەدا. ئەمەیە والەمن دەکات ئەو زمانە زۆر بەئاسایی وەربگرم کاتێک دەبینم ڕۆشنحیزبێک دەیکات، چونکە ئەو بۆ ئەوە دامەزراوە ئەو قسەیە بکات، بەڵام ئەوەی نائاساییە ئەوەیە چۆن دەبێت ئێمە بێدەنگ بین لەئاست ئەمجۆرە گوتارانەدا؟. چۆن ئێمە دەرگا ژەنگاوییە کلۆمدراوەکانی حیزب بشکێنینو یاخی بین؟. ئەگەر ئەمە نەکرێت ئەوا وەک ئەو وتەی دەڵیت: (هەرکەسێک لەئاست توندووتیژی بێدەنگ بێت، مافەکانی دەدۆڕێنێت). ئەمەش مەبەستی سەرەکی هەموو حیزبێکی ئەوتۆریتارە.

ئەوەی لەماوەی هەژدە ساڵی ڕابردوودا ئەم دوو حیزبە کاریان کرد بۆ بێدەنگکردنو کپکردنی دەنگە جیاوازەکانو تیرۆرکردنی ئەو دەنگانەی خوازیاری دەسەڵاتێکی باشترو پاکتر بوون، کە بڕوای بەدادوەری بێت بڕوای بەکوشتنی ئەو جیاوازییە گەورانەبێت لەناو کۆمەڵگەدا. لەم نێوەندەدا ڕۆشنحیزبەکان ڕۆڵێکی باشیان گێڕاو هەر دەبایە ئەو ڕۆڵەش بگێڕن لەبەرئەوەی کاری ئەوان لەوەزیاتر نەبوو، کە وەک کادیرێک قسە بکەنو وەک جەلادێکیش ڕەفتار، بەکورتییەکەی ئەرکی ئەوان لەدەرەوەی ئەخلاقی ڕۆشنبیرییەوە بوو، کە تائەمرۆش ئەو نائەخلاقییە ڕۆشنبیرییە لەدەزگا حیزبییەکاندا دەبینین، کە چۆن ماف بەخۆیان دەدەن ئەوەی شیاو نەبێت بەرامبەر نەتەوەیەک بیڵێنو ئامادەشن پاکانە بۆ گەورەترین خیانەتی نەتەوەیی، کە سیاسەتمەدارەکان دەیکەن بکەن، ئالێرەوەیە ئیتر ئەخلاق چ ئەخلاقی ڕۆشنبیریی چ ئەخلاقی سیاسی هیچ مانایەکی نامێنێتو (کوردستان دەبێتە گۆڕستانی ئەخلاق، گۆڕی ئەخلاقی خەڵکانێک ڕۆژانێک لافی شۆڕشگێڕییان لێدەدا، کەچی دوایی هیچ نەبوون جگەلە خەڵکانێکی هەلپەرست زیاتر)*1

ئالێرەوەیە ئێمە لەبەردەم هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی هەندێک لەڕۆشنبیراندا تووشی شۆک دەبین، کاتێک پەیوەندی خۆیان بەدەسەڵاتەوە توند دەکەنەوە، ئەڵبەتە مەبەست لەم پەیوەندییە چوونە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتە، ئەو کەسانەی جڵەوی خۆیان دەدەنە دەست دەسەڵات، ئەو کەسانەی چیتر نەک هەر ناتوانن ڕەخنە بگرنو بەچاوی ڕەخنەوە لەدیاردەو ڕوداوەکان بڕوانن، بەڵکو دەبنە دوژمنی ئەو کەسانەش ڕەخنە دەگرنو بەگومانەوە لەدەسەڵات دەڕوانن!.

*1- لەڕستەیەکی ئێریش فرۆمەوە وەرگێراوە، کە دەڵێت: ژیانی سیاسی سەدەی بیستەم گۆڕستانێکە پڕە لەگۆڕی ئەخلاقی خەڵکانێک، کە سەرەتا لافی شۆڕشگێڕییەتیان لێداوە، کەچی دوایی هیچ نەبوون جگەلە کۆمەڵێک ئاژاوەگێڕو هەلپەرست.

---

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن لە پشدەر

ژمارە: ٧٠/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٥/٢٦

**(ئاگاداری)**

بۆ/ تۆمەتبارانی ڕاکردوو (ایش حمد برایم) و (جمیله عبدالله خضر) و (ئەڤین عبدالله خضر) و (ناهیدة عبدالله خضر) و (امیرة عبدالله خضر).
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی ماددەی (٤١٣) لە یاسای (سزاکان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەنگەسەر) وە لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوتان نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارتان بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەیەننە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو ڕۆژەدا، بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەبێ ئامادەبوونتان، بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**اسماعیل عمر احمد**

---

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن لە پشدەر

ژمارە: ٧٢/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٥/٢٦

**(ئاگاداری)**

بۆ/ تۆمەتبارانی ڕاکردوو (ایش حمد برایم) و (جمیله عبدالله خضر) و (ئەڤین عبدالله خضر) و (ناهیدة عبدالله خضر) و (امیرة عبدالله خضر).
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی ماددەی (٤١٣) لە یاسای (سزاکان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەنگەسەر) وە لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوتان نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارتان بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەیەننە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو ڕۆژەدا، بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەبێ ئامادەبوونتان، بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**اسماعیل عمر احمد**

---

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتن لە کەلار

ژمارە: ٣٠٤/ج غ م/٢٠٠٨

**(ئاگاداری)**

بۆ/ تۆمەتبار هەڵهاتوو ئاری عبدالکریم سعید نیشتەجێی کەلار گەڕەکی سیروانی جارانو ئێستا شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە.
لە پەڕاوی ژمارە (٣٠٤/ج غ م/٢٠٠٨) تۆمەتباریت بەپێی ماددەی (٤١٣) لە یاسای سزادان، بۆیە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٨) دیاری کراوە بۆ دادگایی کردنت، جا پێویستە لەو ڕۆژەدا لەم دادگایە ئامادەبیت یان خۆت بدەیت بەدەستەوە بۆ ئامادەکردنت، بە پێچەوانەوە بە شێوەی (پاشملە) دادگایی دەکرێیت.

**دادوەر**
**عباس محی الدین قادر**

---

هەرێمی کوردستان عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتنی دەربەندیخان
ژمارە: ١٠٩/ج غم/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/٦/١
«ئاگاداری»
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو زیتین زنیل ابراهیم و خدیجە خلف محمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (دەربەندیخان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
اکرم عباس حمە

---

**الجمهورية العراقية**
**حكومة اقليم كوردستان**
**وزارة العدل**
**مديرية التسجيل العقاري العامة**
**دائرة التسجيل العقاري في السليمانيه**
**نموذج رقم (٣٠) تسجيل عقاري**

**اعلان**

**قرار تثبيت عائدية عقار مجددا**

بناء على ثبوت عائدية تمام العقار تسلسل ٨٠٩ محلة كانيسكان الى طالب التسجيل بلديه السليمانيه بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٢٠٠٩/٦/٨ الصادر من هذه الدائرة عليه نعلن هذا القرارو على من لديه اعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمه المختصة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذا الاعلان و عند انتهاء المدة وعدم ورود اشعار من المحكمه باقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية.

مدير دائرة التسجيل العقاري فى السليمانيه
جوان فاضل امين

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستەی نووسەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر



# هاوپەیمانێتی لەبەر ڕۆشنایی وەحیو عەقڵدا

عەلی باپیر

## ئەڵقەی یەکەم

### پێشـــەکی

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين وآله المهتدين بهديه المبين من الصحب والازواج والقرابة والتابعين لهم باحسان الى يوم الدين.

بەڕێزان !

ئەم باسەی بەردەستتان لە ئەسڵدا بابەتێکە کە لە یەکێک لە ئەڵقەکانی بەرنامەی (سەرنج)ی کەناڵی ئاسمانیی (پەیام)داو لە میانەی پرسیارو وەڵامـی پێشکەشکاری بەرنامەکە کاک عومەر گوڵپیو بەندەدا، پێشکەشکراوەو پاش هێنرانە سەر کاغەزو چاوپێداگێڕانەوەیو سووکە دەستکارییەکی خۆم، بەمجۆرەی لێهاتووە.

شایانی باسیشە کە بەقەناعەتی من ئەم باسە هەرچەندە کورتیشە، بەڵام بایی قەناعەت پێهێنانی هەرکەسێک دەکات کە دڵسۆزانە بەدوای هەقدا بگەڕێو بەڵگەو بەرچاو ڕوونیی باشی گرتوونە خۆی لەسەر ڕەوا (مباح) بوونی هاوپەیمانێتی بەستن لەنێوان لایەنێکی ئیسلامیی (یان زیاتر) لەگەڵ لایەنێک یان زیاتری نائیسلامییدا خاوەنی هەر جۆرە بیروڕایەک بێت، جا ئەو لایەنە ئیسلامییە چ لە قۆناغی بانگەواز (الدعوة)دا بێتو لەچاو بەرامبەرەکانی کەمهێز بێت، چ لە قۆناغی دەوڵەتدا بێتو لەچاو بەرامبەرەکانی بەهێزتر بێت.

چونکە وەک لە دووتوێی ئەم وتوێژەدا ڕوونـکـراوەتـەوە، پێغەمبەری خوا (د.خ) هــەم لە مەککە کە لە قۆناغی بنگەوازو حاڵەتی چەوسێنرانەوە (اضطهاد)دا بوو، هەم لە مەدینەش کە لە قۆناغی دەوڵەتو حاڵەتی هێزو دەسەڵاتدا بوو، بەگوێرەی بە پێویستزانینو داخوازیی هەلومەرج، چەندان جۆرە هاوپەیمانێتیو ڕێککەوتننامەی لەگەڵ چەندان لایەنی نامسوڵماندا ئیمزاکردووە، یان هێناوەتە سەر ئیمزاکردن، وەک: سێ تیرە جوولەکەکانی دەوری مەدینە: (بنو قينقاع, بنو النضير, بنوقريظة)و هۆزی (قريش)، تیرەی (خزاعه)، تیرەی (بنو ضمرة)، هۆزی (غطفان)و...هتد، ئینجا وێڕای ئەوەش پێغەمبەری خوا (د.خ) پەسەندیی خۆی بەرامبەر بە دوو پەیمان (حلف)ی دیکە دەربڕیوە کە سەردەمی پێش پێغەمبەرایەتی تێیاندا بەشداربووەو ڕایگەیاندووە کە لە ئیسلامیشدا ئامادەی بەستنی پەیمانی لەوجۆرەیە، کە بریتین لە: پەیمانی جوامێران (حلف الفظول)، پەیمانی بۆنخۆشکراوان (حلف المطيبين)، ئاشکراشە کە هەرکام لە دوو پەیمانو ڕێککەوتن (إتفاقية)ش لە ڕۆژگاری نەفامێتی (عصر الجاهلية)داو لەنێوان چەند هۆزو تیرەیەکی هاوبەش بۆ خوا دانەرو بتپەرستدا بوون.

بەڵام ئەوەی لە دوو توێی وتوێژەکەدا باسی لێوەنەکراوەو پێموایە بۆشاییەکی لە بابەتەکەدا دروستکردووە، بریتییە لە قسەکردن لەبارەی چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەری خـــواوە (د.خ)، کە لەبارەی پەیمانبەستن (حـلـف)ەوە هـاتـوون، لە ڕواڵەتەکەیان دەفامرێتەوە کە پەیمانبەستنو هاوپەیمانێتی لە ئیسلامدا قەدەغەو ناڕەوا بێت.

ئەمەش دوو نموونە لەو فەرموودانە:

١- (لا حِلْفَ في الإسلام, وأيُّما حِلفٍ كاف في الجاهلية لم يَزِدْهُ رلإسلام رلاّشِدَّةً) رواه مسلم برقم ٢٥٣٠.

واتە: پەیمان پێکەوەبەستن لە ئیسلامدا نییە، هەر پەیمانێک لە سەردەمی نەفامێتیدا بووبێت ئیسلام هەر زیاتر پتەوی کردووە.

٢- (أَوفُوا بحلف الجاهلية فأنّه لا يزيدُهُ- يعني الإسلام- اَلاّشِــدَّةً, ولا تُحدِثوا حِلْفاً في الاسلام) رواه الترمذي وحَسَّنَهُ الألباني, برقم: ١٥٨٥.

واتــە: پەیمانی سەردەمی نەفامێتی بەرنەسەر، چونکە ئیسلام هەر پتەوتری دەکات، بەڵام لە ئیسلامەتیدا هیچ پەیمانێک مەبەستن.

وەک دەبینین ڕواڵــەتــی ئــەم دوو فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت کە هەرجۆرە پەیمانبەستنێکو هەموو جۆرە هاوپەیمانێتی (تحالف)ێک لە ئیسلامدا قەدەغە بێت! بەڵام بێگومان ئەو جۆرە تێگەیشتنە ڕواڵەتییە لەم دوو فەرموودەیەو هاووێنەکانیان، هەڵەیە، چونکە چەندان ئایەتی خوا (سبحانه وتعالى)و فەرمایشتی پێغەمبەری خوا (د.خ)، زۆر بە ڕوونو ڕاوشکاوی باسی ڕەوایی پەیمان پێکەوە بەستن (تعاقد)و هاوپەیمانێتی یان کـردووەو فەرمانیشیان کـردووە بە وەفاداریی بە بەڵێنو پەیمانو جێبەجێکردنی، هەڕەشەشیان کـردووە لە کەسێک یان لایەنێک کە پەیمان دەشکێنێتو نایگەیەنێتە سەر!

دیـارە وێـڕای ئــەوەش پێغەمبەری خوا (د.خ) (وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا)، چەندان جۆرە هاوپەیمانێتی لەگەڵ چەندان جـۆرە لایەندا بەستووەو هەتا سەریش پێیانەوە پابەندبووە، مەگەر بەرامبەرەکانی شکاندبیانو غەدریان کردبێت.

ئەمەش چەند ئایەتو فەرموودەیەک لەبارەی ڕەوایی پەیمانبەستنو گرنگییو پێویستیی پێوە پابەندبوونی:

١- (يا ايها الذين امنوا اوفوا بالعقود ...) رلمائدة -١-، واتـە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! پەیمانەکان جێبەجێ بکەن.

دیـارە وشـەی (عقود) کۆی (عقد)ەو ئەمیش بە مانای (عهد)ەو هەردووکیشیان لە زمانی کوردیدا بە مانای (پەیمان) یان (بەڵێن) دێن، (ابن كثير) لە تەفسیری (أوفوا بالعقود)دا دەڵێ :( قال ابن عباس ومجاهد وغير واحد: يعني بالعقود العهود, وحكى ابن جرير الاجماع على ذلك, قال: والعهود ما كانوا يتعاهدون عليه من الحلف وغيره)، واتە: (ابن عباس)و (مجاهد)و غەیری وانیش گوتوویانە: مەبەست لە (عقود)، (عهود)ە، (ابن جرير الطبري) یەکدەنگیی زانایانی لەوبارەیەوە گێڕاوەتەوە، (عهود)یش بریتین لەو پەیمانانەی کە لەنێو خۆیاندا دەیانبەستن لە هاوپەیمانێتیو غەیری ئەوەش.

٢- (وأوفوا بعهدالله اذا عاهدتم ولا تَنْقُضوا الأَيْمان بعد توكيدها...) النحل -٩١-. واتە: ئەو سوێندانەی کە بۆ تەئکیدکردنەوەی پەیمان خواردووتانن، هەڵیان مەوەشێننەوە.

٣-(والذين ينقضون عهدالله من بعد ميثاقه ويقطعون ما امرالله به ان يوصل ويفسدون في الأرض اولئك لهم اللعنة ولهم سوء الدار) الرعد -٢٥-، واتە: ئەوانەی کە پەیمانی خوا پاش پتەوکردنی هەڵدەوەشێننەوە، ئەوەی کە خوا فەرمانی پێکردووە بگەیەنرێ دەیپچڕێنن، خراپەکاریی لە زەویدا دەکەن، ئەوانە نەفرینی خوایان لێیەو خراپترین مەنزڵگایان هەیە.

٤- هــەروەهــا پێغەمبەری خــواش (د.خ) لـەوبـارەوە فەرمایشتی زۆرن، بۆ نموونە: لە یەکێک لە فەرموودەکانیدا بێ بەڵێنی پەیمانشکێنی، بە یەکێک لە نیشانەو خەسڵەتەکانی بابای مونافیق دادەنێ، وەک فەرموویەتی: ((اية المنافق ثلاثٌ: اذا حدَّث كَذَب, وإذا وَعَدَ أخْلَفَ, واذاأُتمِـنَ خان, وفي رواية: وإذا عاهَدَ غَدَرَ وإذا خاصم فجر)) رواه البخاري، واتە: نیشانەکانی مونافیق سێن: ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات، ئەگەر بەڵێنیدا دەیشکێنێت، ئەگەر سپاردەی پێ سپێردرا، ناپاکیی تێدا دەکات.

لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە: ((ئەگەر پەیمانی بەست دەیشکێنێت، ئەگەر ناکۆکی هەبوو لەگەڵ کەسێکدا تاوان دەکات)).

کەواتە:

مادام ئەو هەموو ئایەتو فەرموودانە لەسەر گرنگیی پەیماندانو هاوپەیمانێتیو خراپییو دزێویی پەیمان شکێنیو بێ بەڵێنی هەن، خواش (د.خ) بەکردەوە ئەو هەموو جۆرە هاوپەیمانێتیو ڕێککەوتننامەی (التحالفات والأتفاقيات)ی لەگەڵ چەندان جـۆرە لایەندا کـردوون، بەهیچ ڕەنگێک ناگونجێت ئەو ماناو چەمکە ڕواڵەتییەی لەو دوو فەرموودەیە (کە پێشتر هێنامانن) وەردەگیرێت، مەبەستی پێغەمبەری خوا (د.خ) بووبێ، چونکە ناگونجێت پێغەمبەری خوا پێچەوانەی قورئانو پێچەوانەی کردەوەی خۆیشی قسە بکات!

کەواتە:

بـا سـەرنـجی قـسـەو هەڵوێستی زانایانی ئیسلام بدەین داخـۆ لەبارەی ئەو دوو فەرموودەیەو هاووێنەکانیانەوە چیان گوتووەو ئەو ناکۆکیی (تناقض)یە ڕواڵەتییەی ئاماژەمان پێکرد (کە لەنێوان ئەو فەرموودانەو ئایەتەکانی خواو هەڵوێستی کردەیی پێغەمبەردا هەیە)، چۆنیان چارەسەر کردووە؟

سەرەتا با قسەو هەڵوێستی یەکێک لە هاوەڵان کە (أنس بن مالك)ە خوا لێی ڕازی بێ، لەوبارەوە بخەینەڕوو:

((عن عاصم الأَحـول قال: قلت لأَنس بن مالك: ابَلَغَك انَّ النبـيَّ (د.خ) قال: ((لاحِلْفَ في الأسلام))؟ فقال: قد حالَفَ النبـيُّ (د.خ) بين قريش والأنصار في داري)) رواه البخاري برقم: ٢١٧٢.

واتە: (عاصم الأحول) دەڵێت: بەئەنەسی کـوڕی مالیکم گـوت: پێت گەیشتووە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: ((پەیمانبەستن لە ئیسلامدا نییە))؟! گوتی: پێغەمبەر (د.خ) لە ماڵەکەی مندا پەیمانی لەنێوان قوڕەیشو پشتیوانانیدا بەست! ئاشکراشە مەبەستی ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێ)، لەو پەیمانە، برایەتییو پەیمانی نێوان کۆچکەرانو پشتیوانان (المهاجرون والأنصار)ە، کە دیارە کۆچکەران زۆربەی هەرەزۆریان لە هۆزی قوڕەیش بوون.

دیارە مەبەستی ئەنەسیش لەو وەڵامە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (د.خ) هەموو جۆرە پەیمان بەستنو هاوپەیمانێتییەکی قەدەغە نەکردووە بە بەڵگەی ئەوە کە خۆی لەنێوان کۆچکەرانی مەککەو پشتیوانانی مەدینەدا پەیمانی بەستووە! جا ئێمە بەرلەوەی قسەو شیکردنەوەی زانایان لەوبارەوە بەدرێژیی بخەینەڕوو، پوختەکەی دەخەینەڕوو و دەڵێین:

زانایان گوتوویانە:

چۆنێتی پێکەوە کۆکردنەوەو گونجاندنی ئەو ئایەتو فەرمایشتانە ئەوەیە، کە:

مەبەست لە هاوپەیمانێتیو پەیمان بەستنی قەدەغەکراو، ئەو جۆرەیە کە لەسەر ناهەق بێتو پێچەوانەی شەریعەت بێت، مەبەست لە هاوپەیمانێتیو پەیمانبەستنی ڕەوا، ئەوەیە کە لەبازنەی شەریعەت دەرنەچێت، وەک چەسپاندنی دادگەرییو یارمەتی دانـی ستەملێکراوو هێنانەدی بەرژەوەندییەکی ڕاستو ڕەوا.

ئنجا با سەرنجی قسەو شیکردنەوەی سێ لەزاناو پێشەوایانی ناودارمان بدەین لەوبارەوە:

یـەک: (الـنـووی) خـوا لێی خۆشبێت لەوبارەوە گوتوویەتی :

(قـال القاضي: قـال الطبري: لايجوز الحلف اليوم فأن المذكور في الحديث والموارثة به وبالمؤاخاة كلّه منسوخ, لقوله تعالى: [وَأُوْلُو الأَرْحَام بَعْضُهُمْ اوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَاب اللّهِ ..] الأحزابَ -٦-, وقال الحسَن: كَان التوارث بالحلف, فَنُسِخَ بآيات المواريث, قلت: امّا مايتعلَّقُ بالإرثِ فَيُسَتَحبُّ فيه المخالفة عند جماهير العلماء, وأما المؤاخاة في الأسلام والمُحالَفَةَ على طاعة الله تعالى والتناصر في الدين والتعاون على البإ والتَّقوى وإقامة الحق, فهذا باق لم يُنْسَخُ وهذا معنى قولَه في هذه الأحاديث: ((وأَيّماحلف كان في الجاهلية لم يَزِدْهُ الأسلام الاّشِـدَّةً)), وأما قوله: ((لاحِلْفَ فيَ الأسلام)) فالمرادبه: حِلْفُ التوارث, والحِلْفُ على مامنع الشرع منه, والله أعلم).

واتە: قازی گوتوویەتی: (طبري) دەڵێت: ئـەم ڕۆژگـــارە هاوپەیمانێتی دروســت نییە، چونکە ئەوی کە لە فەرموودەکەدا باسکراوەو میرات پێگرتنیو میراتگرتن بەبرایەتی، هەمووی نەسخ کراوەتەوە، چونکە خوای بەرز فەرموویەتی: (خزمان لە کتێبی خوادا بۆ یەکدی لە خەڵکی دیکە لە پێشترن)، (حەسەن ) گوتوویەتی: میراتگرتن کاتی خۆی بە هاوپەیمانێتی بوو، بەڵام بەئایەتی میراتەکان لابـرا، منیش دەڵێم: ئـەوەی کە پەیوەستە بەمیراتەوە لەلای جەماوەری زانایان واپەسەندە سەرپێچی پەیمانە پێشووەکەی تێدا بکرێت، بەڵام برایەتی ئیسلامییو هاوپەیمانێتی لەسەر فەرمانبەریکردنی خـوای بـەرز، پشتی یەکدی گرتن لە دینداریداو هاوکاریی لەسەر چاکەو پارێزکاریی، بەرپاکردنی هەق، ئەوە بەردەوامەو لانەبراوە، ئەمەش مەبەستە بۆ قسەکەی لەم فەرموودانەدا، ((هەر پەیمانێک لەسەردەمی نەفامێتیدا بووبێت ئیسلام هەر پتەوتری کـردووە))، بەڵام ئەوە کە دەڵێت: ((هاوپەیمانێتی لە ئیسلامدا نییە)) ئەوە مەبەست پێی پەیمانی میراتگرتنو پەیمانە لەسەر هەرشتێک کە شەریعەت ڕێی لێگرتووە، خواش زاناترە)).

دوو: ((ابن حجر العسقلاني))یش خوا لێی خۆشبێ لەوبارەوە گوتوویەتی:

(وتَضمَّن جوابُ انس انكار صدر الحديث, لأن فيه نفي الحِلْفِ, وفيما قالَهُ هو اثباتُهُ, ويمكن الجمعُ بأن المنفيَّ ماكانوا يعتبرونه في الجاهلية من نصر الحليفِ ولوكان ظالماً, ومن اخْذِ الثار من القبيلة بسبب قتل واحِدٍ منها, ومن التوارث ونحو ذلك, والمثبت هو ماعدا ذلك, من نصر المظلوم والقيام في امإ الذين ونحو ذلك من المُسَتَحبّات الشرعيَّة كالمصادقةِ والموادة وحفظ العهد).

واتە: وەڵامەکەی ئەنەس نکۆڵیکردنی سەرەتای فەرموودەکەی گرتووەتە خۆی، چونکە لەوێدا هاوپەیمانێتی لابراوە، بەڵام ئــەوەی ئەو (واتــە: ئەنەس) گوتوویەتی: چەسپاندنی هاوپەیمانێتییە!

دەشگونجێت هەردووکیان کۆبکرێنەوە، بەوە کە بگوترێ: ئەوەی لابراوە ئەوە بووە کە لە ڕۆژگاری نەفامێتیدا باوبووە، وەک: سەرخستنی هاوپەیمان ئەگەر ستەمکاریش بێ، وەک تۆڵەستاندنەوە لە تیرەیەک بەهۆی ئــەوەوە کە یەکێک لەتیرەکەی بەرامبەر کوژراوە، وەک میرات لەیەکدی گرتنو وێنەی ئەوانە، بەڵام چەسپێنراو (لە هاوپەیمانێتی) غەیری ئەوانەیە، وەک: یارمەتیدانی ستەمدیدە، بەڕێوەبردنی کاروبردنی کاروباری ئایینو وێنەی ئەوانە، لەوشتانەی کە پەسەندیدەی شەریعەتن، وەک برادەرایەتیو دۆستایەتیو وەفاداریی)).

سێ : ((إبن الأثير))یش خوا لێی خۆشبێ هەر لەوبارەوە گوتوویەتی:

(أصل الحِلْفِ: المعاقدة والمعاهدة على التعاضُدِ والتساعُدِ والإتِّفاق, فما كان منه في الجاهلية على الفتن والقتال بين القبائل والغاراتِ, فذلك الذي وردَ النَّهيُ عنه في الأسلام بقوله: ((لاحِلْفَ في الأسلام)) وماكان فى الجاهلية من نصر المظلوم وصلة الأرحام- كحلف المُطيَّبين وماجرى مجراه- فذلك الذي قال فيه ((وأيّما حلف كان في الجاهلية لم يَزِدْهُ الأسلام الاّشِـدَّةً)) يريدُ من المعاقدة على الخير ونُصْرة الحق, وبذلك يَجتمعُ الحديثان, وهذا الحلف الذي يقتضيه الأسلامُ, والممنوعُ منه ماخالَفَ حكم الأسلام..)

واتە: ((وشەی (حلف) لە بنەڕەتدا یانی گرێبەستو پەیماندان لەسەر پشتگیرییو هاوکارییو ڕێککەوتن، جا ئــەوەی کە لـەڕۆژگـاری نەفامێتیدا لەسەر ئـاژاوەو کوشتارو ڕاووڕووتی نێوان تیرەکان بووبێت، ئەوە ئەو جۆرەیە کە لە ئیسلامدا قەدەغەکراوە بە فەرموودەی: ((هاوپەیمانێتی لە ئیسلامدا نییە))، بەڵام ئەوەی کە لەڕۆژگاری نەفامێتیدا بۆ یارمەتیدانی ستەملێکراوو گەیاندنی پەیوەندیی خزمایەتی بووبێت (وەک پەیمانی بۆنخۆشکراوانو هاووێنەی وی)، ئەوە ئەو جۆرەیە کە لەبارەیەوە فەرموویەتی: ((هەر هاوپەیمانێتییەک لە نەفامێتیدا بووبێ، ئیسلام هەر پتەوتری کـــردووە))، کە مەبەستی پەیمانبەستنە لەسەر چاکەو سەرخستنی هــەق، بەمەش هــەردووک فەرمایشتەکە کۆدەبنەوە (واتــە: دژی یەک نابن، وەک بەڕواڵەت وایە )، ئەمجۆرە هاوپەیمانێتییەشە کە ئیسلام دەیخوازێو ئــەوەش کە ڕێی لێگیراوە بریتییە لەوە کە پێچەوانەی حوکمی ئیسلام بێت)).

بەڕێزان!

پێموایە پاش ئەم برە توێژینەوەیەش لـەبـارەی چەند فـەرمـوودەیـەکـەوە کە ڕواڵەتەکەیان قەدەغەکردنی هاوپەیمانێتی (تحالف) بەشێوەیەکی ڕەهـاو بە گشتی دەگەیەنن، باش باش ڕوونبووەوە کە مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو فەرموودانە شتێکی دیکەیە، کە بریتییە لە: قەدەغەکردنو ڕێلێگرتنی ئەو جۆرە هاوپەیمانێتیو ڕێککەوتنانە کە لە سەردەمی نەفامێتیدا لەپێناو ئامانجو مەبەستی خراپو ناشەرعیانەدا دەبەستران، ئەگەر نا، پەیماندانو ڕێککەوتن بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجی ڕاستو ڕەواو شەرعیی، نەک هەر هیچ ئیشکالێکی تێدانییە، بەڵکو وەک هەر بابەتێکی دیکەی بواری عادەتو هەڵسوکەوتەکان (العادات والمعاملات) لە ئەسڵدا ڕەوا (مُباح)یەو، جـاری واش هەیە حوکمەکەی دەگۆڕێت بۆ پەسەندیی (ڕستحباب)و بگرە پێویستیی (وجوب)یش، بەپێی بنچینەی شەرعیی: (ما لايتم الواجب الاّبه فهو واجب): هەرشتێک فەرزێک پەکی لەسەری کەوت فەرزە، بنچینەی: (للوسائل حكم المقاصد): ئـامـرازەکـان حوکمی ئامانجەکانیان هەیە.

بە پێویستیشی دەزانم کە لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا ئاماژە بۆ مەسەلەیەکی گرنگ بکەم:

بابەتی هاوپەیمانێتی بەستن (کە وەک لەم باسەدا ڕوونمانکردووەتەوە، لە بنەڕەتدا شتێکی ڕەوا ڕێ پێدراوە)، بابەتێکی یەکجار گرنگو هەستیارەو دەگونجێت دەرهاویشتەو دەرئەنجامی جۆراوجۆری لێبکەونەوە، بەهەردووک باری چاکو خراپداو بەگوێرەی تێدا پێکانو نەپێکان، بۆیە پێویستە سەرکردەو مشورخۆران زۆر بەوریاییو هۆشیارییەوە هەنگاوی تێدا هەڵێنن، هەتا دەتوانن ڕاوێــژی تێدا بکەنو ئەوپەڕی وردبینییو دووربینیی تێدا بەکاربهێنن، ئەوە لەلایەکو لەلایەکی دیکەشەوە لە سۆنگەی ئــەوەوە کە ئەو بابەتە ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی سیاسیو ئاسۆیەکی فراوانی فیکریی پێویستە، ئەگەر بێتو سەرکردەو مشورخۆرەکان زەمینەسازییەکی باشی فیکرییو پەروەردەیی لەنێو ئەندامو دۆستو لایەنگراندا بۆ نەکەن، ڕەنگە ڕووبەڕووی گلەییو گازندەو ڕەخنەی زۆر ببنەوەو بگرە سەریش بکێشێت بۆ لێکترازانو پەرتەوازەییش!

دیارە هەرکام لە ڕێککەوتن (صلح)ی حودەیبییەی سەردەمی پێغەمبەری خوا (د.خ)، ڕێککەوتنی دوای شەڕی (صفِّين)ی ڕۆژگـــاری عەلی کـوڕی ئەبوتالیب (خوا لێی ڕازی بێت)، کە شۆڕەتی (تحكيم)ی وەرگـرتـووە، چاکترین بەڵگەو نموونەن لەوبارەوە!

چونکە لەئاکامی هەرکام لـەو دوو ڕێککەوتنو پێکهاتنەدا، لە هی یەکەمیاندا زۆربــەی خەڵکەکەو لەهی دووەمیاندا ژمــارەیــەک نـاڕازیـی بــوونو ڕەخنەیان گرت، ئەو پێکهاتنو پەیمانبەستنەیان لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا پێ قبوڵ نەکرا، بەڵام لە سوڵحی حودەیبییەدا بە حیکمەتو لێزانیی پێغەمبەری خوا (د.خ) لەلایەک، گوێڕایەڵییو متمانەی خەڵکەکە بەرامبەر بەقیادە، لەلایەکی دیکەوە، کێشەو گرفتی بەرەی ڕەخنەگرو ناڕازییو (جبهة المعارضة) بەبێ سەرئێشەو دەرهاوێشتەیەکی خراپ، چارەسەر بوو، بـەڵام لە سوڵحی تەحکیم ئـەو کێشەو گرفتە چارەسەرنەکراو سەرئەنجامیش دەرهاوێشتەی یەکجار خراپی لێکەوتنەوە، کە خراپترینیان لێکترازانی ڕیزەکانی سوپای خەلیفەی چوارەمی پێغەمبەر (د.خ)، عەلی کوڕی ئەبوتالیب، پاشان شەهیدکرانی خۆیشی بوو بەدەستی یەکێک لەو ڕەخنەگرو ناڕازییە کەللە ئێشکو ناحاڵییانە کە (عبدالرحمن بن ملجم) بوو!

خوای بە بەزەییو بەخشەر بەلوتفو کەرەمی بێ سنووری خۆی هیدایەتی زیاتری هەمووولایەکمان بدات، بەجۆرێک کە هەرچییەک خێرو بەرژەوەندیی خەڵکو کۆمەڵگامانی تێدایە، لە هەر قۆناغو هەلومەرجێکدا بتوانین لێزانانەو بوێرانەو وردبینانەو دووربینانە، بڕیاری لەسەر بدەینو هەنگاوی بۆ بنێین، هێندەش ڕاوێژ پێکردنی خەڵکەکەمانو بەرچاو ڕوونکردنەوەو ئیقناعکردنیان ڕەچاوبکەین، کە ڕێ نەدەین هیچکەسمان لێ بڕەنجێت، یان بەجێ بمێنێت.

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد
ألاّ اله ألاّ أنت
أستغفرك وأتوب اليك



# هەڵبژاردن‌وگوتاری هاوبەش

سەردار قادر

وا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەیەو چەندەها لیست لە خۆ ئامادەکردندان بۆ بەشداریکردن‌و ئامانجی هەر یەک لەو لیستانە بردنەوەی کورسییەکانە، لە هەمانکاتدا هەڵبژاردنی لوبنان کراو دەرئەنجامەکەی بردنەوەی لیستی ١٤ ئازارو دۆڕاندنی ئۆپۆزسیۆن بوو، ئەوەی دەبێتە جێگەی سەرنج، لەگەڵ دەرکەوتنی دەرئەنجامەکان لە لوبنان هەر هەموو گوتارێکی هاوبەشیان دروستکرد، کە ئەویش دروستکردنی حکومەتی یەکبوونی نیشتیمانی بوو، هەرچەندە لە لوبنان لیستەکان نوێنەری ئەتنیک و تایەفە و ئایینی جیاوازن !!!

لە کوردستان کە هێشتا وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستیپێنەکردووە، ئەوەی نابینرێت بوونی گوتاری هاوبەشە!!! لە کوردستان هەر هەموو یەک ئایین‌و یەک تایەفەن، کەچی گوتاری هاوبەش نابینرێت!!

لە کوردستان ئەوەی دەبینرێت لە لیستەکانەوە:

١- خۆ بەتاڵ کردنەوەو بە فرسەت زانین کە گرێ کوێرەکان و برینەکانی پێشوو هەڵبدەنەوە و کۆی بارودۆخە سلبییەکان بدەنە پاڵ یەک.

٢- هەر هەموو خۆی بە جوان وسەقامگیرو فریادڕەس پیشاندەدات‌و بەرامبەر بە تێکدەرو گەندەڵ‌و..... پیشاندەدات.

٣- عەقڵی شەڕخوازیی‌و نەفیکردنی بەرامبەر، دەرکەوتنی هەموو کەسە عەسکەرییەکان‌و تەسریحی گڕاوی، روونکەرەوەی ئەو خاڵەیە!!

٤- عەقڵی پاوانخوازیی‌و موڵکبوون پێوەیان دەردەکەوێت، ئەو ناوچە یە هی منەو ئەوی دیکە هی تۆیە ....

٥- دەسەڵات کاردەکات بۆ تەسفیەکردنی بەرەی خۆی و کێ کار بۆلیستەکەی نەکات، ئەوە ئاساییە نانبڕاوی بکات‌و بێ کاری بکات، بەرامبەریش باڵەخانەی تەکەتولی خۆی تۆکمە دەکات‌و کۆبوونەوەی ژوورە تاریکەکان برەوی دەداتێ.

٦- میدیاکان دەگەڕێن بۆ کام هەواڵە گەرموگوڕەو خوێنەرو بینەر بۆ خۆی زیاد دەکات‌و ئەوەندەی گوتارێکی گڕاوی بروز پێ دەکەن، ئەوەندە وتارێکی زانستی‌و میانڕەو جێگەی نابێتەوە.

ئەوەی تا ئێستا دەبینرێت بەو جۆرەیە ....

کامە وتار بینرا لە لیستێک لە لیستەکانەوە کە بانگەشە بۆ بوونی گوتاری هاوبەش بکات؟؟؟

هەر هەموو خۆی بە مەهدی پیشاندەدات‌و هەر ئەوە کە کوردستانمان بۆ دەکات بە بەهەشت!!!

کامەیە گوتاری هاوبەش بەرامبەر :

ناوچە دابڕاوەکان، پەیوەندیمان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند و کێشە هەڵواسراوەکان، هێزی پێشمەرگەو داهاتوویان، کێشەی فرە کارمەندی حکومیی‌و مەسەلەی مووچەو بوودجە، دروستکردنی لیژنەی نەزاهەو پیاچوونەوەی چاودێری دارایی ....

ئەوەی باوەڕی بەوەیە کە گۆڕان لێرەوە دەستپێدەکات، دەبێت:

گوتاری جودا بێت لە وانەی دیکە....

ئسلوبی بانگەشەی جیاواز بێت لەوانی دیکە....

باوەری بە راو رای بەرامبەر هەبێت....

هەوڵبدات بۆ دروستکردنی گوتاری هاوبەش .....

ئەوەی لە دەسەڵاتدایەو باوەڕی وایە کە دەسەڵات لای ئەوان دەمێنێتەوە، دەبێت:

ئەوە بزانێت کە دەسەڵات موڵک نییەو دەکرێت بەشێوازی ئاشتیانە بگوێزرێتەوە ...

ئەوە بزانێت کە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن ئەزموونەکە بەرەو پێش دەبات...

ئەوە بزانێت کە گوتاری هاوبەش دەبێتە فریادڕەس بۆ هەمووان ...

دەنگدەری کورد بڕیاری دەنگدانی پێدەچێت بەوە نەگۆرێت کە تۆمەت به یەکتری ببەخشن!!! دەنگدەری کورد چاوەڕێیە کە بەرەو قۆناغێکی نوێ بڕوات.




## ڕادیۆی دەنگی گۆڕان
## لە هەولێر

ئاگاداری بیسەرانی بەرێز دەکاتەوە کە دەتوانن لەم ناوچانەی خوارەوە گوێبیستی بەرنامەکان بن

لە دەڤەری گەرمیان، شارەزور، حەوزی بتوێن، شەقڵاوە، هیران، نازەنین، تەقتەق‌و کۆیە، بە فریکوێنسی FM 94.4

لە هەولێریش بە فریکوێنسی FM 89.5

Dangi Gorran

لە سەرتاسەری جیهانیشدا لەسەر فریکوێنسییەکانی KNN دەتوانن گوێبیستی بەرنامەکان بن




چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩

• کۆنترا گـــــــــــــــۆڕان ل ٢-٣
• یاخیبوون لە ئەخلاق ل ٤-٥
• هاوژینی مەلا ئەمین بۆ پرد ل ٦-٧
• گۆڕان... پێویستییەکی هەنووکەیی هەمەلایەنە ل٨

پرد
رۆژنامە
PIRD
دووشەممە
دیمانەو لێکۆڵینەوەی سیاسییو رووناکبیری
ژمـارە (490) دووشەممە 2009/6/15 ٨ لاپەڕە prd@rozhnama.com

سەرەتا

# مرۆڤ نامرۆڤە؟!

مەحمود شێرزاد

ئەرەستۆ دەڵێت: «کاتێ کەسێک دەبێتە ستەمکارو کەسانی دیکە دەچەوسێنێتەوەو زوڵمیان لێدەکات، لە راستیدا دەبێت بەزەییمان پێدابێتەوە، چونکە ئەوە ستەمکارەکەیە کە خەریکە تووشی هەڵسوکەوتێکی ناشیرین‌و نامرۆڤانە دەبێت نەک ستەملێکراوەکە». بە درێژایی مێژوویی مرۆڤایەتی زۆر رێبازو مێتۆدی ئەخلاقی‌و مەعنەویی هەبوون کە ئێشیان لەبارەی ئەم هاوسەنگییە کردووە، واتە هاوسەنگی نێوان ستەمکارو ستەملێکراو، هاوسەنگی نێوان چەوسێنەرو چەوساوە، ئازادیخوازو دیکتاتۆر، مرۆڤدۆست‌و دژەمرۆڤ‌و... هتد، هاوسەنگییەکە کە نابێت هەروا بە سانایی سەیر بکرێت، بە تایبەت کە ئێمە هەمیشە بەزەییمان بە ستەملێکراو یا چەوساوەو... هتدەکان دێتەوە.

یەکێک لەم مێتۆدانەی لە سەدەی بیستدا هەوڵێکی زۆری دا ئەم هاوسەنگییە راڤە بکات‌و هەر یەک ستەمکارو چەوسێنەر لە پێگەو ئەرکی خۆیان ئاگادارکاتەوە، شێوازی خەباتی سەرپێچی مەدەنی بوو. ئەم شێوازەش هەروەک ئەرەستۆ پێیوایە ستەمکار زیاتر لە ستەملێکراو جێگەی بەزەییە، چونکە ئێمە هەمیشە دەبێت بەزەییمان بە کەسێکدا بێتەوە کە ئیشێکی خراپ‌و نامرۆڤانە دەکات، نەک کەسێک کە ئیشە خراپەکەی لەسەر ئەنجامدەرێت. لێرەوە یەکەم ئەرکی چەوساوەو ستەملێکراو ئەوەیە نەکەوێتە دۆخی هاوشێوەوە، یانی بە شێوازی نامرۆڤانەی ئەو وەڵامی ئەو نەداتەوە، بەڵکوو دەبێت بە پێچەوانەی خراپکارەکە هەڵسوکەوت بکات، چونکە ئەگەر وانەکات چەوساوەش وەک چەوسێنەر تووشی هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە دێت‌و دۆخێک دروست دەبێت کە تێیدا هەردوولا دەبن بە هۆی قووڵترکردنەوەی خراپەو ناشیرینییەکان‌و هەردوولای تێدا دەدۆڕێن، لێرەوە چەوساوە یا ستەملێکراو بە هەموو پێوەرێکی مرۆیی‌و ئەخلاقی براوەیەو ستەمکارو چەوسێنەریش دۆڕاو، هەر بۆیەش ئەرکی چەوساوە وادەخوازێت ستەمکاریش لەم براوەبوونە بەشداربکات، یانی لە رێگەی هەڵوێستی مەدەنی‌و هێمن‌و مرۆڤانەی خۆی ستەمکار لە هەڵسوکەوتی خۆی ئاگادارکاتەوە.

ریچارد تنبورۆ لە فیلمە بە ناوبانگەکەیدا (گاندی) کە ساڵی ١٩٨٢دا لە بارەی ژیان‌و خەباتی مهاتماگاندی‌و سەربەخۆیی هندوستان‌و توندوتیژییەکانی بەریتانیا بەرهەمی هێناوە، ئەم خاڵەی لە بیر نەچووە، بۆ نمونە لە یەکێک لە بەشەکاندا مهاتماو قەشەیەکی گەنجی مەسیحی لە ماڵەوە بەرەو ئۆفیسی کارەکەیان دەچن، لە رێگە کۆمەڵێک سپییپێست پێشیان پێدەگرن‌و دەڵێن نابێت ئەو رەشپێستە بە جادەی سپی پێستەکاندا هاتوچۆ بکات‌و قسەی ناشیرینیان پێدەڵێن، مهاتما لە وەڵامیاندا دەڵێت: «بەڕێزان پێتان وانیە جیهان ئەوەندە فراوانە جێگەی هەموومانی تێدا دەبێتەوە؟». دوای ئەوە مهاتما درێژە بە رێگەی خۆی دەدات، قەشەکە پێی دەڵێت: واهەست دەکەم تۆ هەوڵتدا ئەم رستە بەناوبانگەی مەسیح بەرجەستە کەیتەوە کە دەڵێت: «ئەگەر زللەیەکیان لە رووومەتی چەپتدا رووومەتی راستیشیان بۆ راگرە»، بەڵام من پێموایە ئەم قسەیەی مەسیح ئیغراقی تێدایەو مرۆڤ چۆن دەتوانێت وا بێت؟! مهاتما لە وەڵامدا دەڵێت تۆ وەک قەشەیەکی مەسیحی لەم حیکمەتە تێنەگەیشتووی، مەبەستی مەسیح ئەوەیە کە لە ئاست هێرش‌و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەدا خۆراگربەو دژکردەوەی خێراو هاوشێوە لە خۆت نیشانمەدە، بەڵکوو بە پێچەوانە لە رێگەی خۆڕاگریی‌و هەڵوێستی مەدەنی‌و مرۆڤانەوە دەتوانیت ئەو تووشی دۆخێکی رۆحی بکەیت‌و لە کردەوەی ناشیرینی خۆی ئاگاداری بکەیتەوەو بیگۆڕیت.

بۆیە وەزیفەی ستەملێکراوو چەوساوەو داگیرکراوەکان ئەوە نیە کە دژکردەوەی هاوشێوە لە خۆیان نیشان بدەن، بەڵکوو ئەوەیە بە هەڵسوکەوتی مرۆیی‌و ئەخلاقی، ئەو لە کارە ناشایستەکانی خۆی ئاگاداربکەنەوە، چون بە راستی ستەمکار شایانی ئەوەیە هەموومان بەزەییمان پێدابێتەوە. بە راستی ئەگەر بڕیاروایە لایەکی جیهان ستەمکارو لایەکی دیکەی ستەملێکراو بێت، من وەک خۆم دەپاڕێمەوە هەمیشە لە بەرەی ستەملێکراوو چەوساوەکاندا بم.

بۆیە کاتێ لەڕێگەی راگەیاندراوەکانەوە ستەمکارەکان دەبینن کە لە پێناو ئایین‌و سیاسەت‌و نەتەوەو ئابووریی‌و خواردن‌و... هتد، سووکایەتی بەمرۆڤ‌و بوونەوەرەکانی دیکەو سروشت دەکەن، دەبێت پر بەدڵ بەزەییمان پێیاندابێتەوەو هەندێ جاریش بۆیان بگرین کە بۆچی هەست بە ناشیرینی‌و نامرۆڤانە بوونی هەڵسوکەوتەکانیان ناکەن؟!



## مرۆڤ لە بەردەم دووڕیانی گاندیو ستالیندا

ستەمکار زیاتر لە ستەملێکراو جێگەی بەزەییە، چونکە ئێمە هەمیشە دەبێت بەزەییمان بە کەسێکدا بێتەوە کە ئیشێکی خراپ‌و نامرۆڤانە دەکات، نەک کەسێک کە ئیشە خراپەکەی لەسەر ئەنجامدەرێت

www.netewe.com

# ۆڕان

ئازادبوونی ئەو نییە، بەڵکو دیوارێکی ئەو زیندانەیە کە تێیکەوتووە، لێ دیوارێکی هەڵخەڵەتێنەر، باڵندەکە بیری دەچێتەوە لەکوێوە هاتووەتە ئەم هۆدەیەوە هەتا پێیدا بگەڕێتەوە بۆ نـاو سـروشـت، چـارەی ئەم لەم بیرکردنەوەیەدا خۆکێشانی بەردەوامە بە شووشەی پەنجەرەکەدا هەتا شەکەت بوون، سەرۆکەکانی ئێمە بۆ کوردی باڵندە شووشەی پەنجەرەی هۆدەیەکن. ئازادیی کورد لە پەیڤدایە، نەک لە سیاسەتی سەرۆکەکانیدا، کورد چونکە گرنگیی پێویستی بە پەیڤی کوردی نەداوە، نەیتوانیوە عەقڵی گـەورە بەرهەم بهێنێت. یۆنانییە کۆنەکان لۆگیک‌و پەیڤیان وەک یەک تەماشاکردووە، هەربۆیە هەمیشە لە قسەکردندا بـوون لەپێناوی بەرهەمهێنانی هۆشیارییدا، کەچی لەناو ئێمەی کـورددا پێمانوایە سەرەتا دەبێت هۆشیاربین ئەوسا قسەبکەین. ئەرکی تاکی کورد قسەکردنی بەردەوامە لەپێناوی بەرهەمهێنانی لۆگیکدا، تاکی قسەنەکەر، تاکێکی بێبەشە لە لۆگیک، باڵندەیەکی سەرلێشێواوی هۆدەیەکە کە هەتا مەرگی سەر بە شووشەی پەنجەرەیەکدا دەکێشێت.

ڤیلهێلم فۆن هومبۆڵدت دەڵێت: پەیڤ ڕەنگدانەوەی رووی دەرەوەی رۆحـی نەتەوەکانە، پەیڤەکەیان رۆحیانەو رۆحیان پەیڤەکەیان، بـیـرکـردنـەوەی مـرۆڤ هەرگیز ناتوانێت لەیەک ئیندێنتیتێتبوونی ئەم دووانە تێربێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: یەکەم ئاخۆ ئێمەی کورد خاوەنی رۆحێکی کوردین؟ ئەگەر ئا، ئەو رۆحە چییە؟ دووەم کە ئێمە خاوەنی رۆحێک نەبووین، ئیدی چۆن رۆح‌و پەیڤەکەمان خاوەنی یەک ئیدێنتیتێت بن؟ ئێمە سەرۆکێکمان هەیە جارێک خاوەنی رۆحێکی عێراقییەو جارێکیش خۆی بە ئێرانی دەزانێت، ئاخۆ مرۆڤ چۆن بتوانێت لۆگیکانە بیسەلمێنێت کە سەرۆکی ناوبراو خاوەنی یەک ئیندێنتیتێتیی رۆح‌و پەیڤە؟ مرۆڤ دەتوانێت لۆگیکانە بیسەلمێنێت کە سەرۆک خاوەنی پەیڤێکە خاڵییە لە لۆگیک، هەربۆیە بەشێکی گەورەی وتەکانی دەچنە خانەی نەگوتنەوە. لەسەر چەمکگەلێک کە سەرۆک توانای قسەکردنی لەسەری نییە، لە هەموو کاتێک زیاتر قسەدەکات، لەکاتێکدا زانایی لـەوەدا دەبوو کە هیچی نەگوتایە، ئا لێرەدا دەیتوانی بـەهـایـەک بـۆ قسەکردنی خۆی دابنێت، لێ لەوکاتانەدا کە زیاتر قسە دەکات، وەک ئەوە وەهایە کە هیچی نەگوتبێت، هەربۆیە هیچ بەهایەک بۆ خۆشی ناهێڵێتەوە، مرۆڤ دەتوانێت لەم بارودۆخەدا لە هەبوونی رۆحی سەرۆک دڵنیابێت، کە رۆحی مرۆڤێکی کۆیلەیە، ڕەنگدانەوەی رۆحی ئەم کۆیلەیە لە پەیڤیدایە، رۆح‌و پەیڤی سەرۆک خاوەنی یەک ئیدێنتیتێتن، رۆحی کۆیلەیەک «خاڵیی لە ئازایەتی‌و ئـازادی»، پەیڤی کۆیلەیەک «خاڵیی لە لۆگیک». دێوی ناوەوەی پەیڤی سیاسییەکان‌و سەرۆکەکانی ئێمە بریتییە لە بەتاڵییەک، چێوەیەکی بۆش، ئەمە شێوازی قسەکردنیانە لە هەموو بۆنەو چاوپێکەوتنێکیاندا، ئاخر دەربڕینی هەر رستەیەکی ناتەواوو نالۆگیک وەک نەگوتنی وەهایە، چونکە ئەنجامێکی هەڵەمان دەداتێ، ئەمجۆرە پەیڤە هەمانکات نەخۆشییەکە کە زیان بە هۆشیاریی‌و تێگەیشتن دەگەیەنێت، ئەرکی لۆگیک لێرەدا ئەوەیە کە بەرگریی لە تەندروستیی تێگەیشتن بکات. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: هەتا کوێ تەندروستیی تێگەیشتنی ئێمە لە چێوەی وتەکانی ئەمجۆرە سیاسی‌و سەرۆکانەدا پـارێـزراوە؟ گوێگرو خوێنەر بۆئەوەی لە تەندروستیی تێگەیشتنی خۆیان دڵنیابن، دەبێت پەنابەرنە بەر ماتماتیک، ئاخر خودی ماتماتیک خاوەنی فۆرمی لۆگیکە.

دەسەڵاتی سیاسیی هاوپەیمانیی زەردو سـەوز وەک لابرینێتێکی شـووشـەیـی وەهـایـە، لـە خـودی ئەندامانی خۆیانەوە هەتا هاوڵاتییەک، لـە چـوونـە ژوورەوەیـانـەوە بۆ ناو سیمپاتیی (ئێسکسوکیی) ئەم دەسەڵاتە دەوریـان بە (روونـی)و (روونـاکـی) دەگـیـرێـت، بـەرەو هەرلایەکی ئەم روونییە دەچن جگە لە دیوارێکی شووشەیی بە هیچی دیکە ناگەن. پـاش تێگەیشتنیان لـەوەی کە سەریان بە دیوارێکی شووشەییدا کێشاوە، رووناکییەکی دیکە سەرنجیان بۆخۆی رادەکێشێت، لێ کاتێک بەویش دەگەن، تووشی هەمان هەستی پێشوو دەبن. لەناو ئەم لابرینێتەدا دەروونیان دابەشدەکەن بەسەر دوو هەستدا، «ترس»و «هیوا»، ترس لە دەربازنەبوونیان‌و هیواش وەک هەڵخەڵەتێنەری ئەو فاکتەی کە تێیکەوتوون، ئەوان ئێستا وەک باڵندە سەرلێشێواوەکە بیریان نەچووەتەوە کە لەکوێوە هاتوونەتە ژوورەوە، هەتا لێوەی برۆنەوە دەرەوە، بەڵکو ئەوان نایانەوێت ئەو هەستە بەسەریاندا زاڵبێت کە پێیان دەڵێت: ئێوە دیلن. دەوریان بە کۆمەڵێک ڕەنگدانەوەی ئاوێنەیی دەسەڵاتی ناوبراو گیراوە، لەودیو شووشەی ئەم دیوارانەوە پێمان دەڵێن: بژیی سەرۆک.

سیاسییەک دەڵـێـت: وڵاتانی دراوسـێ پـارە دەدەن بە رۆژنامەنووسان بۆئەوەی ناوبانگی هـەرێـم بشێوێنن. لە وتـەی ئەم سیاسییەدا، رۆژنـامـەنـووسـان هـەمـوویـان لـەسـەر کورسیی تاوانباربوون‌لەبەردەمی‌لێپرسینەوەدا دادەنیشن، کێشە لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەر سیاسییەکانی ئێمە کێشەیان لەگەڵ بیروڕایەکی دیکەدا هەبێت‌و بە مەترسیی بۆ سەر خۆیانی بزانن، ئیدی لە ئاگایی‌و نائاگایی خۆیاندا وتەکانیان بە هیپۆتێزە (نەسەلمێنراو، وەرگرتنێکی نەسەلمێنراو، کە بەکاردەهێنرێت بۆ زانستێک)، ریزبەند دەکەن، ئەمە وێڕای ئەوەی کە سیاسییەکانی ئێمە بە رێژەیەکی گەورە وەک زانست دوای سیاسەت نەکەوتوون، بەڵکو لە مێژوویەکدا بەهۆی (بەتاڵیی، تۆڵەسەندنەوە، دوژمـنـداریـی، هەبوونی کێشە، دزیکردن لە دەوڵەت‌و... هتد)، کردونی بە سیاسیی، ئەمانە هەتا ئێستاش وەک زانست تەماشای سیاسەت نـاکـەن، کە هەڵوێست بەرامبەر میدیای ئازادو رۆژنامەنووسانیش وەردەگـــرن، پـارێـزگـاریـی لە بەرژەوەندییە مادییەکانی خۆیان دەکـــەن، نـەک هیپۆتێزە وەک نەسەلمێنراوێک بۆ زانستی سیاسەت بەکاربهێنن. ئەوەی سەرۆک دەیڵێت ئیدی هەرچ شتێک بێت، (لێگیتیم)ە، (یاساییانە رێگاپێدراوە)، لێرەدا سەرۆک خاوەنی هەقە، هەق لەپێشەو هاوڵاتییەک ئیدی هەرچ کارە بێت، سیستێماتیکانە دەچێتە خانەی کلاسی دووەمەوە، (رەشبوون) بەشێوەیەک دەچێتە خانەی ڕەنگکراوەوەو لە هەلومەرجێکی تایبەتدا، بۆ نموونە (پرۆسەی هەڵبژاردن) تەرمینۆلۆگیی سـەرۆک‌و سیاسییەکانمان بریتی دەبێت لە ڕەشکردنی کۆ.

رۆژنامەنووسەکانمان کار بۆ وڵاتانی دراوسێ دەکەن، لێرەدا ئەگەر ئێمە راگەیاندنی کوردی لە باشووردا بە دارستانێک بچوێنین‌و وتەکەی سەرۆکیش بە ئاگر، ئەوا بەرەوڕووی قوتکردنەوەی پرسیارێک دەبینەوە کە بریتییە لە ئاخۆ لەم دارستانی راگەیاندنەدا هیچ تەڕە درەختێکی بێلایەن هەیە هەتا نەسووتێت؟ زۆر بەگومانەوە دەردەکـەوێـت کە هیچ یەکێک لەم هیپۆتێزانەی سـەرۆک‌و سیاسییەکانمان راست بن. لێ من بەدڵنیاییەوە دەبینم کە ئەم تاوانبارکردنە راست نییە، لە سەرێکی دیکەوە ناتوانم دڵنیانەبم کە شیاوی بوون نەبێت، کە میدیایەک، پارتێک لە خزمەتی وڵاتێکی بێگانەدا کارنەکات. پارتەکەی ئەو سیاسییەی ئـەم قسەیەی کـردووە، خۆیان باشترین ئەزموونیان لەمجۆرە کـارانـەدا هەیە، لـێ بەڵێ ئەگەر سیاسییەکەمان دڵنیایە لەوەی کە هەر رۆژنامەو رۆژنامەوانێک لە خزمەتی وڵاتێکی دراوسێی تێکدەردا کار بۆ شێواندنی هەرێم دەکات، ئەوا دەمانەوێت چەند بەڵگەیەکی سەلمێنراو بگەیەنێتە بەر دیدی خوێنەر. جیاوازیی لەنێوان گومان‌و راستیدا لەسەر پێی بەڵگەو سەلماندن رادەوەسـتـێـت، مـرۆڤ دەتوانێت بە بەڵگە بـاس لە رووداوەکـانـی ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٦ بکات‌و بیسەلمێنێت کە نەک رۆژنامەیەک، بەڵکو پارتێک بە هاوکاریی بەعس، نەک هەوڵی تێکدانی هەرێمی دا، بەڵکو کردی. مرۆڤ دەبێت بزانێت کە ئەگەر خەڵکانێک گۆڕانیان بوێت‌و داوای گۆڕان بکەن، ئەوا خەڵکانێکی دی هەن، چونکە گۆڕان بە قازانجی ئـەوان ناشکێتەوە دەبنە کۆنترا گـۆڕان. کێشەی گومانیش لەلای ئێمە گۆڵمەزێکی هزریی ناوەتەوە، لێ وێڕای هەموو ئەم گومانانە کە هەیە، من خۆم بێگومانم لەوەی کە گومانم لە سەران‌و سیاسییەکانمان هەیە. زانستی مێدیسن پێمان دەڵـێـت: ئەگەر مرۆڤێک «تـا»ی هەبوو، پێدەچێت سەرمای بووبێت، لەوانەشە مێشکی هەوی کردبێت یان ئۆرگانێکی دیکەی جەستەی. ئەم تیۆرییە دەکرێت بۆ پشکنینی پەتاکانی کۆمەڵگاش بەکاربهێنرێت یان پارتێک، هەموو رووداوێکی فیزیکیی کاوسالانە پابەندە بە ئاگاییەوە، دەرکردنی بەلێشاوی مامۆستایانی قوتابخانەو زانکۆکان، فـەرمـانـبـەران‌و تەنانەت خودی ئەندامانی یەکێتی خۆی، نموویەکی دیاری ئەم کاردانەوە کاوسالانەیە. لۆگیک لێرەدا بریتییە لـەوەی کە ئەم رووداوە فیزیکییە بوونی نابێت ئەگەر ئاگایی بوونی نەبێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئاخۆ تاکی کورد هەتا چ سنوورێک پێویستە ئاگایانە بڕوانێتە ئەم بارودۆخەی ئێستا؟ ئاخۆ باری دەروونیی پیادەکەرانی ئەم کارە هەتا کوێ دەبنە مایەی مەترسیی بۆ سەر ژیانی خەڵکی؟ پرسیارێکی دیکە ئەوەیە کە لەدوای دەرکـردنـی ئەو کەسانەی بەدڵی دەسەڵاتی یەکێتی نین یان لەویستی ئەواندا نین، چی دیکە دێت؟ وەڵامێک بۆ راکێشانی سەرنجی خوێنەر بریتییە لە: پەرتووک. ئاخر هەنگاوی دووەمـــی نازییەکانیش لـەدوای دەرکــردن، سووتاندنی پەرتووک بوو، هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەم کارەی دەسەڵاتی یەکێتی، دەنگ هەڵبڕینە بۆ گوتنی «نا»، نا بۆ ئەم ناهەقییە، نا بۆ ئەم نادادپەروەرییە. ئەوانەی دەرکراون تیلەی چاوەکانیان لەسەر نەوشیروان مستەفا داناوە، هەندێکیان داوای سەندنەوەی تۆڵەی لێدەکەن. کۆمەڵ رووی خۆیان وەرگێڕاوەتە نەوشیروان مستەفاو داوای وەرگرتنی هەڵوێستی لێدەکەن، لێ ئاخۆ وەرگرتنی هەڵوێست بهتەنیا ئەرکی نەوشیروانە یان هی هەموو؟ ئاخۆ نەوشیروان مستەفا چییەو خەڵکیش چ چاوەڕوان‌و چ داوای چی لەو دەکەن؟ لە هەندێک بواردا خەڵکی چاوەڕوانی کارێک یان کارگەلێک لە نەوشیروان مستەفا دەکەن، کە پێدەچێت لە دەرەوەی سروشتی ئەودابن، کارگەلێک زیاتر هەڵقولاوی میتافیزیکن نەک ریالیتێت. ئەرکی نەوشیروان مستەفا لێرەدا ئەوەیە: بەڵێنێک نەدات کە بەشێک بێت لە میتافیزیک، بەڵکو بەڵێنێک بدات لە ریالیتێتدا، کە شیاوی پراکتیزەکردن بێت، هەندێک بەڵێن هەن ناگوترێن (مەبەست لە پەیڤدایە)، چونکە وەک پەیڤ لەناو میتۆسدا، کۆمەڵگا نەک لە توانایدایە «هیچ» بکات بە گەورەترین دیکتاتۆر بەسەر خۆیدا، بەڵکو دەتوانێت هەڵەی گەورەش بە پاڵەوان بکات. سنوورەکانی توانای نەوشیروان بریتییە لە سنوورەکانی جیهانی ئەو، جیهانی نەوشیروان مستەفاش لە ئاوێنەی ژیانی رۆژانەیدا دەبینرێت، ئەو وەک مرۆڤ بریتییە لە روویەکی دەرەکی وەک جەستە «دیار»، روویەکی ناوەکیی «نادیار»+ روویەکی دەروونیی لەناو نادیارێکی مادییدا. کۆمەڵ تینووی ئازادییە، لێ پێویستە ئەوان لە نەوشیروان بگەڕێن کە خۆی بێت هەتا لە ئایندەدا نە ئەوان لە خۆیان‌و نە ئەویش لە خۆی نیگەران بێت.

وێـنـەی لۆگیکی کوردستان دەتوانێت کوردستان لە خۆیدا وێنابکات، وێنەی لۆگیکی کوردستان لانیکەم لـە بـاشـووردا، بریتییە لە بیرکردنەوە لە «گـۆڕان»، ئەم بیرکردنەوەیە «گـۆڕان»، بریتییە لە وشەیەک، لێ بۆئەوەی هەستی هۆشیاریی پێبدەین، پێویستە بیکەینە رسـتـەیـەکـەوە، چونکە وشەکان تەنیا لەناو رستەدا لۆگیکی خۆیان دەردەخـەن، تەنیا لە رێگای رستەیەکەوە دەتـوانـرێـت قسە لەسەر راستیی بکرێت، چونکە تەنیا رستەیەک دەتوانێت هەڵە یان راست بێت، کەواتە پێویستە بگوترێت «گۆڕانی سیاسی، پێویستییەکی هاوچەرخی کـوردە»، ئەم رستەیە بریتییە لە وێنەی راستییەکان، تێگەیشتن لـەم رستەیە واتـای زانینی دۆسیەیەک، خوێندنەوەی بـارودۆخـێـک، کە راستییەکانی کێشەیەک ئاشکرادەکات، گۆڕانی سـیـاسـی هـەمـوو شـتـێـکـە کە روودەدات. تاکی کـورد تەنیا لە رێگای وتەیەکی وەهاوە دەتوانێت راستی‌و هەڵەی پەیامێک دەستنیشان بکات، ئەمە وێڕای ئەوەی کە تاکی کـورد ئەگەر لەگەڵ ئـەم گۆڕانە سیاسییەدا بێت یان نەبێت، هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت، گرنگ ئەوەیە کە تاکی کورد لە رێگای رستەیەکەوە دەتوانێت دڵنیابێت کە رستەکە راستە یان هەڵەیە، ئیدی ئەوسا بڕیاری خۆی دەدات کە دەنگ بەم گۆڕانە سیاسییە دەدات یان نەخێر. مێژووی شـۆڕشـی کـورد وەهـابـووە کە سیاسییەکانمان هەمیشە لە نەزانیی خۆیاندا رێگایەکیان بەرهەمهێناوەو لە مێژوودا بەجێیانهێشتووە، ئەمانە لەکۆی کۆمەڵێک رێگای کۆمەڵێک سیاسیی جیاواز، لابرینێتێکیان لە سیاسەت بۆ بەرهەمهێناوین، هەنووکە تاکی کورد لەم لابرینێتەدا کە بە رێگایەکیدا دەڕوات، دڵی خۆشە، چونکە رێگاکە دەناسێت‌و شـارەزایـە، لێ لەلایەکی دیکەوە دەبێت بە رێگایەکی دیکەدا بڕوات، کە ئەو نایناسێت‌و شارەزای نییە، هێندە نازانێت ئەم رێگایەی کە ئەو شارەزای نییە، دەیهێنێتەوە سەرهەمان رێگای پێشوو کە ئەو شارەزایەتی. تاکی کـورد دەبێت فێربێت سیاسەت وەک فەلسەفە بکات بە رەخنەیەکی پەیڤەوانیی، دەنا هەموو تەمەنی دیلی ناو ئەم لابرینێتە دەبێت‌و ئاریادنایەک شکنابات شمشێرێکی بۆ رزگاربوون دیاری بکات.

# کۆنتراگ

پۆلا سەعید

**تەنیا لەو ڕێگایەوە ڕستەیەک دەتوانێت ڕاست یان هەڵە بێت، کە ئەو تێیدا وێنەیەکی فاکت بێت.**
لودڤیگ ڤیتگنشتاین

لە سەرەتای فێبریوەری ساڵی ٢٠٠٢دا ئەنگێلیکا هێنسۆلت ریپۆرتاژێکی لە گۆڤاری دێر شپیگڵ (ئاوێنە)ی ئەڵمانیدا بە ناوی «هەڵهاتن لە جەهەننەم»، بڵاوکردەوە، ریپۆرتاژەکە شۆکێک بوو بۆ خوێنەر، کە چۆن منداڵێک بەناوی (حەسەن) لە (سیرا لیۆن)، کە سنووری نووساوە بە باکووری خۆرئاوا، باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی کۆماری (گوینیا)وە، بەزۆر فێردەکرێت بکوژێت‌و ببێت بە مرۆڤکوژ. دوای نۆ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەم مێژووەدا، حەسەن لە ئەڵمانیادا دەگیرسێتەوەو بیرەوەرییەکانی «ژیان»ی لێدەکەن بە جەهەننەم، جەهەننەمێک کە راکردن لێی کارێکی سانا نییە، ئەو بارودۆخەی ئێمە لە باشووری کوردستاندا کە بە بۆشایی ناودەبرێت، تەنیا جەهەننەمێکەو هیچی دیکە، جەهەننەمێک کە سویێ‌و ئازارەکانی لێدەستێنرێتەوەو دەکرێت بە بۆشایی. جەنگی ناوخۆی سیرالیۆنە لە ساڵی ١٩٩١ەوە هەتا ساڵی ٢٠٠٢ی خایاند، قەیرانە سیاسییەکانی لیبیریا لە سەرەتای نەوەدەکانەوە هەنگاوی نایە ناو جەنگێکی ناوخۆی درێژخایەنەوە، کە هەزارەها مێرمنداڵی وەک حەسەنی بەخۆیەوە راپێچی بەرەکانی جەنگ کرد. منداڵەکانی جەنگ مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی ئادۆڵف هیتلەر، ئەویش خاوەنی هەزارەها مێرمنداڵی وەهابوو، کە بە منداڵەکانی هیتلەر ناسرابوون، منداڵگەلێک کە لە هەڕەتی منداڵییەوە فێری کوشتن دەکران، هەتا لە ئایندەدا لەکاتی کوشتندا تووشی هیچ داچڵەکین‌و پەشیمانبوونەوەیەک نەبن، ئێمەش خاوەنی ئەو منداڵانەین، منداڵەکانی لیوای تایبەت. سیرا لیۆنە نیشتمانێکە دەوڵەمەندە بە دیامانت (ئەڵماس)، وەک چۆن نیشتمانی ئێمە بە نەوت دەوڵەمەندەو لە ژیاندا هەژار، ئەوانیش ژیان بەوشێوەیە دەبەنەسەر. کورد لەدەست بۆشایی راناکات، بەڵکو لەدەست جەهەننەم رادەکات، جەهەننەمێک کە لە بیرەوەرییەکانی ئێمەدا هەتا ئێستا بە تەندروستییەکی باشەوە دەژی. مرۆڤ لە بۆشایی راناکات، بەڵکو لە جەهەننەم رادەکات، لەو جەهەننەمەی کە سیاسییەکان بۆ کۆمەڵی دروستدەکەن، لەکوێ کێشە هەبوو، هەڵهاتن هەیە، لەکوێ پانتاییەکان تەنیا بۆشایی بوون، هەوڵی پڕکردنەوەی دەدرێت نەک هەڵهاتن لێی. گەنجی کورد کە هەتا ئێستا بە بەردەوامیی ڕێگای هەندەران دەگرێتەبەر، لە بۆشایی هەڵنەهاتووە، بەڵکو ئەو جوگرافیایەی کە ئەوی تێدا دەژی، جگە لە جەهەننەمێک هیچ شتێکی دیکە نییە، بۆیە لێی هەڵدێت، باڵندەو ئاژەڵی هیچ دارستانێک لە خۆڕا هەڵنایەن، ئەگەر مەترسییەکی سروشتییان لەسەر نەبێت، ئەمان لە ترسی کەوتنەوەی ئاگر هەڵدێن، نەک لە ترسی بۆشایی. لەکوێ دوکەڵ هەبوو، ئاگر هەیە، کوردستان بە گشتی خاوەنی ئاگرو دوکەڵە، لە باشووردا کە هەلومەرجێک بۆ ئازادیی هاتەئاراوەو نەتوانرا پارێزگاریی بکرێت، بووە هۆی لێکەوتنەوەی دوکەڵێکی گەورە، کە هەندێک بە بۆشایی پێناسەی دەکەن. سەوزو زەرد هەردوولایان لەوەتەی هەن خاوەنی کێشەن، پەروەردەکردنی ئەندامان‌و لایەنگران لە هەردوو بلۆکی جیاوازدا، پەروەردەکردنێکە لەسەر بنەمای رق، ڕێسێنتیمۆ، تۆڵەسەندنەوە، هەردوولایان داوای فەرمانڕەوایەتیی دەکەن،هەردوولایان خۆیان بە خێزانێکی گەورەی ئەو خاکە دەزانن، لێ ئاخۆ بۆئەوەی خێزانێک بەرین بەڕێگاوە، پێویست نییە سەرەتا کۆنفوتسیانیسموسانە کەراکتەرمان پێبگەیەنین؟ بۆئەوەی کەراکتەریشمان پێبگەیەنین، پێویست نییە سەرەتا دڵێکمان بۆ هەق‌و راستیی هەبێت؟ ئەو کەسەشی بیەوێت دڵێکی هەقڕای هەبێت، پێویستە سەرەتا دروست بیربکاتەوە، بۆئەوەی بتوانین دروست بیربکەینەوە، پێویستە سەرەتا تێبڕوانین، تێڕوانینیش لێرەدا بریتییە لە ناسینەوەی راستیی، راستیی هەڵهاتن لە بۆشایی یان جەهەننەم؟

کێشەی پەیڤ لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بووەتە هۆی دروستکردنی کێشەی زیاتر بۆ ئەم قۆناغەی کورد لە باشووردا، بەوپێیەی کۆمەڵگای ئێمە لەسەر بنەمایەکی سادەو ساکار مامەڵە بە پەیڤ دەکەن، خوویان بە سادەگۆییەوە گرتووە لە خێزانێکی بچکۆلانەوە بیگرە هەتا پەرلەمانی کوردستان، لە ڕێگای میدیاوە بەو دیوە نادیارەی پەرلەمانیش ئاشنابووین کە بەدەر لەوەی چەندە ئەندام پەرلەمانێک لە پەرلەماندا لەکاتی گفتوگۆکانیاندا دەخەون، دوای گفتوگۆکانیشیان کە تێرخەو دەبن، گۆرانی دەڵێن، ئاخر ئەمەش بەشێکە لە توانای پەرلەمانی ئێمە. کورد مێژوویەکی درێژە خاوەنی کۆمەڵێک کێشەی سیاسی‌و کلتوورییە، دەرمانسازێکی نەبووە بچێتە لای‌و برینەکانی بۆ سارێژ بکات، لێ ئاخۆ کێ توانای سارێژکردنی برینگەلێکی ئاوهای هەیە؟ کێ برینپێچی ئەم زامانەیە؟ پزیشکی بیرکردنەوە فەلسەفەیە، ئەدی ئەگەر کۆمەڵگایەک خاوەنی پەیڤێکی رەوان‌و تەندروست نەبوو، چۆن دەتوانێت خاوەنی فەلسەفە بێت؟! فەلسەفەیەک چۆن دەتوانێت تیماری زامە کلتوریی‌و سیاسییەکانی کۆمەڵگایەک بکات، ئەگەر هات‌و خۆی خاوەنی کۆمەڵێک کێشەی لۆگیکی بێت؟ چاکترە هیچ قسەنەکەین، ئەگەر هات‌و لەسەر شتێک توانای قسەکردنمان نەبوو، چونکە قسەکردن لێرەدا دەبێتە مایەی زیاتر نانەوەی کێشە بۆ بیرکردنەوە فەلسەفییەکان، ئەگەر هات‌و ئێمە ویستی ئەوەمان هەبێت کێشەیەکی سیاسی یان کلتوریی بە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیی چارەسەربکەین، هەموو ئەو بوارە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیانەی کە ڕێگانادەن رەوان قسەیان لەسەربکرێت، دەبنە هۆی ئەوەی کە قسە لەسەرکەرەکانیشان رەوان نەدوێن، ئەمە لەکاتێکدا ئەو قسەکەرانە نەک زانایانە بێدەنگیی هەڵبژێرن، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبنە هۆی نانەوەی کۆمیدیا بۆ پەیڤ‌و بەدەر لە نالۆگیکی، هیچ شتێکی دیکە ناڵێن. دەگمەنن ئەو چرکەساتانەی کە سیاسییەکی ئێمە قسەی تێدا دەکات‌و لۆگیکێک لە مێژووی وتەکانیدا بەجێبهێڵێت، هەندێکیان پێیانوایە کە توانای ماندووکردنی خەڵکیان هەیە، هەتا سەری ماندوویان بکێشن بە دیواری بزمارڕێژکراوی داواکانی ئەواندا، لێ مرۆڤ دەتوانێت پرۆسێسەکە پێچەوانە بکاتەوە، ئەویش بەوەی کە لەبری ئەوەی سەر بکێشێت بە بزماردا، بزمار لە «سەر» بچەقێنێت. رادیکاڵبوون لە نووسییندا جنێودان نییە، بەڵکو هێزو توانای گەمەکردنە بە پەیڤ. مرۆڤ بەشێکە لە سروشت، ئەو پەیڤەی مرۆڤ قسەی پێدەکات‌و پێی دەنووسێت، شێوازی ژیانیەتی لە سروشتدا، ئەو پەیڤەش خاوەنی ستراکتۆرێکی تایبەتی خۆیەتی، لێ ستراکتۆرێک کە رەنگدانەوەی سروشتە لەودا. گایەک لەخۆڕا خاوەنی دوو چۆقی بەهێز نییە، گورگێک لەخۆڕا خاوەنی دانی بەهێز نییە، بەڵکو بۆ پارێزگاریکردنە لە خۆیان، لە بەرامبەر ئەمەدا مرۆڤ خاوەنی دوو دەستە بۆ بەرگرییکردن لە خۆی، مرۆڤ لەم سروشتەدا کلتوری کردووە بە سروشتی دووەمی خۆی، لەم سروشتی دووەمەدا مرۆڤ بهدەستی خۆی کۆمەڵێک کێشەی بەهۆی پەیڤەوە بۆ



خۆی دروستکردووە، باڵادەستترین رەهەند لەم سروشتی دووەمەدا، کە پەیڤە وەک شمشێر، هێزو ویست‌و خۆشیت لەناودەبات، وەک بۆمبایەک بەسەرتدا دەتەقێتەوەو تووشی ئازارت دەکات، ئەدی بە چی بەرەنگاری ئەم هێرشانە دەبیتەوە؟ وەڵام هەر بە خودی پەیڤ خۆی، چونکە پەیڤ لەناو خۆیدا چەکێکە دژ بە خودی خۆشی.

خوێنەر دەبێت هەڵۆبێت، چنگی تێگەیشتنی خۆی لە چۆلەکەی دەق گیرکردبێت، چونکە تەنیا بەمشێوەیە خوێنەر ئەو توانایەی دەبێت کە لە نووسەر تێبگات، تێگەیشتنێک کە خودی نووسەر توانای ئەو تێگەیشتنەی خودی خۆی نەبێت، تەنیا لەوکاتانەدا کە خوێنەر دەبێتە گورگێک‌و کەڵبەی لە مامزی واتا گیردەکات‌و هەنجهەنجنی دەکات بۆ قوتدان، توانای ئەوەی دەبێت کە ئەوەی نووسەر لە نائاگاییدا بینووسێت، لەلای ئەم ببێتە ئاگایی. ئا لێرەدا خوێنەر جیهان وەک خۆی دەبینێت، چونکە جیهان هەموو شتێکە کە پەیوەندی بە تێگەیشتنەوە هەبێت، واتە هەر شتێک لهدەرەوەی لۆگیکدا بێت، دەچێتە خانەی بێهەستیی‌و بێواتاییەوە، ئەگەر کاری نووسەر رەخنەگرتن بێت لە درەوشاوەو ڕووداوەکان، ئەوا کاری خوێنەر رەخنەگرتنە لە پەیڤ، خوێنەر فەیلەسوفی پەیڤە، کاری ئەم فەیلەسوفەش رەخنەی پەیڤەوانییە، چونکە پەیڤ هۆکاری یەکەم‌و دواهەمینی هەموو ڕووداوەکانە. بەردەوام باس لە ئازار دەکرێت، لێ بەڵێ هیچکامێکمان توانای تێگەیشتنی ئازارمان نییە، تەنیا ئەوە نەبێت خوومان پێوەگرتووە کە شتێک هەیە پێی دەگوترێت ئازار، وشەی ئازاریش لە روانگە ڤیتگنشتاینیەکەیەوە هیچ شتێک نییە جگە لە وشەی پەیڤێکی تایبەت، وشەیەک کە تەنیاو تەنیا مرۆڤە خاوەن ئازارەکە تێیدەگات. کۆمەڵگای کوردی با لەوەتەی هەبن باسیان لە هەبوونی ئازاری خۆیان کردبێت، لێ تێگەیشتنی ئەو ئازارە، تێگەیشتنێکی ئیندیڤیدواڵە. سەرۆکێک ڕاست ناکات ئەگەر هات‌و بە پیرەژنێکی پاشماوەکانی ئەنفال بڵێت: من لە ئازارەکانت تێدەگەم، هەمان سەرۆک ڕاست ناکات ئەگەر هات‌و بە زیندانییەکی ئەشکەنجەدراو بڵێت: من لە ئازارەکانت تێدەگەم، پیرەژنەکە خاوەنی ئازارێکی رۆحییە، زیندانییەکە خاوەنی دوو ئازارە، یەکیان فیزیکی‌و ئەوی دیکەشیان دەروونیی، دوو ئازار لەناو یەکدا، لێ دوو ئازاری جیاواز لەیەکتر، کە هەردووکیان نامۆن بە تەندروستیی باشی سەرۆک، دوو ئازار، دوو پەیڤی تایبەت لەناویەکدا، کە لەناویەکدا تێگەیشتنیان بۆ یەکتر نییە. سەرۆکەکانمان دەڵێن: ئێمە لە ئازادییەکی وەهادا دەژین کە توانای تێگەیشتنی خەم‌و ئازارەکانی یەکترمان هەیە، ئەو ئازادییەی سەرۆکەکانمان باسی دەکەن، سەگیشی تێدا دەوەڕێت، ئاخر وەک سەرۆک دەڵێت: مادام ئازادیی هەیە، با سەگیش بوەڕێت، وەڕین ئینستینکتە، سەگ پێویستی بە ئازادیی نییە هەتا لە ڕێگایەوە بتوانێت بوەڕێت، وەڕینی سەگ لێرەدا تەنیا ئارگۆمێنتێکە بۆ نیشاندانی هەبوونی ئازادیی، قسەکەر لێرەدا دەیەوێت شتێکمان بداتێ، کە بەبێ بوونی ئەویش ئێمە توانای وەرگرتنیمان هەیە، ئەویش وەڕینی سەگە، لێ ئەوەی بوونی نییەو لە ویستی ئەویشدا نییە بۆ پراکتیزەکردنی، ئازادییە. منداڵێک ئەگەر (١٠) ژمارەی بدەیتێ، ئەوا لە ڕێگای (١٠) پەنجەکانی دەستییەوە توانای شیکارکردنێکی ماتماتیکانەی هەیە، رستە ماتماتیکییەکانی ئەم منداڵە رستەگەلێکی لۆگیکانەن، کە دەرئەنجام هەڵە پەسەند ناکەن. سیاسییەکانی ئێمەو سەرۆکەکانی ئێمە بەپێچەوانەوە، ئەوان ئەگەر (١٠) وشەیان بدەیتێ، نە دەبنە خاوەنی ئاریتیماتیک، نە دەتوانن ئەنجامێکی لۆگیکانە بدەن بەدەستەوە، کە ماتیماتیکانە پەسەندبێت، نە دەشتوانن لە (١٠) وشە رستەیەک بەرهەمبهێنن کە ماتماتیکانە ڕاست بێت. مادام ئازادی هەیە، با سەگیش بوەڕێت، سەگ بە مانگەشەو دەوەڕێت، ئەمانە بەرهەمی عەقڵی سەرۆکەکانی ئێمەن، سەرۆک‌و سیاسییەکانی ئێمە پێویستە فێربن، ئەگەر هات‌و توانای قسەکردنیان لەسەر هەر چەمکێک نەبوو، ئەوا پێویستە بێدەنگیی هەڵبژێرن. کێشەی ئازادیی لەناو ئێمەی کورددا بەشێوەیەکی گشتی کێشەیەکی گەورەی هزریی ناوەتەوە، من کورد بەو باڵندەیە دەزانم کە ڕێکەوتێک لەکاتێکی گونجاودا کردویەتی بە شوێنێکی گونجاودا «هۆدەیەک»، کە خاوەنی پەنجەرەیەکی گەورەو شووشەیەکی خاوێنە. باڵندەکە شووشەکەی لێدەبێت بە دەروازەیەکی دەرچوون‌و گەڕانەوە بۆ ئازادییەکەی ناو سروشت، لێ بەڵێ تەنیا ئەوکاتانەی کە سەری دەکێشێت بە شووشەی پەنجەرەکەدا، هەست بە ناتەواوییەک دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕوونییەی ئەو دەیبینێت، دەروازەی

www.rozhnama.com

# ی له ئەخلاق

پێشێلکردنی مافی خەڵک، بـەڵام لە سیستمە نادیموکراتییە حیزبییەکاندا لـەبـەرئـەوەی خـاوەن راو بڕیاری رەها لەکایەی سیاسیو ئابووریو کـۆمـەڵایـەتـیـدا، حـیـزبو سەرۆکە هەمیشەییەکانی حیزبو بنەماڵەیەکی دیـاریـکـراوە، ئـەوەی وجـودی نییە لێپرسینەوەو لێپێچینەوەیە لەو تاوانو تاڵانکردنو بەفیرۆبردنو زەوتکردنەی ژیانو موڵکو ماڵی خەڵکە، کە لەلایەن گروپێکی سیاسی یان راستتر بڵێین چینێکی ئەرستۆکراتی کوردییەوە ئەنجام دەدرێت، کە لەدوای راپەڕینەوە هەڵتۆقیون، هەڵبەتە ئەم چینە لەو کارەکتەرە شۆڕشگێڕانە پێکهاتوون کە لە شاخەوە راستەوخۆ خۆیان هاویشتووەتە نێو کـاری سیاسیو ئیدارییەوە، بێگومان کارەساتی میللەتی کورد لەوێوە دەستی پێکردو گەندەڵی وەکـو فراوانترین دیـاردە لەوساتەوە دەرکـەوت کە کاروباری حکومەتو ئیدارەو ئابووریی ئەم وڵاتە، کەوتە بەردەستو رەحمەتی گروپێکی هەڵپەکاری شۆڕشگێڕ، کە بەشی زۆریـان لە یەکەم بینینو دەستگەیشتنیان بـە دەسـەڵات، هەموو ئەخلاقیاتێکی شۆڕشگێڕانەو رۆحیەتێکی شۆڕشگێڕانە کە تا ئەو ساتە بوونی هەبوو، کوشتیان، خۆیان خاڵیکردەوە لە سەرەتایترین ئیلتیزامی ئەخلاقیو ویژدانی مرۆڤانە، کە دەیتوانی کۆنترۆڵی رەفتاری مرۆڤگەلێک بکات کە لەدوای ئەنجامدانی ئەم کوشتنەوە، گەورەترین قەیرانی ژیانیان بۆ نەتەوەکەیان خوڵقاند.

ئـەم مرۆڤگەلە بەناو سیاسیو ئیداریانە ئەوەندەی توانیویانە ئێسکو پروسکی ئەو رۆحیەتە شۆڕشگێڕییەی لە یەکەم هەنگاویاندا بۆ ناو دەسەڵات کوشتیان، بەکارهێناوەو بۆ مانەوەی دەسەڵاتدارێتی پڕ لە گەندەڵیو خراپ کەڵکیان لێوەرگرتووە، بەردەوامیش کەڵکی لێوەردەگرن.

کارەکتەرە سیاسییە بازرگانەکانی کورد بوونە خاوەن هێزێکی دیکەی کاریگەر کە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی پێوە بەندە، دیارە ئەو هێزەش پارەیە، کـە سـەرجـەمـی سامانی شەرعی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە، دیارە ئەم پـارەیـەش بۆ زەلیلکردنی خودی نەتەوەکە بەکارهێنراوەو تا ئەم ساتەش بەکاردەهێنرێت، مەبەستەکەم روونە بەکۆیلەکردنی تاکی کوردە بۆ حیزب، واتە سەپاندنی سەروەریی حیزب بەسەر مرۆڤو بەسەر تەواوی کۆمەڵگای کوردیدا، کە ئەمە جگە لە ستەمکاریی شتێکی دیکە نییە.

ئـەوەی لێدانێکی گـەورە لەم ستەمکارییە دەدات، وەڵامدانەوەی ئەو پرسەیە کە لەبارەی رۆڵو گرنگیی گێڕانەوەی ئەخلاق بۆ نێو فەزای سیاسیی کوردی دەپرسێت، هەڵبەتە ئاشتکردنەوەی ئەخلاقو سیاسەتو هاتنەکایەی مرۆڤگەلێک کە خاوەن روانگەی ئەخلاقیبن بۆ کارکردنی سیاسی، بە قوڵی لەوە تێگەیشتبن کە بەشێکی گەلێک زۆر لەو ئیشکالیەتە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەی وجودی هەیە، بە فاکتەری نەبوونی لانیکەمی ئـەخـلاقـەوە هـاتـووەتـە ئـاراوە، بێگومان ئەم گۆڕانە کە لە پەیوەندی سیاسەتو ئەخلاقو لەو کارەکتەرە سیاسیانەشدا روودەدات کە بە رەفتاری نائەخلاقی بارودۆخی سیاسیو ئابووریان..... شێواندووە، بۆ کۆمەڵێک کارەکتەری جیاواز کە هەڵگری روانینی مۆراڵی بن بۆ مومارەسەکردنی سیاسەت، گۆڕانەکە مەزنتر دەکات، دەشێ ببێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ گێڕانەوەی بەهاکانی مرۆڤ بـۆ مـرۆڤ، مافە زەوتـکـراوەکـانـی هـاوڵاتـی کـورد بۆ هـاوڵاتـی خۆی، هەنگاوی ئێجگار گرنگ بێت بۆ لە ریشە هەڵکەندنی ئەو دیدە نادروستەی کە ئەخلاق دوور لە سیاسەت دادەنێت، بە هێزێکی ناکاریگەرو ناپێویستی لەقەڵەم دەدات، لەنێو سیاسەتو ململانێ سیاسییەکاندا، بەشێوەیەکی کرداری

> **کارەساتی میللەتی کورد لەوێوە دەستی پێکردو گەندەڵی وەکو فراوانترین دیاردە لەوساتەوە دەرکەوت کە کاروباری حکومەتو ئیدارەو ئابووریی ئەم وڵاتە، کەوتە بەردەستو رەحمەتی گروپێکی هەڵپەکاری شۆڕشگێڕ**

ئەو فەزا گەندەڵەش خاپور دەکات کە ژمارەیەکی گەورە لە سیاسییەکانی کورد راوی بەرژەوەندیی تێدا دەکەن، بـەدوای پـارەو دەسـەڵاتـی زیاتردا هەڵپەخوازی دەکەن، دیارە ئەوکاتە دەتوانین ئیش لەسەر نەهێشتنی هەڵپەخوازیو تێکدانی ئـەو فەزا گەندەڵە بکەین کە لەسەر کارەکتەرە چالاکەکانی هـەڵـپـەخـوازیو فـەزا گەندەڵەکە، خوێندنەوەو تێگەیشتنی قوڵمان هەبێت، وەکو کریشنامورتی دەڵـێـت: «کـاتـێـک هـەڵـپـەکـردن بۆ دەوڵەمەندبوونو بوون بە فلانەشتو فیسارە شت نامێنێت، کە ئێمە پەی بە رزیـویو جـەوهـەری گەندەڵیی دەروونـی هەڵپەکەرو دەسەڵاتخواز دەبەین»، بێگومان مورتی بە قوڵی هێمای بەوەکردووە کە ناشێت باس لە گۆڕینی بارودۆخێکی خراپ بکەین تا لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەو سەرنجی جدیمان لەسەر ئـەو دۆخـە نەبێت کە دەمـانـەوێـت بیگۆڕین، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بـەوەی یەکەم هەنگاوی گـۆڕان لـە دەرککردنی حەقیقەتی ئەو دۆخەوە دەستپێدەکات کە ئیشکالیەتە جیـاوازەکـان تێیدا دەرکەوتوون.

ئەفلاتون لە کۆماردا نووسیویەتی «ئـەگـەر سامانی هەموو شارەکان لـەلایـەن شـارێـکـەوە تـاڵان بکرێت، دەوڵەمەندبوونی ئەو شارە جێگای مەترسییە»، دیارە ئەم تێزەی ئەفلاتون گوزارشتێکی گەورەیە لە بارودۆخی ئابووری لە باشووری کوردستاندا، بۆئەوەی روونتر لە پەیوەندی بەهێزی ئەم تێزە بە بارودۆخی کوردستانەوە تێبگەین، دەشێ بەمشێوەیە دایبڕێژینەوە «ئەگەر سامانو پارەی هەموو شارەکان یاخود وڵاتێکی دیاریکراو لەلایەن چینێکەوە یان حیزبێکەوە تاڵانبکرێت، ئەوا دەوڵەمەندبوونی ئەو چینە یان ئەو حیزبە جێگای مەترسییە»، بۆچی مەترسییە؟ لەسەر چی مەترسییە؟

سەبارەت بە پرسی یەکەم دەکرێت بڵێین گردبوونەوەی پارەو سامانێکی زۆر لە چنگی گروپێکی کەم یان چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگادا، بە هەر رێگایەکی دیکە شەرعیەتی هەبێت، لە رێگای تاڵانکردنو رێگا نایاساییەکانەوە، خـاوەن هیچ شەرعیەتێک نییە، بۆئەوەی تێبگەین ئەو پارە گەورەیەی لـە کـوردسـتـانـدا لـە چنگی گەلە دەسەڵاتدارێکدا کۆبووەتەوە، تا چەند بە قۆناغە شەرعیو سروشتییەکانی دەوڵەمەندبووندا تێپەڕیوە، پێویستە وردتـر سەرنج لە هەندێک مەسەلە بدەین، مرۆڤ بۆئەوەی دەوڵەمەندبێت دەبـێـت لـە شـوێـنو کـاتـێـکـەوە دەستپێبکات، دەبێت لە کاسبییەکی بچووکەوە هەنگاوبنێت، جا ئەو کەسە ئەگەر زۆر لێزان بوو، رێکەوتەکان دەرفەتی دەوڵەمەندبوونیان پێدا، دەشـێ ببێتە خـاوەن سەرمایەیەکی گـەورە، بەشێوەیەکی ئابووریانە سەرمایەداربوون پرۆسەیەکی ئاڵۆزو فرەڕەهەندە کە پەیوەندییەکی بەهێزی

بە گەشەکردنی زۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵگاوە هەیە، بەتایبەت لە بواری پیشەسازیو بـازرگـانـیو کەرتی کشتوکاڵدا، بێگومان لە باشووری کـوردسـتـانـدا تەنیا مەجالێک کە جوڵەی تێدابێت، بازرگانییە، ئەویش ئاشکرایە کە چەندە نائەخلاقیانەو نامرۆڤانە ئەم پرۆسەیەش دەجوڵێت، حیزبو سەرکردە حیزبییەکان چۆن بوونەتە بـازرگـان یاخود شەریکی بازرگان بێئەوەی بە هیچ قۆناغێکی دەوڵەمەندبوون یان سەرمایەداربووندا تێپەڕ بووبێتن. کارەساتیش لەوەدایە دەسەڵاتدارەکان لە بازرگانە هەرە گـەورەکـانـن، سـەرمـایـەدارە هـەرە مـەزنـەکـانـن، نـەک هـەر لەئاستی کوردستاندا، بەڵکو لەئاستی جیهانیدا لـە ریـزی خەڵکە دەوڵـەمـەنـدەکـان ریزبەند دەکرێن، کارەسات ئەوەیە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کە ماوەی هەژدە ساڵە حکومڕانییەکی فاشیلی کوردستان دەکـەن، بە یەکەم حیزبە دەوڵەمەندەکانی جیهان دادەنرێن، لەکاتێکدا لەسایەی ئەم دەوڵەمەندییەدا ستەملێکراوترین مرۆڤەکان وجودیان هەیە، ناهەموارترین جـۆری ژیان بوونی هەیە.

هـەڕەشـەکـانـی ئـەم شـێـوە دەوڵەمەندبوونە بۆ سـەر مرۆڤی کورد، هەڕەشەی گەورەو مەترسیی ژیانین، کە ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێن، بێدادییەکی قێزەون لە دابەشبوونی پارەو دەسەڵاتدا هەیە، کاریگەرییەکانی بۆ سەر کەسایەتیی تاکی کـورد لە قوڵکردنەوەی ئەو رۆحیەتە نزمەی کە بەعسیزم ئیشی لەسەر دەکـرد، دەردەکـەوێـت، بەتایبەت لـەڕووی ملکەچی مـرۆڤـی کـورد بـۆ پـارەو ئامادەکردنی بۆ فرۆشتنی خودی خۆیو ویژدانو ئەخلاقییاتەکانی. لە ساتەوەختێکدا کە مرۆڤ بەتاڵدەبێتەوە لە بنەما ئەخلاقیو ویژدانییەکان، ئەو ساتە دەبێتە ساتی بەتاڵبوونەوە لە مرۆڤبوونی خۆی، لێرەدا ئەو حەقیقەتە دەردەکـەوێـت کە پـارتـیو یەکێتی ئەوەی لە مرۆڤی کوردی داوادەکەن، مرۆڤبوونیەتی، نەک بەتەنیا هەڵوێستی ئەم مرۆڤە لە زەمەنێکی دیاریکراودا.

هەڵبەتە مەترسییەکە لە گۆڕینی پـارەوە دەستپێدەکات وەکو یەکێک لەو شتانەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت، بۆ پـارە وەکـو هەموو شتێک، پارە وەکو گۆڕەرو بەکارهێنەری مرۆڤ، دەبێت مرۆڤە مەزنەکان رێگا نەدەن لەوەزیاتر ئەو تێزە سوکایەتی پێبکرێت کە دەڵێت: «مـرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە»، نابەرپرسیارێتیمان لەئاست هەر هەوڵێکدا کە دەیەوێت بەسەرماندا بسەپێنێت، کە «پارە پێوەری هەموو شتێکە»، بەشداریکردنمانە لە کوشتنی بەختەوەریی مـرۆڤـدا، هەڵکەندنی گۆڕێکی راستەقینەیە بۆ تۆکمەترین پایەی مرۆڤبوون کە ژیانو ئازادییە، چونکە پارە وزەیەکی گەورەو شاراوەی تێدایە، کە لە توانایدایە مرۆڤ بکاتە کۆیلەیەکی راستەقینە.

# روانینێک بۆ ناکۆکیی ئەخلاق‌و سیاسەت

## یاخیبوون



ئومێد حەمە عەلی

**«کەسێکی چاک بۆ پارەو ناوداریی، فەرمانڕەوایی ناکات، نایەوێت بە ئاشکرا پارە وەربگرێت‌و بە مووچەخۆر ناوزەد بکرێت، بۆئەوەی بە دز دانەنرێت، لەژێریشەوە پارە نابات».**

**ئەفلاتون**

ساتی دابڕانی ئەخلاق‌و سیاسەت، ساتی بەجەنگەڵیبوونی یاساکانی ژیانە، گواستنەوەی کۆمەڵگایەکی مرۆییە لەخودی خۆیەوە بۆ کۆمەڵگای بوونەوەرگەلێکی نامۆ بە مرۆڤ، نامۆ بە کلتوری مرۆڤدۆستی، چەسپاندنی فۆرمێکی کۆنەپەرستانەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتییە.... کە تێیدا پەیوەندی مرۆڤ لەتەک مرۆڤ، هاونیشتمانیان لەتەک دەســەڵات، لەسەر ئەو تێزە دارێــژراوە کە بوونەوەرگەلێک لە جەنگەڵدا مەحکومکراون بە گوزەراندنی ژیـان تێیدا، مەحکومکردنی مرۆڤ بە ژیانێکی جەنگڵیانە، گەورەترین سوکایەتییە بە بەها ئۆنتۆلۆجییەکانی ئینسان، کاتێک مرۆڤ لە غیابی دیدێکی ئەخلاقیدا سیاسەت دەکات، دەسەڵاتێک دەخولقێنێت خاڵی لە بنەما ئەخلاقییە گرنگ‌و گەردوونییەکان، ئەوکاتە دەسەڵات دەبێتە تەنیا ئامانج، مرۆڤیش ئالیەتی وەدیهێنانی ئەو ئامانجە، واتە ڕۆڵــی سەنتەری مـرۆڤ لە جیهاندا دەســەڵات‌و پـارە داگـیـری دەکـات، دەسەڵاتپەرستی‌و پارەپەرستی شوێن بە هیۆمانیزم چۆڵ دەکـات‌و ژیان‌و پـارەو دەســەڵات یەکسان دەکـات بەیەکتر، مرۆڤ بۆ سەلماندنی ئەوەی کە خاوەن دیدێکی بەرزی ئەخلاقییە، ئێجگار پێویستە لە یەکسانکردنی پارەو ژیان‌و دەسەڵات خۆی دووربگرێت، گەلێک گرنگە لە ماهیەتی بوونی هەرسێ ڕەهەندی ئاماژەپێکراو بپرسێت ژیان چییە؟ پارە چییە؟ دەسـەڵات چییە؟ بۆچی یەکسانکردنیان هەڕەشەیە لە بەختەوەریی ڕاستەقینەی مرۆڤ؟ ئایا لەبەرئەوەیە ئەم سێ ڕەهەندە هیچ پەیوەندی‌و کاریگەرییەکیان لەتەک یــەک‌و لەسەر یەکتر نییە؟ یاخود بەپێچەوانەوە ئیشکالیەتەکە لە شوێن‌و جێگایەکی دیـکـەدایـە، لە چۆنێتی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوانیاندایە، ئایا ژیان جگە لە دەرفەتێک بۆ چەشتنی ئــازارو ساتێک یاریکردن لەتەک بەختەوەریدا، چی دیکەیە؟ ئایا پارە لە هۆکارێک بۆ گەندەڵیی ڕۆح‌و فاکتەرێک بۆ جوانکردنی ڕواڵـەتـی ژیـان چی دیکەیە؟ دەسەڵات هێزە کۆنینەکەی مرۆڤ لە ئامرازێک بۆ زەلیلکردنی خودی خۆی، هەندێکجاریش هێزێک بۆ گێڕانەوەی سەروەریی مرۆڤ چی دیکەیە؟ ئایا مرۆڤ خاوەنی چ شتێکی دیکەیە هێندەی ئـەم سێ ڕەهەندە گرنگ بێت، کاریگەربێت، هەستیارتر بێت، مەترسیدارتر بێت، بێگومان هیچ شتێک.

لەم جیهانەدا کە مرۆڤ خولقێنەری ڕاستەقینەی ڕووداوە، مەرجی بوونی دیـاردەو شتەکانە، بەو حوکمەی لە حاڵەتی نەبوونی مرۆڤدا، دیـاردەو شتەکان بوونیان نابێت، چونکە بوونی ئـەوان پەیوەستە بە بوونی زانینی مـرۆڤـەوە، هەڵبەت زانینی مرۆڤ لەبارەی جیهانەوە، لەبارەی بـوون‌و هـەبـوونـەوە، واتـە ژیـان‌و پارەو دەســەڵات وەکو بابەت، وەکو هەبوونێک لـە جیهاندا، بوونیان پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە، چونکە ئەمانەش وەکو هەرشتێک لە جیهاندا هەن، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕایەی مرۆڤ باڵاترینە، مەزنترین کارەکتەری جیهانە، هەموو شتەکان، ڕووداوەکان، گۆڕانکارییەکان‌و پێشکەوتنەکان دەبێت لەپێناو مەزنتربوونی مرۆڤ‌و بەئاکام گەیشتنی هەوڵە مرۆڤدۆستییەکاندا بێت. ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە مرۆڤ لە هەر حاڵەتێکدا هەستیاریی خۆی لە بەرامبەر ژیـان لەدەستدا، تواناو قودرەتی پارێزگریکردن لە ژیان وندەکات، ونکردنی ئەم تواناو هێزە، ئینسان دەگەیەنێتە ئەو ئاستە لە بێباکبوون‌و ملهوڕیی کە یاریی بە ژیـان بکات، وەک گەورەترین دەرئەنجامی بوونی خـودی خۆی، گومانی تێدانییە لە وەختێکدا مرۆڤ بەم ئاستەی ملهوڕی‌و بێباکی دەگات، کە دیدو تێگەیشتنێکی ئەخلاقیانە بۆ ژیان بزر دەکات، ئەمەش ئەو ئاڵوگۆڕە وێرانکەرە دروستی دەکات کە لەنێوان دیدگای مۆڕاڵیانە‌و بابەتدا ڕوودەدات، ئەو چرکەساتەی پێوەرەکان دەبنە بابەت‌و بابەتەکان‌و شتەکان شوێنی پێوەرەکان دەگرن. ئێمەی مرۆڤ لە زەمەنێکدا دەژین کە پارەو دەسەڵات‌و ژیان هارمۆنیەتیان تەواو شێواوە، پەیوەندییەکانیان، کاریگەریی‌و ڕەنگدانەوەیان لەسەر یەکتر، لەسەر جیهان‌و بوونی مرۆڤ لەو جیهانەدا، هەڕەشەئامێزو مەترسیدارە، چاکترین کارێک کە مرۆڤ بەئەنجامی بگەیەنێت، ڕێکخستنەوەو ڕێکوپێککردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیانە.

دەســەڵات‌و کارەکتەری سیاسیی کــورد ئایا ئەخلاقیانە دەســەڵاتـی ئاراستە کــردووە؟ بۆچی دەسەڵات ئــەو گرنگییە گــەورەیــەی هەیە لە پرسە ئەخلاقییەکاندا؟ ئایا گێڕانەوەی ئەخلاق بۆ ناو سیاسەت‌و ململانێ سیاسییەکان لـە کـوردسـتـانـدا، چ کاریگەریی‌و ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر پرۆسەی سیاسی دەبێت؟ ئاشکرایە سیاسەت لە کوردستاندا کۆمەڵێک کارەکتەری حیزبیی هەڵیدەسوڕێنن، کە کەم تا زۆر کەوتوونەتە سەنگەری دژایەتیی ئەخلاقەوە، لە زۆر کات‌و شوێندا ئەو بنەما ئەخلاقییە گشتییە گەردوونیانەیان تێکشکاندووە، تا گەیشتوونەتە ئاستێک کە فۆرمێکی نائەخلاقیی لـە مومارەسەکردنی سیاسەتیان خولقاندووە، کە مرۆڤ وەک ئامانج، مرۆڤ وەک دوا پرۆژە سـڕراوەتـەوە، هەڵبەتە سڕینەوەی مـرۆڤ لـە خـاڵ بەخاڵی پـرۆژەی سیاسییە کاربەدەستەکانی کورددا، ئەم وێرانییە بکوژەی لە ڕۆحی تاک بەتاکی هاوڵاتی کورددا پێکهێناوە.

گەندەڵی وەک دیاردەیەکی هەرە فـراوان، وەک فاکتەری بنچینەیی کێشە گەورەو بچووکەکانی مرۆڤ، دەستنیای بوونەوەرگەلێکی سیاسی‌و ئـابـووری‌و کـۆمـەڵایـەتـیـیـە، ئەم بوونەوەرگەلە شتێکی دیکە نییە جگە لە مرۆڤ، واتە هەر مرۆڤ خۆیەتی چەکەکانی کوشتنی خۆی دەئەفرێنێ، هەر خودی خۆیەتی فەزایەکی گەندەڵ بۆ ژیان دەهێنێتە ئاراوە، کە یەکەمین‌و دواهەمین قوربانیی جگە لە خودی مرۆڤ خۆی، هیچی دیکە نییە، بێگومان فاکتەرە خولقێنەرەکانی ئەم فەزایە لەلای هەموو مرۆڤەکان وەک یەک وجودی نییە، هەم مرۆڤەکانیش بەپێی جیاوازیان یاخود بـوون‌و نەبوونی دیدی ئەخلاقیان بۆ ژیان، ئەو فاکتەرانە دەخـەنـەگـەڕ، فاکتەری دەســەڵات‌و پارە هەمیشەو هەموو کاتێک لەسەر مرۆڤەکان‌و مرۆڤەکان لەسەر ئەو دووانە چوونیەک کارناکەن، بێگومان مرۆڤگەلێکی هەڵپەخواز کە هەمیشە لە هەوڵی دەسەڵات‌و پارەدان، هەمیشە پارەو دەسەڵات چۆنی بوێت، ئەوها یاریان پێدەکات، ئەم یارییە نائەخلاقییە کە ژیان بە ئاقاری گەندەڵیدا ڕاپێچ دەکات، هەڵبەتە یەکێک لە فەیلەسوفە گرنگەکان، کریشنامورتی پشتیوانیی لـەم ڕوانـگـەیـە دەکـات‌و دەڵـێـت: «هەڵپەخوازیی بۆ بەدەستهێنانی دەســەڵات دەبێتە مایەی گەندەڵی»، لێرەوە تێدەگەین هەڵپەخوازیی هەوڵ‌و کۆششی لەسەرخۆو شەرعیانەی مـرۆڤ نییە بۆ گەیشتنە پلەیەکی دیاریکراو، بەڵکو ڕەهەندە نێگەتیڤەکەی هـەوڵ‌و کۆششە کە مرۆڤگەلێک بۆ گەیشتنە ئامانجێکی دیاریکراو سوودی لـێـوەردەگـرن، واتــە بەکارهێنانی ئامرازی خراپ بە ڕێگایەکی خراپ بۆ دەستگەیشتن بە دەسەڵات‌و پارە، سیاسییەکانی کورد هەمان شێوازیان بـۆ دەستگەیشتن بـە دەســەڵات بەکارهێناوە لە ڕابردوودا، لە ئێستاشدا سوود لە شێوازێکی دیکەو ئامرازی دیکەی سـەر بەخراپە وەردەگـرن، دەیـانـەوێـت زەمـەنـی حوکمڕانیی خۆیانی پێ درێژبکەنەوە، بۆیە هانایان بۆ فشار دروستکردن‌و خستنەگەڕی پارەیەکی بێ ژمـار بـردووە، کە لە بنەڕەتدا هیچی هی خۆیان نییە، خاوەنە ڕاستەقینەکەی گەلی کوردی باشووری کوردستانە، بۆیە دەگەینە ئەو ڕایەی کە دەسەڵاتدارانی ئێستای کورد بە دیاریکراوی سەرکردەکانی هەردوو پارتی سیاسیی کوردستان، هەڵگری مەبەستگەلی جوان‌و مرۆڤدۆستانەو ئـاشـتـیـانـە نـیـن، چـونـکـە وەکـو کریشنامورتی دەڵێت: «ئەگەر میکانیزم سەر بە خراپە بێت، مەبەستەکەش هەر خراپە دەبێت»، هەر کاتێک ئەو وەسیلانەی پارتی‌و یەکێتی بۆ بردنەوە بەکاریدەهێنن، ئاشت‌و تەبابوون لەگەڵ بنەما ئەخلاقییەکاندا، دەکرێت جۆرێک لە دڵنیایمان لەئاست کارو کـردەوەی ئەو دوو پارتەدا هەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوەی یەکێتی‌و پارتی جێبەجێی دەکـەن، نەک هەر هیوابەخش‌و دڵنیایی بەخش نییە، بەڵکو وەرزکـەرو سەرچاوەی نائومێدی‌و نادڵنیاییەکی گەورەیە.

دەســەڵات دیــاردە فرەڕەهەندو فرەهێزەکەی مرۆڤ، کە لەتەک پارەدا ئاراستەکەری گەورەی مێژووی مرۆڤن، لە بنەڕەتیشدا مرۆڤ ئاراستەکەری هەردوو ڕەهەندی دەسەڵات‌و پارەیە، هەڵبەتە پڕکێشەترین‌و قەیراناویترین دیاردەی نێو گەشەکردن‌و ئاڵۆزبوونی ژیانی مرۆڤە، هەستیاریی دەسەڵات پەیوەستە بە تێڕوانین‌و مامەڵەی وردی مرۆڤ لەتەکیدا، چونکە بچووکترین لادانـی مرۆڤێکی سیاسی لە بنەما مۆڕاڵییە گەردوونییەکان، کارەساتی گەورەی مرۆیی بەدوادا دێت‌و ژیان پڕدەکات لە ترس، دونیا پڕدەکات لە جەنگ، ئاشتی دەکاتە سەراب.

دەبێت بزانین ڕەفتاری ئەخلاقی چییە؟ تا گرنگییەکەیمان لە کاری سیاسیدا بـۆ ڕوونـبـێـتـەوە، دیـارە وەکو ستیف سامپڵ پێناسەی دەکات «ڕەفـتـاری ئەخلاقیی ئەوەیە کە تۆ دەتــەوێـت کـارێـک بکەیت لەپێناو خەڵکی دیکەدا کاتێک کەس ئاگای لێ نییە چاودێریت بکات، یان ناچارت بکات بۆ کردنی ئەو کارە»، ئەگەر ئەو مرۆڤەی وەک کارەکتەرێکی سیاسی خۆی نمایش دەکات، هەڵگری ئەم بەها ئەخلاقی‌و چاودێرییە خودییە نەبێت، لە تۆکمەترین دەسەڵاتی دیموکراتیدا تووشی لادانی ئەخلاقی دەبێت، دیارە لە سیستمە دیموکراتییەکاندا لەبەرئەوەی چاودێری گەورەترو بڵندتر لەسەروو دەســەڵاتــی تـاکـەکـەســەوە هەیە، لـەســەروو حیزب‌و سەرکردەکانی حیزبەوە هەیە، لەسەروو حکومەت‌و دەسەڵاتدارەکانییەوە هەیە، دیارە ئەو چـاودێـرە باڵایەش کۆمەڵگای مەدەنییە، لادانـی سـەرۆک‌و خاوەن پلەی سیاسی لە بنەما مۆڕاڵییەکان، یاخود یاساکانی وڵات، بە خێرایی لێپێچینەوەی لەسەر دەکرێت، ڕێگا دەگیرێت لەوەی کە ئەو لادانە ئەخلاقییە ببێتە مایەی کارەسات‌و ناعەدالەتی‌و

# ـــتان، ژیـــانو ئیدارەیـــەکی پەشێـــوە

کاتێک باس لە سیاسەت دەکەین، مەبەستمان لەشێوەی رەفـتـاری سیاسیو ئەحزابی سیاسی بێت لە کوردستانداو هەڵسوکەوتی سیاسی بەتایبەت ئەو دوو حیزبە سەرەکییە بێت، حەتمەن مەفهومی ئـەوان بۆ ژیانی سیاسی، بۆ ئازادیی سیاسی، بۆ تەبیعەتی چالاکی ئەوان، بۆئەوەی کەوا ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگایە قۆرخبکەن بۆ خۆیان، کاریگەریی خراپی لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر هەڵسوکەوتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەبووە، بەڵام ئێمە وەک وتم ئەگەر لە کۆمەڵگای تەندروستدا بژین، لە سیاقێکی تەندروستدا بیر لە کۆمەڵگای مەدەنی بکەینەوە، لەراستیدا حیزبە سیاسییەکان خۆیان بەشکی بنەرەتی پێکهێنەری کۆمەڵگای مەدەنین، پێویستە لەو فەزایەدا چالاکیی ئەوانیش رێکبخرێتەوە، بەڵام موشکیلەی گەورەی هەرێمی کوردستان ئەو بۆشاییە دەسـتـووریو یاساییەیە، ئـەو پشێوییە سەرشێوانەیە کە لەرووی سیاسییەوە تێیدا دەژین..

**رۆژنامە: ئایا کۆمەڵگای مەدەنی توانای دابینکردنی هەموو مافەکانی مرۆڤی هەیە، بەو مانایەی دەتوانێت دەسەڵات بگرێتە دەست؟**

* زۆر هەڵەیە ئەگەر بیر لەوەبکەینەوە کۆمەڵگای مەدەنی دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی خۆی بەشێوەیەک لەشێوەکان هەڵقوڵاوی چالاکیو جموجۆڵی کۆمەڵگای مەدەنییە، ئەگەر ئێمە بە مەفهومە کلاسیکییەکەی بیر لە کۆمەڵگای مەدەنی بکەینەوە، ئەوکاتە لەراستیدا کۆمەڵگای مـەدەنـی، دەوڵـــەت، کۆمەڵگای سیاسی، یـــان... جیاوازییەکی ئەوتۆیان نامێنێت، کۆمەڵگای مەدەنی بریتییە لەو کۆمەڵگایەی کە دەسەڵاتێکی سیاسی یاخود دەوڵەتێک دەیبات بەرێوە، کۆمەڵگای مەدەنی بەکۆی ئەو کۆمەڵگایانە دەوترێت، واتە بەکۆی ئەو دەوڵەتو ئەو دامودەزگا سیاسیانە دەوترێت کە دەیبات بەرێوە، بەڵام ئەگەر مەفهومە مۆدێرنەکەی کۆمەڵگای مەدەنی وەربگرین، لەراستیدا دەبێت بەوردی ئاگامان لەوەبێت کە کۆمەڵگای مەدەنی راستە هەوڵی بەردەوامی هەیە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام مافەکانی مرۆڤ سنوورێکی دیاریکراویان نییە بڵێین هەر ئەمانەنو بەس، یان بڵێیی هەتا ئێرەیەو بـەس، مافەکانی مرۆڤیش مێژووی گەڵاڵەبوونی تایبەتی خۆیانیان هەیە، بەردەوام ئینسان کە مافێکی خۆی بەدەست دەهێنێت، هەوڵدەدات بۆئەوەی مافێکی دیکەی خۆی بەدەست بهێنێت، خۆشبەختییەک لە ژیاندا دەستەبەربکات بیر لە خۆشبەختیو بەختەوەرییەکی زیاتر دەکاتەوە، لەبەرئەوە مافەکانی مرۆڤ قۆناغێک یاخود سەقفێکی دیاریکراویان نییە کە بڵێیت کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانێت ئەم مافانە بەدەست بهێنێت، بەڵکو مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەک لەشێوەکان ئەو ئامانجەبنەرەتیەنکەرێکخراوەکانیکۆمەڵگای مەدەنی دەبێت هەوڵی بۆ بدەن، دەبێت لە چالاکیی خۆیاندا پابەندبن پێوەی، بەڵام مافەکانی مرۆڤیش نە ئەوەندە ئاسانو نزیکو بەردەستن، نە لەراستیدا سنووردارن کە ئێمە لە لەحزەیەکدا بیربکەیتەوە ئەم مرۆڤە یان ئەم کۆمەڵگایە،هەموومافەکانیدەستەبەرکردووە، یاخود ئەم سیستمە سیاسییە هەموو مافەکانی مرۆڤی دابینکردووەو کۆتایی پێهاتووە، بەڵکو بەشێوەیەک لەشێوەکان هەندێکجار تۆ هەست دەکەیت هیچ مافێکت نییەو دەبێت هەوڵدەدەیت بۆئەوەی کەوا دەستەبەری بکەیت، کاتێک ئەم مافە دەستەبەر دەکەیت، بیر لە مافێکی دیکە دەکەیتەوە، بۆ نموونە ئەو ئەزموونەی کە ئەمریکا پێیدا تیپەڕی بەهۆی (11)ی سێپتەمبەرەوە، وایکرد دەسەڵاتی سیاسی پرسیار دروستدەکات لەسەر کۆمەڵێک مافی بنەرەتی هاوڵاتییان، ئەو موناقەشەیە بەشێوەیەکی زۆر سەختو گرنگ هاتەئاراوە ئایا دەوڵـەت بۆی هەیە دەستبخاتە ژیانی تایبەتی منەوە، ئایا دەوڵـــەت بۆی هەیە موراقەبەی مۆبایلەکەی من بکات بزانێت لەگەڵ کێ قسەدەکەم، بۆی هەیە دەست بەسەر ئەو پەیوەندیانەدا بگرێت کە بۆ من دێت، واتە ئەمە ژیانی شەخسی هاوڵاتییەکە «یەکێک لە مافەکانی مـرۆڤ پاراستنی تایبەتمەندیی ژیانی هاوڵاتییە»، بەڵام کاتێک مەترسییەکی گەورە رووبەرووی دەوڵەتێک یان کۆمەڵگایەک یان سیستمێکی سیاسی دەبێتەوە، ئەم مەترسییە گەورە وادەکات کە ئەم کۆمەڵگایە بیر لەوەبکاتەوە کە جارێکی دیکە هەندێک لە مافەکان لە هاوڵاتی بسێنێتەوە، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەم بارودۆخانەدا پێویستە بە چالاکی ئیش بکەن، بۆئەوەی کەوا ئەو مافانەی بەدەستیان هێناوە، لێیان وەرنەگیرێتەوە جارێکی دیکە، لێیان نەسەنرێتەوە جارێکی دیکە، یاخود سنووردار نەکرێتەوە جارێکی دیکە، لەبەرئەوە بەبڕوای من لە پەیوەندیدا بەمافەکانی مرۆڤەوە، چالاکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی مومکین نییە رۆژێک لە رۆژان لەسەر دەستەبەرکردنی ئەو مافانە کۆتایی پێبێت، بەڵام لە پەیوەندیدایە بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، بێگومان کۆمەڵگای مەدەنی لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدات دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست، هەمیشە هەوڵدەدات کە چاودێربێت بەسەر دەسەڵاتی سیاسییەوە، هـەولـدەدات کە پێشنیازی گرنگ بدات بە دەسەڵاتی سیاسی، هەوڵدەدات کە پردی پەیوەندی بێت لەنێوان هاوڵاتیو دەسەڵاتی سیاسیدا، ئەگینا ئامانجی کۆمەڵگای مەدەنی یان با بڵێین رەنگی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەدەستهێنانی دەسەڵات نییە، تەنانەت لەکاتێکدا ئێمە سەیری حیزبە سیاسییەکان دەکەین وەک بەشێک لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، حیزبی سیاسی ئامانجی بەدەستهێنانی دەسەڵاتە، بەڵام ئەوەی کە دەســـەڵات وەردەگـرێـت، لەراستیدا چەند کەسێک، چەند کادیرێکی سیاسیی ئەو حیزبە سیاسییەیە، نەک حیزبە سیاسییەکە خۆی، بەهۆی ئەوەی کە لە هەڵبژاردنێکدا حیزبێکی سیاسی دەســـەڵات بـەدەسـت دەهێنێت، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە تەواوی چارەنوسی سیاسیی ئەو وڵاتـە دراوەتـە دەسـت ئەم حیزبە، یاخود ناکاتە ئەوەی کە ئەم حیزبە تەواوی کادیرەکانو ئەندامەکانو مەکتەبو نووسینگەکانی دەبنە نووسینگەی حکومەتو دەوڵـەت، تـەواوی ئەو کەسانە کە هەموو کاروباری حکومەتەکەی دەدرێتە دەست ئەندامەکانی ئەو حیزبە، نەخێر ئەندامەکانی ئەو حیزبە یاخود ئەو حیزبە لە رێگای چالاکیی خۆیو لەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا کۆمەڵێک خەڵک فرێدەداتە ناو حکومەتەوە، کە حکومەت بەشێکی پێکهێنەری دەوڵەتە، یان با بڵێیین بەشێکە لە دەسەڵاتی سیاسیو ئەو حیزبە خۆی لە فەزای مەدەنیدا دەمێنێتەوە، وەکو حیزبێکی چالاک ئیش دەکات بۆ پاراستنی ئەو رێژەیە لە دەنگ پاراستنی ئەو هەیمەنەیەی هەیەتی لەناو کۆمەڵگادا، لەبەرئەوە تەنانەت ئەگەرچی یەکێک لە ئامانجی چالاکیی سیاسیی ئەحزابی سیاسی لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییە، بەڵام ئێمە ناتوانین بڵێین کە ئامانجی کۆمەڵگای مەدەنی بەدەستهێنانی دەســەڵاتــی سیاسییە، یاخود کۆمەڵگای مەدەنی بیر لەوەدەکاتەوە کە رۆژێـک لە رۆژان دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بهێنێت، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە کۆمەڵگای مەدەنی بیر لەوەدەکاتەوە کە چاودێریی دەسەڵاتی سیاسی بکات، بیر لەوەدەکاتەوە کە ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی بکات، بیر لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندی نێوان هاوڵاتیو دەسەڵاتی سیاسی بەرەو باشتر بەرێت، یاخود وابکات ئەو پەیوەندییە زیاتر لە بەرژەوەندیی هاوڵاتی بێت، مافەکانی هاوڵاتی زیاتر دەستەبەربێت، هاوڵاتی بتوانێت لە رێگای ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگای مەدەنییەوە باشتر زانیاریی بگاتە دەسـت، چاکتر چاودێریی بەرێوەچوونی دەسەڵات بکات، باشتر رەقیب بێت بەسەر دەسەڵاتی سیاسییەوە، بۆیە ئا بەم مانایە کۆمەڵگای مەدەنی دەسەڵاتی سیاسیی گرنگی خۆی هەیە، کە پێویستە لەراستیدا پارێزگاریشی بکات، پێویستە هەوڵبدات لە رێگای چالاکیی بـەردەوامـی خۆیەوە نەهێڵێت دەسەڵاتی سیاسی قوتی بدات، نەهێڵێت حکومەت (بە واتایەکی دیکە با بڵێین) قوتی بداتو پەراوێزی بخات، نەهێڵێت دەوڵەتو دەزگاکانی راستەوخۆ دەستیان بە هاوڵاتی بگات، بەڵکو ناچاربن کە لە رێگای رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتییان بکات، لەناو فەزای مەدەنیدا مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیدا بکات، ئەمە رێک لەوەدەچێت تۆ بیر لەوەبکەیتەوە کەسێک بەتەنیاو راستەوخۆ وەرگریت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا، بەڵام کەسێکی دیکە لە سیاقێکی تایبەتیدا وەربگریت کە لەو سیاقە تایبەتەدا تۆ ناچاری بەشێوەیەکی مەدەنی بەشێوەیەکی نەرمونیان بەشێوەیەکی دروستو گونجاو لەگەڵ مافی ئەو هاوڵاتییە، لەگەڵ مافی مرۆڤ بەشێوەی گشتی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، واتە خەتەری گەورە لە نەمانی کۆمەڵگای مەدەنی لەنێوان هاوڵاتیو دەسەڵاتی سیاسیدا بریتییە لـەوەی هاوڵاتی بەتەنیا دەچێتە بـەردەم دەسەڵاتی سیاسی، کە بەتەنیاش چووە بەردەم دەسەڵاتی سیاسیش ئەگەری ستەملێکردنی هەیە، ئەگەری توندوتیژیکردن هەیە بەرامبەری، ئەگەری روودانی جۆرێک لە توندوتیژی هەیە لە مامەڵەی دەسەڵاتدا لەگەڵ هاوڵاتی، بەڵام کاتێک هاوڵاتیو دەسەڵات لە فەزای مەدەنیداو لەبواری گشتیدا دەگەن بەیەکتر، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەک رێکخەری ئەو پەیوەندییە هەن لەو نێوانەدا، بێگومان مامەڵەی دەسەڵات لەگەڵ هاوڵاتی مامەڵەیەکی مەدەنیترو تەندروسترو تەباترە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ.

**رۆژنامە: ئایا مەرجە هەمیشە کۆمەڵگای مەدەنی دژی دەسەڵاتی سیاسی بێت؟**

* ئەگەر مەبەستمان لە (دژایەتی) ئەوەبێت کە کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت چاودێریی دەسەڵاتی سیاسی بکات، دەبێت رەخنەی لێبگرێت، دەبێت بەرگریی لە هاوڵاتی بکات لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسییەوە، لەراستیدا ئەگەر ئەمانە واتای دژایەتیکردن بن، بەڵێ!! بەڵام من پێموانییە ئەمانە واتای دژایەتیکردن بێت، لەبەرئەوە نەخێر مەرج نییە هەمیشە کۆمەڵگای مـەدەنـی دژی یـان دوژمنی دەوڵەت یان حکومەت بێت، بەڵکو کۆمەڵگای مەدەنی یەکێک لە رۆڵە گرنگەکانی بریتییە لەبەرچاو رۆشندان بە دەسەڵاتی سیاسی یان حکومەت، رەخنە لێگرتنیەتی، بەڵام رەخنە لێگرتنێکی دردۆنگانەو دوژمنکارانە نا، ئیشی کۆمەڵگای مەدەنی رووخانی حکومەت نییە، بەڵکو پایەدارکردنیەتی، یارمەتیدانیەتی بەوەی کەوا بڕیاری تەندروستر بدات، باشتر هەڵسوکەوت بکات، تەنانەت دەشـێ بەم واتایانە کۆمەڵگای مەدەنی خزمەتێکی گەورە بە دەسەڵاتی سیاسیش بکات، هەڵەکانی خۆی دەخاتە پێش چاوی، یارمەتی دەدات هەڵەکانی خۆی ببینێت، یارمەتی دەدات کە مامەڵەیەکی تەندروستتر لەگەڵ هاوڵاتییاندا بکات، یارمەتییەک بەرچاوی رۆشنتربێت، یارمەتی دەدات بۆئەوەی هەڵەنەکات، نەک دوژمنکارانە بیەوێت بەهەڵەیدا بەرێت. لەراستیدا هەندێک چالاکی بەناو مەدەنی ئەم ئاقارە خراپەی گرتووە، بیر لەوەدەکاتەوە کە مەدەنیبوون واتە دژایەتیکردنی دەسەڵات، بیر لەوەدەکاتەوە کە مەدەنیبوون واتە رەخنەگرتنی ناواقیعی لە دەسەڵات، بیر لەوەدەکاتەوە کە مەدەنیبوون واتە دوژمنایەتکردنی دەسەڵاتو حکومەت، بە بۆچوونی من هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵگای مەدەنیو چالاکیی مەدەنییەوە نییە، چالاکی مەدەنی بە دەرەجـەی یەکەم چالاکییەکی کۆمەڵدۆستانەو مرۆڤدۆستانە، چالاکی پڕ لە خۆشبەختی لە ئەمانەتی ئەخلاقییە، ئەو کەسەی لە فـەزای مەدەنیدا هەڵسوکەوت دەکات، ئەگەر تاکێک ئەگەر کەسێکە، ئەگەر رێکخراوێکە پێویستە بەوشێوەیە هەڵسوکەوت بکات کە خۆی پێش هەموو کەسێک پابەندی بنەماکانی مەدەنیبوونو بنەماکانی ئەخلاقو (ئەخلاقی گشتی) خاوەنی بنەماکانی مافی مرۆڤ بێت، پێویستە تەشهیرو زیادەرۆیو زانیاریی تەزویر نەکات، پێویستە دەموچاوی راستییەکان نەگۆڕێت، پێویستە حەقیقەتەکان وەک خۆی بگەیەنێت، پێویستە کە ئەوکاتەی دەســەڵاتــی سیاسی شتێکی بـاش دەکـات، دەستخۆشانەی لێبکات،ئەوکاتەی شتێکی خراپ دەکات بە جوانترینو نەرمونیانترین شێوە، بە مەدەنیترین شێوە هەوڵبدات کە بەرەو رێگای راستی بەرێت، هەڵەکەی بۆ راستبکاتەوە، پێش هەموو شتێک پێویستە بـەردەوام لە رێگلی گەیاندنی زانیارییەوەو گەیاندنی دەنگی داواکارییەکانی هاوڵاتی بە دەسەڵات، بەردەوام ئەو پێشوەخت لە هەوڵی ئەوەدابێت کە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتو هاوڵاتی نەگاتە حاڵەتی لێکترازان، نەگاتە حاڵەتی چاککردنەوەو تیمارکردنو چارەسەرکردنی لەتوانایدا نەبێت، نەگاتە ئاستێک کە بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیو توندوتیژییەکی کۆمەڵایەتی کۆتایی پێبێت.

## هاوژینی مەلا ئەمین:

# ژیانی سیاسیو ئیداریی هەرێمی کوردس

**سازدانی: هیوا محەمەد ساڵح**

**هاوژینی مەلا ئەمین، نوسەرو رۆشنبیر لە دیمانەیەکی پردا باس لە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنیو پێکهاتە سەرەکییەکانی دەکات، هەروەک ئەوەش دەخاتەڕوو لە ماوەی ١٨ ساڵی رابردوودا ئەم چەمکە تا چەند لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی کوردیدا جێی بووەتەوەو پەرەی پێدراوە**

**رۆژنامە: کۆمەڵگای مەدەنی بەمانای ئەمرۆیی واتای چییە؟**

* لەڕاستیدا ئەگەر ئەو مەفهومە وەربگرین، لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بەشێوەیەکی گشتی ئێستا هەیە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی، بەتایبەت لەسەر ئاستی ئەدەبیاتی سیاسیی، چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی مەبەست لێی ئەو رێکخراوو سەندیکاو دامودەزگایانەیە کە لەناو کۆمەڵگادا ئەکتیڤو چالاکن، بەڵام جیاوازن لە دەسەڵاتی رەسمیی دەوڵـەت، بەپێی یاسا پەیوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتی رەسمیدا رێکخراوە، دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی چوارەمو رێگایاندن دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی رێکخراوو سەندیکاو رۆژنامەکانو... واتە هەموو ئەو رێکخراوانەیە کە بەشێوەیەک لەشێوەکان دەکـەونـە نـێوان دەسەڵاتی حکومەتو خێزان، بەشێوەیەکی گشتی بە (فەزای گشتی)ش دەوترێت، بەو چالاکیانەی کە لەدەرەوەی بەدەزگایکردن لە کۆمەڵگادا روودەدەن، ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکان هەیە یان ئەو گفتوگۆیانەی لە کۆڕو سیمینارەکاندا دەکرێت، تەنانەت خەموخەفەت گۆڕینەوەی هاوڵاتییان لە شوێنە گشتییەکاندا، لە کافتریاو چایخانەکاندا بە بەشێک لە جموجۆڵ یان با بڵێین چالاکیی ناو کۆمەڵگای مەدەنی دەدرێتە قەڵەم.

**رۆژنامە: کۆمەڵگای مەدەنی چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ حیزبدا لـەڕووی پێکهاتەی ئامانجیانەوە؟**

*یەکێک لە پێکهێنەرە بنەڕەتیو گرنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، لەڕاستیدا حیزبە، ئەحزابی سیاسی چالاکترین فۆرمی ئەو رێکخراوە مەدەنیانەن کە لە فەزای مەدەنیدا ئیشدەکەن، بـەڵام بـۆئـەوەی حیزبێک بەشێوەیەکی مەدەنی هەڵسوکەوت بکاتو چالاکیو بوونی خۆی لەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا بسەلمێنێت، پێویستە کۆمەڵێک پرەنسیپی مەدەنیەت هەیە رەچاوی بکات، بۆ نموونە ئەو حیزبە نابێت خاوەنی میلیشیا بێت، پێویستە ملکەچ بێت بۆ دەسەڵاتی حکومەتو بڕیارو یاساکانی دەوڵـەت، ئەو حیزبە پێویستە بەشێوەیەکی میانڕەوانەو بەشێوەیەکی ئاشتیانە باوەڕی بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هەبێت، واتە حیزبێک بێت لە هەناوی کۆمەڵگای مەدەنییەوە، لە هەناوی بارودۆخێکی مەدەنیی راستەقینە هاتبێتە دەرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو حیزبو رێکخراوە سیاسیانەی کە لە کۆمەڵگای خۆماندا هەن (ئەمە وەک نموونەیەک)، لە بارودۆخێکی نائاساییەوە هاتوونەتە ناو فەزای مەدەنیو ناو چالاکیی سیاسییەوە، بەڵام بە بڕوای من تەنانەت ئەمەش نابێتە رێگرییەک لەوەی کە ئێمە وەک جوزئێک لە کۆمەڵگای مەدەنی، بۆئەوەی چالاکییەکانیان وەک حیزبێک لە چالاکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی سەیرنەکەین، بە بڕوای من حیزب (حیزبی سیاسی) بەشێکی بنەڕەتییە یان پێکهێنەرێکی بنەڕەتییە لە پێکهینەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەگەر ئەو حیزبە خۆی پرەنسیپەکانی مەدەنیەت بفامێتو بزانێت، پێش هەموو شتێک پرەنسیپەکانی مەدەنیەتی قبوڵکردبێـت، پێویستە لە چالاکیو لە هەڵسوکەوتی سیاسیی خۆیدا خەمی ئەوە بخوات کە گەشە بە ئەو فەزایە بدات، گەشە بە دونیای مەدەنیەتو کەشوهەوای مەدەنیەت بدات، کە خۆی لەناو ئەو کەشوهەواو لەو زەمینەدا دەتوانێت گەشەبکات، دەتوانێت بژی، دەتوانێت بمێنێتەوە.

**رۆژنامە: ئەو پشێوییە سیاسییەی کە واقیعی ئەمڕۆی کوردستانی گرتووەتەوە، هۆکارەکەی نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنییە یان ئەڵتەرناتیڤی دیکە هەیە بۆ ئەو پشێوییە؟**

* ئـەو پشێوییە سیاسییەی کـە لە کوردستاندا هەیە، هۆکاری زۆر زۆرە، واتە ناتوانیت لە خاڵێکدا چڕی بکەیتەوە، بەڵام تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە چەمکی مەدەنیەتو کۆمەڵگای مەدەنییەوە هەبێت، بە بڕوای من کێشەکە ئەوەیە کە ئەو چەمکە لەناو واقیعی سیاسیی کوردستاندا، بە قۆناغەکانی گەشەکردنی خۆیدا بەشێوەیەکی سروشتی لەدایک نەبووە، قۆناغەکانی گەشەکردنی خۆی بەشێوەیەکی سروشتی نەبڕیوە، واتە ئەگەر ئێمە سەیری گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی بکەین، یان سەیری چەمکی مەدەنیەت بکەین لە سیاقە خۆرئاواییەکەیدا لەناو کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا، سەیردەکەین ئەم چەمکە لە هەر قۆناغێکدا مانایەکی دیاریکراوی خۆی هەیە، دواجار لەڕێگای گۆڕانی ریشەییەوە کە بەسەر ئەو کۆمەڵگایەدا دێـت، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیو ئاستی ئابووری، چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغێکەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغێک لە گەشەکردندا دەگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە لە گەشەکردن، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەیبینین لە واقیعی سیاسیی کوردستاندا، ئەوەیە کە بەبێ ئەوەی ئەم چەمکە بە رەوتە سروشتییەکەی خۆیدا بـڕواتو گەشەی سروشتی ژیانی خۆی تێپەڕێنێت، دەبینین لە گەشەکردندایەو بەرەو زیادبوون دەڕوات، ئێمە تائێستا بارودۆخێکمان هەیە بەشێوەیەک لەشێوەکان بڕێک لە ئازادیی تێدایە، بڕێک لە دیموکراسیەتی تێدایە، بڕێک لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی تێدایەو لەژێر سایەی ئەو بڕە لە ئازادییەدا، رێکخراوە سیاسییەکان هەن بە دەرەجـەی یەکەم رێکخراوە مەدەنییەکانی دیکەشمان هەیە کە بە ئەندازەیەکی زۆر پاشکۆی رێکخراوە سیاسییەکانن، هەموو ئەو رێکخراوانەو ئەو هەلومەرجەی کە هەیە، بارودۆخێکی مەدەنیان دروستکردووە، بەڵام بە بڕوای من کێشەی گەورەی ئەو بارودۆخە مەدەنییە، ئەوەیە کە قۆناغەکانی گەشەکردنی سروشتی خۆی تێنەپەڕاندووە، ئێمە پێشتر کۆمەڵێک هەلومەرجو کۆمەڵێک بنەماو کۆمەڵێک پرەنسیپی مەدەنیەت هەیە نەمانتوانیوە لەناو کۆمەڵگای خۆماندا بیچەسپێنین، یاخود بارودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای



کوردی لەبارنییە بۆئەوەی کەوا باربکرێت بەو چەمکانەو باربکرێت بە هەموو ئەو ئازادییو با بڵێین گۆڕانو فرەییەی کە ئێستا لە ساحەی سیاسیی کوردستاندا دەیبینین، واتە ناتەباییو ناهاوئاهەنگییەک هەیە لەنێوان چالاکیی سیاسی لە کوردستاندا، لەگەڵ زەمینەی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی بۆ لەخۆگرتنی ئەو چالاکییە مەدەنیانە کە بەبڕوای من ئەمە وایکردووە زۆرجار ئێمە هەست بە غیابی مەدەنیەت بکەین، لەکاتێکدا فۆرمەکانی ژیانی مەدەنیەت لێرە وجودیان هەیە، هەست بە دیموکراسی بکەین لەکاتێکدا کە فۆرمێک لە دیموکراسیەت وجـودی هەیە، ئەگەر واقیعیانەترو بابەتیانەتریش بیربکەینەوە، ئەو بارودۆخەی کە ئێستا کوردستانی تێدایە، بارودۆخێکی زۆر هەڵواسراوە، بارودۆخێکی زۆر یەک لایەنە بووە تائێستا.

ئێستاش هـاوڵاتـی کـورد کـۆی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی کە تێیدا دەژی لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەردەم ئەگەری جیابوونەوەدایە لە عێراق، لەبەردەم ئەگەری گەڕانەوەدایە بۆ سەر عێراق بەشێوەی دەوڵەتێکی مەرکەزی، تائێستاش هاوڵاتی وەک ژیانێکی سیاسی یەکلانەبووەتەوە، ئینسانێکی کـورد کاتێک چالاکیی سیاسی دەکـات، هەمیشە چاوی لەوەیە کە دەشێت بارودۆخی سیاسی گۆڕانێکی بەسەردابێت، تائێستا ئێمە دەستوورێکی هەمیشەیی دانپێنراومان نییە، کە تەواوی ژیانی سیاسیمان رێکبخات، تائێستا سەربەخۆیمان نییە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، چالاکی بۆ سەربەخۆیی تائێستا لای کورد واتای هەیە، کورد بەشێوەیەک لە شێوەکان بیر لەوەدەکاتەوە کە هەر رۆژێک بێت وەکو دەسەڵاتو دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە عێراق جیاببێتەوە، بەدیوێکی دیکەدا کە تائێستا ئەو یاسایانەی کە سەردەمی بەعس لە کوردستان جێبەجێ دەکران، هەندێکیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام هەندێکیان هەر بەشێوەی خۆیان ماونەتەوە، واتە کۆی ئەو هەلومەرجەی کە هەرێمی کوردستان تێیدا دەژی، بە بڕوای من بڕێکی زۆر کاریگەریی هەیە لەسەر ئەوەی کە چالاکیی مەدەنی لەناو کوردستانی ئێمەدا ناتوانێت ئاقاری راستەقینەی خۆی وەربگرێتو ناتوانێت کاریگەریی راستەقینەی خۆشی هەبێت، لەبەرئەوەی هەم خۆی بەشێوەیەکی سروشتی گەشەی نەکردووەو بەشێوەیەکی سروشتی لەدایک نەبووە، تائێستاش ئەو بارودۆخەی کە تەواوی چالاکییە مەدەنییەکانی تێدایە، بارودۆخێکی هەڵپەستراوە، بارودۆخێکی موعەلەقە بەشێوەیەک لەشێوەکان، بارودۆخێکە ئەگەری گۆڕانی ریشەیی تێیدا واردە، ئەگەری ئەوە هەیە ئەو هەلومەرجەی ئێستا کوردستانی تێدا دەژی، لەدەست بچێت، ئەگەری ئەوەی هەیە کە بگۆڕێت بە بارێکی دیکەدا، کۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا تائێستا کۆمەڵگایەکی سەربەخۆ نییە، بەو مانایەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا بژی، هەم کۆمەڵگایەکی سەربەخۆش نییە بەو مانایەی کە پشت ئەستوربێت بە گەشەکردنێکی کۆمەڵایەتیو ئابووریی ریشەی ئەوتۆ لەناو کۆمەڵگادا، کە ئەمە دەکرێت پشتیوانێکی بنەڕەتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بێت، واتە تائێستاش رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وابەستەن بە حیزبە سیاسییەکانەوە، حیزبە سیاسییەکانیش بەشێوەیەک لەشێوەکان لەناو ئەو پشێوییەدا دەژیـن کە هەرێمی کوردستانی تێدا دەژی..

**رۆژنامە: ئایا ئەو سیستمە سیاسییەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، رێگا بەوە دەدات کۆمەڵگایەکی مەدەنی بە هەموو ماناکانی مەدەنیەت لە کوردستاندا لەدایکبێت؟**

* بە بـڕوای من هەندێک لەو پرسیارە پەیوەندی بە سیستمی سیاسییەوە هەیە، ئەگەر ئێمە سیستمێکی دیموکراسیمان هەبێت، سیستمێکی با بڵێین دەستووریمان هەبێت، چوارچێوەیەکی یاسایی رێکوپێکمان هەبێت بۆ چالاکیی کۆمەڵی مەدەنی بۆ هەڵسوکەوتو جموجۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی، بەدڵنیاییەوە دەتوانین بیر لەوەبکەینەوە، تەسەورناکەم ژیانی سیاسی لەکاتێکدا لە چوارچێوەی سیستمێکی دیموکراسیدا رێکدەخرێت، هیچ بەربەستێک لەبەردەم چالاکیو جموجۆڵی کۆمەڵگای مەدەنیدا دابنێت، بەڵام کێشەی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا بریتییە لەوەی کە ژیانی سیاسیو ئیداریی هەرێمی کوردستان، ژیانو ئیدارەیەکی پەشێوە، کە ئەمەش هەندێکجار کێشەو گیروگرفتی گەورە بۆ چالاکیی مەدەنی، یان بەشێوەیەکی گشتی بۆ کۆمەڵگای مەدەنی دروستدەکات، تائێستا (قانونی ئەحزاب) لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی رێکوپێک نییە، تائێستا وەرگرتنی مۆڵەت بۆ رێکخراوە مەدەنییەکان نییەو کۆمەڵێک کێشەو گیروگرفتی تایبەت بەخۆی هەیە، کێشەی گەورەی کۆمەڵگای مەدەنی بریتییە لەوەی کە پێویستی بە چوارچێوەیەکە، پێویستی بە ئیتارێکی دەستووری یاسایی هەیە بـۆئـەوەی رێکی بخات، بۆئەوەی کەوا سنوورەکانی بۆ دەستنیشان بکات، بۆئەوەی کەوا جۆری چالاکیی ئەو کۆمەڵگایە دەستنیشان بکات، بەڵام لەبەرئەوەی کە سیاسەت لە کوردستاندا لە پشوویەکی گەورەدا دەژی، لەڕاستیدا ئەم پەشێوییە بە تەبیعەتی حاڵ کاریگەری لەسەر چالاکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بوونو نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی، لەسەر ئەکتیڤی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە هەر ئەمەش وایکردووە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناچار ببن بە پاشکۆی حیزبەکان. واتە

# گۆڕان... پێویستییەکی هەنووکەیی هەمەلایەنە

زەردەشت فەرەج

پرسیارێک هەیە کە هەرگیز دەسەڵاتی کوردی لە خۆی نەکردووە، بۆچی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی شۆڕشی کردووەو هێشتا خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ نییە؟ دەبێت کورد یان دەسەڵاتی کوردی چی نەکردبێت کە هۆکارەکەی هۆی سەرنەکەوتنیەتی لە مەیدانی سیاسیدا؟!

لەناو عەقڵی سیاسیانەی کوردیدا دوو شت هەیە کە هێشتا سنووریان نەبەزاندووەو وەک خۆیان ماونەتەوە، ئەوانیش گوتارو رەگەزی بە پیرۆزکراون، گوتارو رەگەزی بە پیرۆزکراو پێکدێت لە دەسەڵاتی مەلاو شێخ‌و پاشاو ئەمیرەکان، مەلاو شێخ وەک سەنتەری دەسەڵاتی راستەوخۆی خودا لەسەر زەوی پیرۆزی داوەتـە رەگـەزو گوتاری رەهای خـۆی، لە رێگای ئەم سیستمە رەهایەوە پاڵپشت بە گوتارە پیرۆزەکەی، ئیش لەسەر سنووردارکردنی عەقڵ‌و بیرکردنەوەکانی مـرۆڤ دەکـات‌و یاسایەکی جەبری لەناو کۆمەڵگادا پەیڕەو دەکات، هەموو ئەو فۆرمە مرۆیانە دەپارێزێت کە لە رێگای دین‌و گوتاری پیرۆزەوە لەناو کۆمەڵگادا مامەڵە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. سەبارەت بە فۆرمی پاشاو ئەمیرەکان کە لە مێژوودا هەڵسوڕاوێکی راسـتـەوخـۆی نـاو یەکە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان بوون، لە ئێستادا لە هەندێک شوێنی دوورە دەست نەبێت، لە شارو شارستانیەت‌و شوێنە گشتی‌و سەرەکییەکاندا بنەماو فۆرمیان نەماوە، بۆ زیاتر لە نیو سـەدە دەچێت ئـەو جـۆرە لە دەسـەڵات‌و حکومڕانیکردنە بەتەواوەتی لەناوچووە. کورد بەهۆی بارگاویبوونی بە کلتوری سەپێنراوی ئیسلامەوە، لەناو هەموو شۆڕشەکانیدا رەنگدانەوەیەکی لەڕادەبەدەری ئەم فۆرم‌و گوتارانە بەدیدەکرێت‌و دەمڕاستانی کێشەکانی کورد لە رێڕەوی مێژوودا، هەمیشە لەمجۆرە فۆرم‌و رەگەزانە بوون، ئەمانەش هەمیشە پێش ئەوەی دڵسۆزو خاوەنی کێشە نەتەوەییەکەی کورد بووبن‌و خۆیان بە خاوەنی میرات‌و شارستانیەتەکەی زانیبێت، بەرگریان لەو دابونەریتە کردووە کە لە رێگای داگیرکردنی کوردستانەوە بووەتە بەشێک لە کلتوری کوردی، بەڵگەش بۆ ئەمە زۆرەو لە شۆڕشە یەک لەدوایەکەکانی شێخ عەبدوڵڵای نەهری‌و شێخ سەعیدی پیران‌و قازی محەمەدو شێخ مەحمودو مەلا مستەفادا ئەم بابەتە بە باشی دەبینرێت، کە سەرکردە کوردەکان ئەوەندەی پەرۆشی بەرز راگرتنی لایەنە رۆحییەکەی دین بوون، ئەوەندە بە حەق بیریان لە مەسەلە نەتەوەییەکان نەکردووەتەوە، بێئاگایانە لە رەوتـی بەرەوپێشچوونی دنیادا لەلایەنی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەوە مامەڵەیان کـردووە، لە خاڵی چەقبەستووی وڵاتە دواکەوتووەکاندا بەهۆی بە پیرۆز راگرتنی گوتارو رەگەزی بە پیرۆزکراو، نەیانتوانیوە بێنە دەرێ‌و چاو لە جیهانی مۆدێرن بکەن. هەندێکی دیکەش لەو حیزبانە کە لەم سەدەیەی دواییدا لەناو مەیدانی سیاسیانەی کوردستاندا پەیدابوون، بەناوی ئیسلامی سیاسییەوە راشکاوانە بەرگریان لە ئایینی ئیسلام کردووەو کێشەی نەتەوەو ناسیۆنالیزم، بە پلەی دووەم دێت لە ئەجێندای کارەکانیاندا، هەرچەندە لای زۆربەیان گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام بۆئەوەی دەنگی خەڵکی بەدەست بهێنن، ناچاردەبن زۆرجار وەک وتووێژ باسی لێوەبکەن، ئەگەر نا، هەموویان جێدەستیان دیارەو هەموو لایەک باش دەزانن لە کوێوە شەنی خەرمانەکەیان دەکەن، فۆرمێک لەو فۆرمانەش لە ئەزموونە تاڵەکەی ناوچەی شـارەزووردا خۆیان یەکلایی کـردەوە کە سەر بە چ ئایدۆلۆژیایەکی ترسناکی مرۆڤ پڕوکێنن.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوروپا لەو سەردەمانەدا مێژوویەکی تاریکی حکومڕانیکردنی هەیە، ئەویش بەهۆی بوون‌و بۆماوەی دەسەڵاتی راستەوخۆی پاپاو کڵێساو پاشاو شازادەکانەوە، هەربۆیە بـەردەوام لە ململانێی دەسـەڵات‌و بەپیرۆزکردنی رەگەزو گوتاردا، ئەوروپا سەدەکانی ژیانی خۆی تێدەپەڕاندووە. بەتەنیشت ئەمجۆرە لە دەسـەڵات‌و سەرکوتکارییە گوتاری‌و رەگەزییەوە، بەرهەڵستکاری شاعیران‌و هونەرمەندان‌و بیرمەندانی ئەوکاتەی ناو کڵێساو دەربارەکان لەدژی ئەمجۆرە دەسەڵات‌و عەقڵە دۆگمایانە پەرەیدەسەند، هێدی هێدی درزی دەکردە دەسەڵاتی رەهای کڵێساو رەچەڵەکی حکومڕانیی پاشاکانەوە، بۆیە لێرەوە لە رێگای ئەم دوو جۆرە لە رەگەزو گوتارەوە، ئەوروپا گۆڕانکارییەکانی خۆی دەستپێکرد، دواجاریش هەر لە رێگای ئەوانەوە عەقڵ چەکەرەی کردو زانست‌و زانین برەوی پێدراو جۆرە تێڕوانینێکی نوێ بۆ ژیان لەدژی ئەوجۆرە دەق‌و دەسەڵاتە چەقبەستانەوە هاتە ئاراوە، دەسەڵاتی پاپ‌و کڵێساو پاشاکان کە رەگەزی پیرۆزو گوتاری پیرۆزکراوبوون، هێدی هێدی وەلانران‌و دوورخرانەوە لە سەنتەری دەسەڵات‌و حکومڕانیکردن، ئیتر لێرەوە ژیان‌و گۆڕانکاریی لە رێگای عەقڵەوە رۆژ بە رۆژ بەرەوپێشەوە چوو، وەک ئەوەی کە ئێستا ئێمە دەیبینین‌و هەموو بەرهەم‌و کەرەستە جۆراوجۆرەکانی گۆڕانکاریی عەقڵی لە رێگای ئەوانەوە دێتە لامـان، ئێمەش بە عەقڵێکی وەستاوی نەجوڵاوەوە، مامەڵە نادروستەکانی خۆمانی لەگەڵدا دەکەین.

وەک باسمانکرد مـێـژووی شۆڕشە کوردییەکان پێمان دەڵێن کوردیش بەدەر نەبووە لـەو فۆرمانەی کە فەرمانڕەوای دونیایان کردووە، وەک شێخ‌و مەلاو پاشاو بەگزادەکان، بەڵام لێرە ئەم رەگەزو فۆرمانە نەک هەر نەیانتوانیوە گۆڕانکاریی‌و عەقڵێکی جوڵاو دروستبکەن، بگرە ئێستاش لە ململانێی سەختی مانەوەی رەگەزیدان‌و میرو ئاغاو مەلاو شێخەکان کە دیوەخانی بەرگرین لە عەقڵی بێ پرسیارو گوتارو رەگەزی بەپیرۆزکراو، هێشتا ماونەتەوەو جوڵەیەکی عاقڵانەی مرۆڤدۆستانە لەمەڕ ئەوانەوە بەدیناکرێت، ئەوەنەبێت خەریکی مومارەسەکردنی دەسەڵات‌و بەرگریکردنن لە رەگەزی خۆیان لەپێناو مانەوەیاندا.

ئەم وتانە روو ناشیرینکردنی ئەو رەگەزو فۆرمانە ناگەیەنێت لە مێژووی خەباتی کوردیدا، بەڵکو قسەکردنە لەسەر ئەو عەقڵە چەقبەستووەی ئەوان کە لە حکومڕانیکردنی کـورددا کـاری پێدەکەن، هێچ ئاوڕێک لە رابردوو و ئایندەی سیاسیی خۆیان نادەنەوە بۆئەوەی بەخۆیاندا بچنەوە، گومانی تێدانییە لە سەردەمی نەبوونی پرسیاردا، تەکیەو خانەقاو کڵێساکان بزوێنەری سەرەتاییترین بیربوون لە هەموو رووەکانەوە، بەڵام کاتێک کار دەگاتە ئەوەی رەخنە دروست ببێت، عەقڵ لەخۆیەوە دەستپێدەکات بۆئەوەی هەموو یەکە بەپیرۆزکراوەکان هەڵوەشێنێتەوەو لە سەرەتاوە بە بونیادێکی نوێوە دایانبمەزرێنێتە، ئیتر لێرەوە رەگەزێک یان گوتارێک نامێنێتەوە بەر شاڵاوی عەقڵی پرسیارکەر نەکەوێت. لە سەردەمی رۆشنگەریدا لە ئەوروپا پرسیارێک هاتەئاراوە کەحەقیقەت یان راستەقینە شتێکی رێژەیە، کەواتە شتێک نییە بەناوی راستەقینەی رەهاوە. (ماکیاڤیلی)*کاتێک لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (میر)ەوە داوا لە سەرانی ئەوروپای دەسەڵاتدار دەکات کە دوور لە کڵێساو گوتاری ئایینی، بڕیاری ئـازادانـەی خۆیان بدەن‌و مومارەسەی ژیانی سیاسیی خۆیان بکەن، دواتریش (هۆبز)و (دیکارت)و (جۆن لوک)و (سپینۆزا)و چەندین بیرمەندی دیکە هاوڕابوون لەسەر ئەوەی شتێک نییە بەناوی راستیی رەهاو جێگیرەوە، بۆیە لێرەوە کڵێسا هەستی بە شەقبردنی دەسەڵات‌و توانای خۆی کرد لە بەرامبەر تەوژمی فیکری ئەدیب‌و بیرمەندانی رێنسانسدا، هەربۆیەش عەقڵ لە درێـژەی رەخنەو چاکسازییەکانی خۆیەوە لەلایەن پاپ‌و کڵێساو دەسەڵاتەوە، رووبـەڕووی چەندین مەترسیی هەمەجۆر بویەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت لە رێگای سەروەرانی عەقڵەوە، وەک (کۆپەر، گالیلۆ، لۆتەرو ماکیاڤیلی)، سەرلەنوێ یاساکانی ژیان داڕێـژرانـەوەو پەیوەندیی خوداو مرۆڤ بە جۆرێکی دیکە خوێندنەوەی بۆ کرا، بەڵام کاتێک سەیری ئەم سەرزەمینە کەساسەی لەمەڕ خۆمان دەکەین، کە هێشتا لە ئێستای دەسەڵاتی هەنووکەیی کوردیدا، فۆرمی مەلاو شێخ لەناو چەقی سیاسەت‌و دەسەڵاتی کوردیدا کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە، سەنتەری دەسەڵات هێشتا لای ئەوانەو لە بێ پرسیاری تاک‌و جڤاتی کوردیدا خەریکە سەدە تاریکەکانی ژیانی کۆنەپەرستی دێنەوە ئاراوە، ئەو پرسیارەمان لا دروستدەبێت کە دەبێت چۆن کوردستان لەو تەنگەژە عەقڵییە دەرچێت‌و بچێتە قۆناغی ئاگاییەوەو ئاوڕ لە بچووکی خۆی بداتەوە لە رەوتی مێژودا.

کۆمەڵگای کوردی لە سەرەتای راپەڕیندا هەموو متمانەیەکی خۆی دایە دەست پارتە سیاسییەکانی ناو مەیدانی خەباتی سیاسیی کـوردی، چونکە ساڵانێک بوو لەژێر بێ رەحمی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی حیزبی بەعسدا هەموو جـۆرە ستەمکارییەکی بەسەردا سەپابوو، لەبەر ئەمەش بوو هەموو لایەک بە گڕوتینێکی زۆرەوە لەژێر سایەی دەسەڵاتی کوردیدا بە دروشمی بەرخۆدان بۆ کوردستان، بە خوێنی هـەزاران رۆڵەی ئەم گەلە بە نەفەسی ئازادییەوە، درێژەیان بە ژیانی سەربەخۆیانەی خۆیان دا، کەچی ئێستا ئەو دەسەڵات‌و گروپانەی کە بە عەقڵی شاخ‌و شەهوەتی خۆسەپاندنەوە لە بیست ساڵی ئەزموونی حکومڕانیکردنیاندا، لەڕووی ئەجێنداو کاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەوە خەرمانەکەیان لە خەرمانی سەردەمی شاخ خاڵیترە کە بەکۆڵیانەوە بوو، خۆیان لێبووەتە فریادڕەسی گەلی کوردو مەیدانی سیاسیی کوردیان بە عەقڵی دۆگماو سیخناخ بە کلتوری خۆپەرستی‌و کۆنەپەرستی مۆنۆپۆل کردووە، ئەوە بۆ زیاتر لە دە ساڵ دەچێت ئیدارەی یەکە دەوڵەتییە پەرتەوازەکانی خۆیانیان بۆ رێک ناخرێتەوە، وەک ئەوەی چاوەڕێی ئەگەرێکی دیکەی شەڕی براکوژی بن، ئەوەی گوێی پێنەدەن یەک ریزی‌و یەک باوەڕییە لە بنەڕەدا بۆ پرسە هەنووکەییەکان.

گومانم نییە لـەوەی هەموولامان ئەو راستییە باش دەزانین کە دەسەڵاتی کوردی لە هەژدە ساڵی تەمەنی رابردوویدا، ئەوەی پێویست بـوو بیکات لـەڕووی سیاسی‌و ئـابـووری‌و کۆمەڵایەتییەوە نەیکردووە، هۆکارەکەشی دەگـەڕێـتـەوە بۆ نەبوونی عەقڵێکی جوڵاوی مرۆڤدۆستانە کە دەبوو سوود لە ئەزموونەکانی دەسەڵاتی دونیایی وڵاتانی ئـەورپـاو ئەمریکایی وەرگـرێـت، دوورنەکەوێتەوە لەو عەقڵە خۆماڵیانەی کە بە حەق مومارەسەی نوێخوازیی دەکەن‌و هەموو هەوڵێکیان بۆ پێشکەوتنی هەمەلایەنەی کۆمەڵگای کوردییە. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی وەک ئەوەی خۆی پەی بەوجۆرە بیرکردنەوانە نابات‌و هێشتا لەئاست هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاساو رێسا کۆنەکاندا دۆش داماوە، لەتاو مومارەسەکردن‌و تێرکردنی وارسکە چەوتەکانی خۆیدا کاتی نییە بۆ بیرکردنەوەی گۆڕانکاریی، رۆح‌و عەقڵی دەربازنەبووە لەو تەلیسمەی کە لە رێگای کلتوری دینەوە لە هەناویدایە، حەق وایە لەبری دوورەپەرێزی‌و دوورخستنەوەی ئەو عەقڵانەی کە نوخبەی کۆمەڵگان‌و لە هەموو دنیادا بۆ گۆڕانکاریی‌و نوێبوونەوە سوودیان لێوەرگیراوە، لەئاستی عەقڵی خۆیدا سەرکەوێت بۆ لایان‌و لەناو میراتی دەسەڵاتەکەی خۆیدا دەرفەتیان بۆ فەراهەم بکات، کە یەکە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکان رێکبخەنەوەو سەرلەنوێ‌و بۆ یەکەم جار لە بەرزەخی عەقڵی دۆگماکراوی چەندین ساڵەی حوکمڕانیی خۆیاندا بە هاوکاریی ئەوجۆرە لە عەقڵانە، سیستمێکی نوێخوازی مۆدێرن بهێننە ئاراوە.

بـە درێـژایـی مـێـژوو عەقڵی کـوردی بـەدەوری بەردە رەشەکەی خەیاڵی خۆیدا دەسـوڕێـتـەوە بەبێ ئـەوەی پرسیارێک ئاراستەی خۆی بکات بۆ دەربازبوون لەو گێژاوە، بەڵام ئێستا گەشبینییەک بەدیبکرێت، ئاشتبوونەوەی عەقڵە نوخبەکان‌و سیاسییە ریفۆرمخوازەکانە لە دوتوێی گۆڕانی حەتمیدا لەناو دەسـەڵات‌و هەموو یەکە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەمەش دەبێت بەهەند وەربگیرێت، چونکە لە مێژوودا ئەمە بۆ یەکەمین جارە لەناو دەسەڵاتی رەهای سیاسیانەی کوردیدا لە رێگای کەسانی خـاوەن هەڵوێستی هەمیشەییەوە، لەناو ئەو دەسەڵاتانەدا، لەمجۆرە لە هەڵوێست‌و بەرهەڵستکارییە روودەدات، ئەگەر ئێمەش وەک هەموو تاکێکی ئەم گەلە ئەم هەلە نەقۆزینەوەو دەنگمان نەخەینە پاڵ دەنگی گۆڕانی دەسـەڵات، ئەوا بێگومان خیانەت لە مێژوو دەکەین‌و جارێکی دیکە هەلێکی لەمجۆرەمان بۆ هەڵناکەوێتەوە بۆئەوەی مافە خوراوەکانی خۆمانی تێدا بەدەست بهێنینەوە.

* تاریخ رنسانس، سدنی دارک، ترجمە: احمد فرامرزی، ص٤٥ انتشارات دستان ١٣٧٨

سەرپەرشتیار: مەحمود شێرزاد
بۆ پەیوەندی: km.sherzad@gmail.com